دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

چوارشەممە ١٥ی سەرماوەز ١٣٩١ _ ٥ی دێسامبر ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٧ | نرخ: ١٥٠ تمەن



**بەرزبوونەوەی پلە و پێگەی فەلەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا**

بە کۆی ١٣٨ دەنگی ئەرێ و ٤١ دەنگی بێ لایەن و ٩ دەنگی نا، پێگەی فەلەستین بۆ وڵاتێکی ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بەرز کرایەوە. مەحموود عەباس چارەسەری کێشەی فەلەستینی بە کلیلی هێوری و ئاسایش لە ناوچەکە و جیهان ناوبرد و داوای لە وڵاتانی جیهان کرد کە لەوە زیاتر ڕێگە بە حکومەتی ئیسرائیل نەدەن خوێنی خەڵکی وڵاتەکەی بە خۆڕایی بڕێژێ.



**بانگەوازی ئاشتی بۆ تورکیا و پەکەکە:**

بە دەستپێشخەری دوسمۆند توتۆ وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بانگەوازێک بۆ دەوڵەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بڵاوکرایەوە کە هەردوو لایەن شەڕ ڕابگرن و بە ڕێگای ئاشتییانە و دیالۆگ پرسەکان چارەسەر بکەن. جیمی کارتێر سەرکۆماری پێشووی ئەمەریکا، دالایلاما وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، سەرۆکۆماری ئیرلاند، شێل ماگنە بوندێڤیک، خۆزە راموس، وەرگری خەڵاتی ئاشتی نۆبێل و سەرکۆماری پێشووی تەیمۆری ڕۆژهەڵات، سەرۆکوەزیری پێشووی نورویژ، پاڤۆ لیپۆنێن سەرکۆماری پیشووی فینلاند، شێل ئولسێن، وەزیری پێشووی دەرەوەی دانمارک پشتگیری لە بانگەوازە دەکەن.

# لە هەر شوێنێک باس و بڕیاردانی جیددی لە سەر داهاتووی ئێران هەبێت، ئامادە دەبین



کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەک دا کە ڕۆژانی ٢ و ٣ ی دێسامبر پێکی هێنا، چەندین پرسی گرنگی پێوەندیدار بەم حیزبە و نەتەوەی کورد و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستە بەرباس.

ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتی سووریە و پێوەندیی لایەنە کوردییەکان لەو وڵاتە، کێشە و گرژییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، راوەستانی خەڵکی میسر بەرامبەر بە مەیلی سەرەڕۆیانەی سەرکۆمار، دانیشتنەکانی نێوان دوو لایەنی دێموکرات و پێوەندیی ئەم حیزب و لایەنە ئێرانییەکان، لەو پرس و بابەتانە بوون کە ڕێبەریی حدک، خوێندنەوە و ڕوانینی خۆی لە بارەیان خستە ڕوو. لە پێوەندی لەگەڵ دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ ئێرانییەکان دا، کومیتەی ناوەندی ئامادە بوونی حیزبی دێموکرات لە هەر شوێنێک کە باس و بڕیاری جیددی لەسەر داهاتووی ئێران هەبێت، بە پێویست زانی بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی پەیام و داوای گەلی کورد بە گوێی لایەنە ئێرانییەکان بگەیەنێ.

## بۆ جارێکی دیکەش بڕیارنامەی مەحکووم کرانی ڕێژیمی ئێران لە نەتەوەیەکگرتووەکان پەسند کرا

پەنجاو نۆیەمین بڕیارنامەی مەحکووم کرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان پەسند کرا.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە ئاگادارەکان، ئەم بڕیارنامەیە کە لە لایەن وڵاتی کاناداو بە پشتیوانیی ئامریکاو وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا پێشکەش کرابوو، بە ٨٣ دەنگی ئەرێنییەوە پەسند کرا.

نوێنەری وڵاتی کانادا لە کاتی پێشکەش کردنی ئەم بڕیارنامەیەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک خراپترین پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا ناساند.

جێی باسە کە هێندێک لە وڵاتان وەک: چین، کوباو ڕووسیە کە بۆخۆشیان وەک پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ دێنە ئەژمار، دژی پەسەندکردنی ئەم بڕیارنامەیە بوون و دەنگی نەرێنیان پێ داوە.

ئەم بڕیارنامەیە، ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی، بەهۆی بەردەوام بوونی لە جینایەتە دژە مرۆڤییەکان زۆر بە توندی مەحکووم دەکا. لەم بڕیارنامەیەدا دەستەیەک لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەم شێوەیە باسیان لێ کراوە: ئێعدامی بەکۆمەڵ و بەنهێنی، ئێعدامی منداڵان و مێرمنداڵان، ئێعدام بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ خوا، بەردەباران کردن و سزا دژەمرۆییەکان، کوشتنی زیندانیان لەژێر ئەشکەنجەدا، دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە، پێشگیری لە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەکان، پێشێلکردنی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، سانسۆر کردنی ئینتێرنێتی، پارازێت خستنە سەر تەلەویزیۆنە ماهوارەییەکان، سەرکوتکردنی پارێزەران و ڕۆژنامەوانان، هەڵاواردنی ژنان، سەرکوتکردنی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان و دەستێوەردانی سەرەڕۆیانە لە ژیانی تاکەکەسی خەڵکی وڵات دا.

## لە ماوەی ئەمساڵ دا سەدان کەس لە ئێران ئێعدام کراون

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی دووشەممە ١٣ی سەرماوەز ڕایگەیاند کە چوار کەسی دیکە لە شاری کرماشان ئێعدام کران. بەوەش ڕادەی ئەو بەندکراوانەی کە لە ماوەی ئەمساڵی زایینی دا بە شێوەی ئاشکرا و ڕاگەیەندراو لە لایەن دەزگا بەرپرسیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کراون، لە ٣٠٠ کەس تێپەڕی.

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان ڕاپۆرتێکی لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بڵاو کردەوە و تێیدا ئاشکرای کردوە کە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵی زاییندا پتر لە ٢٠٠ کەس لە لایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کراون، ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕادەی ئێعدامەکان لە ساڵی ٢٠١١ دا کە پتر لە ٦٠٠ کەس ئێعدام کران، داکشانی بەخۆوە دیتووە. لەو ٢٠٠ کەسە، ٣٠ کەسیان بە ئامادەبوونی خەڵک و لەوانە لەبەرچاوی منداڵان لە شوێنە گشتییەکان دا ئێعدام کراون و ئەو شێوازەش زیاتر بووە لە ساڵی ڕابردوو کە لەو ٦٠٠ کەسە ٤٠ کەسیان لە شوێنە گشتییەکاندا ئێعدام کران.



بە پێی ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێعدامەکان بە بیانوو و تۆمەتگەلی وەک محاربە لە گەڵ خوا، مفسد فی الارض، قاچاخی مادە سڕکەرەکان و دەستدرێژی و قەساس لە لایەن دەزگای دادوەرییەوە بەسەر بەندکراواندا دەسەپێندرێن.

ڕاپۆرتەکە هەروەها ئاماژەی بە کوشتنی بەندکراوانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان لە ژێر ئەشکەنجەدا و پێشێلکاریی بەردەوامی مافی ئەو نەتەوانە کردوە.



**سلێمانی کرایە پایتەختی ڕۆشنبیری**

پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریدا سلێمانی بکرێتە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان. ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٢/١٢/٣ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا شاری سلێمانی وەکوو شاری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان _ عێراق بناسرێ.

راگەیاندراو

## لە پیوەندی لە گەڵ پێکهاتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا

بە ئاگاداریی سەرجەم ئاستەکانی حیزب، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و بیروڕای گشتیی دەگەیەنین کە لە ڕۆژانی یەکشەمە و دووشەممە ١٢ -١٣ی سەرماوەزی ١٣٩١(٢- ٣ی دێسامبری ٢٠١٢)، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێک هات.

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب، بە بەشداریی ئەندامانی ئەسلی، جیگر و ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە کوردستان و بە بەشداریی نەزەریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، پێک هات و کۆمەڵێک پرس و ڕووداوی سیاسیی گرنگی کوردستان و ناوچەی خستە بەر باس.

لە بەشی یەکەمی دەستووری کاری ئەم کۆبوونەوەیە دا، ڕاپۆرتێک لە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و پرس و ڕووداوە گرنگەکانی ئێران وناوچە، پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە ئێرانییەکان و هەر وەها ڕەوتی دانیشتنەکانی هەر دوو لای دیموکرات،لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز خالید عەزیزی، پێشکەشی بەشداران کرا. پێویستە بگوترێ لەم بەشەی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، بێجگە لە ئەندامانی ڕێبەری، بەرپرسانی کۆمەڵێک لە ئۆرگان و ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەشدار بوون، کە ئەم باسە بە بەشداریی چالاکانەی ئامادەبووان، هەڵسەنگێندرا و دەولەمەند کرا.

ئاڵوگۆڕەکانی سووریە لەو بابەتانە بوون کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان خستنیە بەر باس.لەم پێوەندییەدا، وێڕای ئاماژە بە ڕیزبەندییە ناوچەییەکان کە ململانێی خۆیان لە سۆنگەی قەیرانی ئەو وڵاتەوە دەبەنە پێش، تەئکید لە سەر دوو خاڵی گرنگ کرایەوە : یەکەم، کێشەی سەرەکی لەو وڵاتە لە نیوان خەڵکی وەزالەهاتوو لە دەیان ساڵ دیکتاتۆری لە لایەک و ڕێژیمی سەرەڕۆ وخوێنڕێژی ئەسەد لە لایەکی دیکەوەیە. هەر بۆیە، مافی بێئەملاو ئەولای خەلکی ئەو وڵاتەیە کە نیزامێکی دیموکراتیک لە جێگای ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێستا بێننە سەرکار و ئەم مافەش نابێ ببێتە قوربانیی ململانیی هیچ هێز و لایەنێکی ناوچەیی و جیهانی. دووهەم، ڕۆڵ و شوێنی خەڵک و لایەنە کوردییەکان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستا و جێگە و پێگەی داهاتووی کورد لەو وڵاتە لە ئاکامی گۆڕانەکان دایە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە باسەکەی خۆی دا، پاوانخوازی، یەکترپەراویزخستن، ململانێی نارەوا و سەرقاڵبوون بە ئاڵۆزی و گرژییی نێوخۆیی لایەنە کوردییەکانی لەم هەلومەرجە دا بە زیانبار زانی و جارێکی دیکە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکانی خۆراوای کوردستانی بە زامنی سەرکەوتن، لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەر جۆرە ئەگەر و پێشهاتێک دا، زانی.

ل ٤

وتووێژ



**مستەفا شەڵماشی:**
**لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا ناکرێ لە ژێر دروشمی هەڵبژاردنی ئازاددا هەموو مەسەلەکانی دیکە بشارێوە**

٥

سیاسی



**١٦ی سەرماوەز و بزاڤی خوێندکاریی کورد**

٦

ژنان



**ژنان قوربانیانی «پیاو»ەتی ئایین، نەریت و...**

٨

بیروڕای ئازاد



**دەکرێ تورکیە ببێ بە پشتیوانی کوردەکانی عێراق**

٩

کولتووری



**مەرگی بێدەنگ (خەسارناسیی زمانی زگماکی لە نێو کوردەکانی باکووری خوراسان)**

١٠

## هەیئەتێکی ڕێکخراوی «جێنێڤا کاڵ»
## سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد



له سەردانی ڕێکخراوی «جێنێڤا کاڵ» دا لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەم حیزبە بە شێوەی فەرمی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ کە ١٤ی مانگی دێسامبر لە ژنێڤ بەڕێوە دەچێ، بانگهێشت کرا.

بەیانیی ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٩١ (١ ی دێسامبری ٢٠١٢)، هەیئەتێکی ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ (جێنێڤا کاڵ) پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ پاسکال بۆنیارد، بەرپرسی گشتیی مەئموورییەتەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە وڵاتانی جیهان و مەندۆ باڵچی، لێپرسراوی پرۆگرامی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو ڕێکخراوە، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپرستیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و بە هاوڕێیەتیی بەڕێزان حەسەن قادر زادە ئەندامی دەفتەری سیاسی، خەجیجە مەعزووری و برایم چووکەلی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە تایبەت بوو بە قوولکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێکخراوی جنێڤا کاڵ، بەرنامەکانی داهاتووی ئەو ڕێکخراوەیە لە بواری پرۆگرامە نێونەتەوەییەکانی پەرەپێدان بە یاسای مرۆڤدۆستانە لەلای هێز و لایەنە چەکدارەکان و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی دنیادا تاوتوێ کرا.

لەو پێوەندییەدا بە وەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتنێک کە پێشتر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ قەدەغەکردنی مینە تاکەکەسییەکان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا ئیمزای کردووە، هەیئەتی ڕێکخراوی «جنێڤا کاڵ» کۆمەڵێک پێشنیاری تازەیان لەپێوەندی لەگەڵ دەروەست کردنی هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێندێک بواری دیکەی وەک قەدەغەکردنی چەکدارکردنی منداڵان و قەدەغەکردنی توندوتیژی بەدژی ژنان لە پەراوێزی شەڕو ناکۆکییە چەکدارییەکاندا خستە بەردەم هەیئەتی حیزبی دیموکڕات.

بۆ ئەو مەبەستەش نوێنەرانی ڕێکخراوی جنێڤا کاڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ لەو بوارانەدا کە ١٤ی مانگی دێسامبر لە ژنێڤ بەڕێوە دەچێ، بەڕەسمی دەعوەت کرد. لە کۆتاییدا سەبارەت بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا هەماهەنگیی پێویست کرا.

## لە دانیشتنێکی نێوان حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە تەئکید لە سەر کاری هاوبەش کرایەوە



هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەی هەر دوو لایەن دا کۆمەڵێک پرسو بابەتی پەیوەندیدار بە ئێرانو رۆژهەلاتی کوردستان هاتنە بەر باسو بە تایبەت کۆمەڵێک تەوەری هاوبەش بە هەر دوو حیزبو رۆژهەلاتی کوردستان تاوتوێکران.

هەر دوولا تەئکیدیان لە سەر کاری هاوبەش کردەوە لەپێناو خستنەرووی کیشەو گرفتەکانی رۆژهەلاتی کوردستانو پرسی کورد لە ئێرانو هاوکات ئەوە دووپاتکرایەوە کە پاراستنی نێومالی کوردو یەکخستنی توانا هاوبەشەکانیان لە ئەولەوییەتی کارەکانیان دا دەبێت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە هەر دوو وەفدی حیزبی دیموکراتو کۆمەلە درێژەدان بە کوبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان هەر دوو حیزبیان بە پیویست زانی لە پێناو کۆکردنەوەی پتانسیەلو تواناکان بۆ کاریگەریی زیاتر لە راستای کاری هاوبەش دا.

ئەم دیدارو کۆبوونەوە دوای سەردانێکی وەفدێکی نوێنەرایەتی شاری سلێمانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی کەریم سەقزی نوێنەری حیزب، بۆ نوینەرایەتی کۆمەلەیزەحمەتکیشانی کوردستان لە شاری سلێمانی هات کە لەلایەن عەبدوللا کۆنەپۆشی نوێنەری کۆمەلەو وەفدی هاورێی پێشوازییان لێکرا.

## هەیئەتێکی سەرکردایەتیی حیزبی ئایندەی کوردستان، لە گەڵ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ بۆوە



کوردستان و کوردنیوز: پێشنیوەڕۆی پێنجشەمە ٢ی سەرماوەز(٢٢ی نوڤەمبری ٢٠١٢) هەیئەتێکی سەرکردایەتیی حیزبی ئایندەی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز قادر عەزیز سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد.

هەیئەتی حیزبی ئاینده له لایەن کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کەسایەتییەکانی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکرات، پێشوازیی لێکرا.

هەر دوو ڕێبەریی حیزبی ئاینده و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دانیشتنێکی دۆستانە دا وێڕای تاو وتوێکردن و بەرزنرخاندنی پیوەندییەکانی دوو حیزب، بە تایبەتیی پێوەندیی لە مێژینەی بەڕێز قادر عەزیز لە گەڵ حیزبی دیموکرات و کەسایەتییەکانی، بیروڕا و خوێندنەوەی خۆیان لە سەر ڕووداو و پرسە گرنگەکانی کوردستان، خستە ڕوو.

تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکانی ئەم دانیشتنە سیاسیە ، بریتی بوون لە چییەتیی ریزبەندی و ململانێیە سیاسییەکانی ناوچەکە، پرسی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وبارودۆخی ئێستا ی عێراق و گرژی و ئالۆزییەکان لە پێوەندیی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیدا. هەر دوو لا لە سەر ئەوە پێداگربوون کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دەبێ بە پێی بەرژەوەندە نەتەوەییەکانیان، جێگە و پێگەی خۆیان لە ریز بەندی و ململانێیەکانی ناوچە دا ، دەست نیشان بکەن و بۆ جێگیر کردن و بەدەستهێنان و پاراستنی ئەم بەرژەوەندانەش، بەر لە هەر فاکتەرێکی دیکە، پێویستە بە پشتیوانیی نەتەوەکەی خۆیان و بڕیار و ئیرادەی گەلی خۆیان دڵگەرم و پشتئەستوور بن.

ڕێبەریی حیزبی ئاینده و حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای تەئکیدکردن لە سەر پێویستیی دەخالەت نەکردنی هێزە سیاسیەکانی هەر بەشێکی کوردستان لە بەشەکانی دیکە دا، پشتیوانیی سیاسی و نەتەوەیی لە بزووتنەوەی کورد و هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیان، بە کارێکی پیویست زانی و خوازیار و داواکاری هاوپێوەندیی نەتەوەیی و پێوەندیی دۆستانە وخەباتکارانە بوون.هەر دوو لاش لە سەرپێویستی و بە سوودبوونی ئەم جۆرە دیدار و دانیشتنانە و ئالوگۆڕی خوێندنەوە وبۆچوونەکانیان، پێیان داگرتەوە.

## کۆنفڕانسی لایەنە کوردییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە بریتانیا بەڕێوەچوو



ڕۆژی پێنجشەممە ڕیکەوتی ٢٢ی نوڤەمبری ٢٠١٢ی زایینی کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لە بنکەی کۆمەڵەی کارگەری کورستان(کۆمکار)، کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێک هات.

مەبەست لەم کۆبوونەوەیە نۆژەن و تازەکردنەوەی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانییەکان بوو بۆ قۆناغێکی نوێ لە چالاکبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیە دا پاش باس کردن لە کاروچالاکییەکانی ڕابردوو و هەروەها تاوتوێ کردنی ڕەخنەو پێشنیاری بەشداران، گشت لایەنەکان بەتێکڕای دەنگ لە سەر کۆمەڵە بڕیارێکی هاوبەش بۆ دەسپێکی کارو چالاکییەکانی داهاتوویان ساغ بوونەوە.

پێویست بە ئاماژە پێدانە لەم کۆبوونەوەیەدا بە تێکڕای دەنگی لایەنە بەشدارەکان، بەڕێز ئێحسان قادر، وەک ووتەبێژی کۆمیتەکە هەڵبژێردرایەوەو هەروەها لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێزان؛ مەولود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا و فەرزاد حیکمەت، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون.

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەڕیوەبەریی ڕێکخراوە سینفییەکان کۆبۆوە



کوردستانوکورد نیوز: پێشنیوەڕۆی پێنجشەمە ٩ی سەرماوەز( ٢٩ی نوڤەمبری ٢٠١٢) لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ڕێکخراوە سینفییەکانی سەر بەم حیزبە کۆ بۆوە.

بنیاتی ڕێکخراوە سینفی و دیموکراتییەکانی حیزبی دیموکرات، بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، ناوەندی منداڵپاریزی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنجومەنی بەرگری لە بەندییە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، لە گەڵ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوە.لەم دانیشتنە دا کە بەڕێزان خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە ئامادە بوون، کۆمەڵێک پرس و بابەت هاتنە بەر باس و ئالوگۆڕی بیرورایان لە سەر کرا.

لە سەرەتای دانیشتنە هاوبەشەکە دا، سکرتێری گشتیی حیزب باسی لە گرنگیی کار و تێکۆشانی ریکخراوە سینفییەکان و فەلسەفەی بایەخدانی ڕێبەریی حیزب بەم ڕێکخراوانە وئازادیی کردەوەی نیسبیی ریکخراوەکان کرد و روونیشی کردەوە کە ئەم ڕێکخراوانەش، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەبێ ئەولەوییەت و ئەرکی سەرەکیان، بایەخدان بە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەیان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ. دواتر بەڕێز عەزیزی، وێڕای تیشک خستنە سەر کۆمەڵێک ڕووداو و پرسی سیاسیی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و خوێندنەوە و ئەرک و هەڵوێستی حیزب بەرامبەریان، کۆمەڵێک راسپاردە و رینوێنیی بۆ بەرەوپێشچوونی چالاکیی ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوهەنگاویان لە گەڵ یەکتر و لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان خستە ڕوو.

پاشان تێکۆشەری دیرین و سیمای ناسراوی دیموکرات، بەڕیز جەلیل گادانی بەرپرسی ئیفتیخاریی ئەنجومەنی بەندییە سیاسییەکان، کۆمەڵێک راوسەرنجی خۆی بۆ بەرەوپیشجوونی کاروباری ڕێکخراوە سینفییەکان بە تایبەتی ئەنجومەنی بەرگری لە بەندییە سیاسییەکان باس کرد. لە درێژەی دانیشتنەکە دا، بەرپرسان و ئەندامانی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوە سینفییەکان، وێڕای ئاماژە بە بەشێک لە کارو تێکۆشانی ئەم دواییانەیان، داوا و پێشنیار وپرسیارەکانی خۆیان خستە ڕوو.

لە دوا بەشی کاری ئەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای خستنەرووی روونکردنەوەی پێویست، بە سەرنجدان بە ئەرک و رەسالەتی خودی ڕێکخراوەکان و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیان و فەلسەفەی پشتیوانیی حیزبی دیموکرات لەوان، بەرپرسیارەتیی ڕێکخراوەسینفییەکانی حیزب و پابەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانیی خۆی لەو ڕێکخراوانەی دووپات کردەوە و لە سەر ئامادەیی ڕێبەریی حیزب بۆ هاوکاریی هەمەلایەنەی ئەو ڕێکخراوانەی پێی داگرتەوە .

## دیداری هەیئەتێکی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی نوڤەمبری ٢٠١٢ی زایینی هەیئەتێک بەنوێنەرایەتی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانیەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیایان کرد و لەلایەن بەرێز گریک شاپلەند سەرۆک و بەرپرسی لێکۆلەرەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، و هەیئەتێکی ئەو وەزارەتخانەیە بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

سەرەتا لە لایەن وتەبێژی کۆمیتە بەرێز ئیحسان قادرەوە هاوڕێیانی بەشدار لەو هەیئەتە دا ناسێندران و پاشان کورتە ڕاپۆرتێکی لە سەر باردۆخی هەرچوار پارچەی کوردستان پێشکەش کرد. ئینجا هاوکات لەگەڵ تاوتوێکردنی کیشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە، داوای پشتیوانی و گەرانتی لە بریتانیا و ئەورووپا و ئەمریکا بۆ دۆزی ڕەوای کوردی کردە تەوەرێکی دیکەی قسەکانی.

هەرەشەکانی حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە هەرێمی کوردستان و ڕەت کردنەوەی هەر جموجۆلێکی سەربازی بۆ سەر باشووری کوردستان و پابەند بوون بەدەستوری عێراقی فیدرال و هەروەها بارودۆخی سووریە بە گشتی و ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەتی، بابەتێکی تری دانیشتنەکە بوو، کە هەیئەتی کۆنفڕانسی پارتە کوردستانیەکان، لە ڕێگەی بەرێز شاپلەندەوە داوای پشتگیریان کرد بۆ بنیات نانی سووریەیەکی دێموکراتیک کە تێیدا گەلی کورد بتوانێ هەرێمێکی فیدرالی هەبێت و خۆی کارەکانی بەڕیوەبەرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنە دا نوێنەرانی بەشدار داوایان لە کاربەدەستانی بریتانیا کرد کە هەوڵی گرتنی کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بدەن.

جێگەی ئاماژەیە کە لە لایەن هەیئەتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە چەندین پرسیار ئاڕاستەی نوێنەری پارتە کوردستانیەکان کرا کە بە وردی وڵامیان درایەوە.

پێویست بە وتنە کە بەرێز مەولود سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکی فەلەستین



**سەرۆکی دەوڵەتی فەلەستین،**
**جەنابی مەحموود عەباس!**
**لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،**

پێم خۆشە لە لایەن خۆم و بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی بەرزبوونەوەی پلە و جێگە و پێگەی وڵاتەکەتان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی ئێوە و لە ڕێگای ئێوە پێشکەشی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین وسەرجەم خەڵکی خۆراگر و مەینەتچێشتووی وڵاتەکەتان بکەم.

نەتەوەی کورد بە گشتی، و گەلی کورد لە ئێران بە تایبەتی، کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، لە گەڵ هێرش و لەشکرکێشیی داگیرکەران و زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانیان، بەرەوڕوو بوون و وەک نەتەوەیەک لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەش کراون، زۆر بە باشی هەست بە ئازار و تاڵییەکانی خەڵکی ئێوە دەکەن. بۆیە بەم سەرکەوتنە سیاسی ودیپلۆماتیکیە نوێیەی دەوڵەت و وڵاتی فەلەستین، کە لە گەڵ پشتیوانی و پێشوازیی جیهانی بەرەوڕوو بووە، خۆشحاڵن. حیزبی دیموکراتی کوردستان، هیوادارە مەوقعیەتی تازەی فەلەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، هاندەر و یارمەتیدەری ئێوە ودەولەت و خەڵکی ئیسرائیل و کۆمەڵگەی جیهانی بێت بۆ ئەوەی دوو نەتەوە و دوو وڵاتی فەلەستین و ئیسرائیل،لە تەنیشت یەکتر لە سێبەری ئاشتییەکی دادپەروەرانەدا،بژین.

بە هیوای بەرەوپێشچوونی ئیرادەی پێکەوەژیانی بە ئاشتی ودادپەروەرانە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و بە ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر بۆ سەرجەم نەتەوە بندەست و دابەشکراوەکانی ناوچە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**
**خالید عەزیزی**
**٢ی دیسامبری ٢٠١٢**
**١٢ی سەرماوەزی ١٣٩١**

# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی دژبە تووندوتیژیی دژی ژنان لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان







بە ئامادەبووبوونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆڕێکی تایبەت بە ڕۆژی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژیی دژی ژنان بەڕێوەچوو.

پێشنیوەڕۆی یەکشەممە ٥ی سەرماوەز بەرامبەر بە ٢٥ی نوامبر، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی، ژمارەیەک لە کەسایەتی و تێکۆشەرانی ڕیزەکانی حیزب، ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەران و چالاکانی پرسی ژنان لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی دژبە تووندوتێژیی دژی ژنان، کۆڕێک بۆ بەڕێزان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و تانیا محەممەد، پارێزەرو شارەزای کەیسی توندوتیژی، پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەم کۆڕەدا کە لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێک هاتبوو، بەڕێز حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، بەیاننامەی ٦ ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خوێندەوە کە بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر، بە شێوەی هاوبەش دەریان کردبوو.

پاشان هەر بەم بۆنەوە کورتە بەرهەمێکی تەسوێریی کوردکاناڵ نیشانی بەشداربووان درا کە لە لایەن کوردکاناڵەوە ئامادە کرابوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆڕەدا بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بابەتێکی لە ژێر ناوی «جۆرەکاکانی توندوتیژی، هۆکارەکان، چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەیان»ی پێشکەش کرد.

کۆڕگێڕ لە سەرەتای باسەکەیدا بە وەبیرهێنانەوەی کورتە مێژوویەک لە ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٦٠ و دواتر ساڵی ١٩٨١ کە وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی دژبە تووندوتێژیی دژی ژنان، تۆمار کراوە، پێناسەیەکی کورتی لە توندوتیژی کردو دواتر چووە سەر ناوهێنان و باسکردن لە جۆرەکانی توندو تیژیی دژ بە ژنان.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا قادر وریا بە وردی باسی لە هۆکارو بەستێنەکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان کرد، لە دوایین بەشی باسەکەیدا لە پیوەندی کە گەڵ چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم دیاردە جیهانییەی دژ بە ژنان(توندوتیژی) و ڕێکارەکانی، قسەی بۆ بەشداربووانی کوڕەکە کردو لەم نێوەدا ئەرکی میدیا، بنەماڵە و سیستمی پەروەردەی بە گرینگ وەسف کرد.

کورگێڕێکی دیکەی ئەم کۆڕە تایبەتە، خاتوو تانیا محەممەد، پاریزەرو شارەزا لە کەیسی توندو تیژی، لەم پێوەندییەدا باسێکی تایبەتی پێشکەش کرد.

خاتوو تانیا لە سەرەتای باسەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە هێندێک دەستەواژەی پیاوانەی نێو ئەدەبیاتی ڕۆژانەی کوردی کە خەڵک ڕۆژانە بە هەڵە بەکاریان دێنێ، باسی لە توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە ئەدەبیات و زمانی کوردی دا کرد.

ناوبراو بە ئاماژەدان بە هێندێک دەستەواژەی وەک «پیاوانە ژیان»، «دەبێ پیاو بێ»، «دەڵێی ژنی دەگری»و...... باسی لەو بێ ڕیزی و توندوتیژیانە کرد کە ڕۆژانە تاکی کورد بە بەکارهێنانیان تووشی ئەم هەڵانە دەبن و راستەو خۆ ناراستەوخۆ توندوتیژی دەرحەق بە ژنی کورد ئەنجام دەدرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا خاتوو تانیا باسی لە شوێنەواری ڕەوانی و دەرونیی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە لە سەر کەسایەتیی تاکی کورد لە کۆمەڵگادا کرد.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بەرێزیان ئاوری لەو بڕگە یاساییانەی دایەوە کە لە یاسای بنەڕەتیی هەریمی کوردستان دا لە پێوەندی لە گەڵ توندو تیژیی دژی ژنان کاری پێدەکرێ.

تانیا محەممەد، وەک پارێزەرێکی کەیسی توندوتیژی دژی ئافرەتان ڕەزامەندی خۆی لە سەر ئەم بڕگە یاسایانە دەربڕی، و بەڵام پێی وابوو خۆدی کەسایەتیی تاکی ژنی کورد تا ئێستاش نەیتوانیوە لەم برگە یاسایانە کە پارێزگاری لەو دەکەن کەڵکی پێویست وەرگرێ و وتی کە ژنی کورد تا ئێستاش جورئەتی ئەوەی نەکردوە کە بۆ دیفاع لە خۆی پشت بەم یاسایانە ببەستێ.

لە دوایین بەشی باسەکەیدا خاتوو تانیا محەممەد باسی لە چۆنیەتی بەرەنگاریی توندوتیژیی دژی ژنان کردو هیوای خواست کە ژنی کوردیش بتوانێ بە پشت بەستن بە بڕگە یاساییەکان و ناوەندە دادوەرییەکان بۆ دیفاع لە کێشەکانی خۆی هەنگاوی پێویست هەڵێنێتەوە.

# بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان سمینارێک لە وڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی نوامبری ٢٠١٢ی زایینی، ڕێکخراوی مافی ژنی کورد لە بریتانیا سمینارێکی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە یەکێک لە هۆڵەکانی باکووری ڕۆژئاوای شاری لەندەن بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا بەڕێزان؛ خاتوو سارا محەمەدی پارێزەر و چالاک لەبواری مافی ژنان، دیانان نامی، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافی ژنانی ئێرانی و کوردی و گۆنا سەعید، بەرپرسی زانیاری و گەشەپێدان لە ڕێکخراوی ژنانی کورد و خۆرهەلاتی ناوەراست لە بریتانیا، چەند باسێکی تایبەتیان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی دژ بە توندوتیژیی دژ بە ژنان پێشکەش کرد.

لەو سمینارە دا هەر یەک لەو بەڕێزانە، وەک پانێلگێر، چەندین بابەتی گرینگیان تایبەت بە ڕەوشی ژنان لە کوردستان و هۆکار و جۆری ئەو توند وتیژیانەی کە لە هەمبەر ئەو توێژە گرینگەی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارە دا چەندین بابەتی دیکە هاتنە بەرباس کە بریتین بوون لە:

ئامارێکی تێروتەسەل سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان لە جیهان، هێنانەوەی چەند نمونەیەک لەسەر توندو تیژی لەسەر ژنان لە کوردستان، شیکردنەوەی یاسای مەدنیەتی ئیرانی و کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتی مامەڵەی دواودەزگاکانی ئەو ڕێژیمە دژی ئازادییە لەگەڵ ژنان و کچانی ئەو وڵاتە دا.

بەشێکی تری سمینارەکە تەرخان کرا بۆ ڕاوبۆچوون و پرسیار و وڵامی بەشداران، کە لەلایەن پانێلگیرانەوە وڵامیان درایەوە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو سمینارە ڕاستەخۆ لە ڕێگەی هێڵی ئینتێرنیتەوە بڵاوکرایەوە.

# به بۆنەی ٢٥ی نوامبر، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمینارێکی هاوبەشیان بەڕێوەبرد

سێمیناری «ئەزموونە تاڵەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران» لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سوئێد بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە ٢٤ی نوامبری ٢٠١٢ لە لایەن ٨ ڕێکخراوی ژنانی کوردی ڕۆژهەڵات، سێمینارێک لە ژێر سەردێڕی «ئەزموونە تاڵەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران» لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سوئێد بەڕیوە چوو.

ئەم هاوکاری و بەرنامە هاوبەشە کە بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان بەڕێوە چوو، بایەخێکی تایبەتی دابوو بە گێرانەوە و کۆکردنەوەی بەسەرهاتەکانی ژنان و وێناکردنی جۆری توندوتیژی دەوڵەتی کە ژنانی کوردی زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تەجرەبەیان کردبوو.

لە سەرەتای ئەم سمینارەدا دوای ڕاگرتنی ساتێک بێ دەنگی و بەخێرهاتن کردنی میوانان و بەشداران لە لایەن خاتوو ئاوارە جەلالی، پارچە مۆسیقایەک لە لایەن کاک فەریبۆرزی فەخارییەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی پێکهێنەری بەرنامەکە لە لایەن خاتوو ناهید موکری خوێندرایەوە.

دواتر پارچە پەخشانێک لە لایەن خاتوو زیبا سەرەوەییەوە پێشکەشی بەرنامەکە کرا.

لە بەشی پانێل گێراندا، ٦ چالاکی مافەکانی ژنان، بەڕێزان؛ مینا لبادی، شیرین جەلالی، شۆعلە قادری، نگین شێخولئیسلامی و گوڵالە شەرەفکەندی، لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لە گەڵ توندوتیژیی دژ بە ژنان، بەشێک لە ئەزموونەکانی ژیانی خۆیان وەک ژنی کورد پێشکەش بە بەشدارانی سمینارەکە کرد.

لە درێژەی سمینارەکە هەردوو بەڕێزان خاتوو پرشنگ محەمەدی و خاتوو کوێستان داودی هەر لە پێوەندی لە گەڵ ئەمرۆژەدا چەند بەشێک لە بەسەرهاتی ژیانی خۆیان وەک ژنی کورد بۆ بەشداران باس کرد.

لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا چەند کەسێک لە بەسدارانی سمینارەکە بە هێناگۆری تێبینی و پرسیارەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ باسە پێشکەس کراوەکاندا بیرو بۆچوونی خۆیان خستە ڕوو و هەوڵی دەوڵەمەندترکردنی سمینارەکەیان دا.

دوا بەدوای پانێل نۆرە گەیشتە بەشداران کە پرسیارو تێبینیەکانی خۆیان بێننە بەرباسو هەر وەها پشتیوانیی خۆیان لە زیندانیانی سیاسی دووپات کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی سمینارەکەدا، خاتوو شەهین شەهلایی پەخشانە شێعرێکی شاعیر مامۆستا ناسر حیسامی خوێندەوە.

دوا بەشی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بە پێشکەش کردنی چەپەکە گوڵ بۆ بەشدارانی پانێلو نوێنەری هەرکام لە ڕێکخراوەکانو هەر وەها ڕێزلێنان لەو کەسانەی کە لە ماوەی ژیانیان دا تووشی زیندان هاتوون.

پێویست بە ئاماژەیە کە بەشێکی بەرچاو لە حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە بۆنەی ٢٥ نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگار بوونەوەی



توندوتیژی لە دژی ژنان پەیامیان بۆ هەیئەتی ئامادەکاری بەرنامەکە ناردبوو کە بریتی بوون لە:

حێزبی دێموکراتی کوردستان
حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان
کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان
کۆمیتەی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان

دوایین برگەی ئەم سمینارە بریتی بوو لە کۆکردنەوەو ئاکامی وەرگرتن لە باسە بابەتە پێشکەشکراوەکان لە لایەن بەڕێز خاتوو گوڵرۆخ قوبادی.

شایانی ئاماژەپێدانە کە ڕێکخراوەکانی پێکهێنەری ئەو بەرنامە هاوبەشە بریتی بوون لە:

یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان
یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوەی ژنانی کورد لە ئۆپسالا
کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات
ڕێکخراوەی ژنانی ئازەرمێهر
ڕێکخراوەی ژنانی کۆمەڵەی زحمەتکێشان
ژنانی ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە
ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد

# کۆڕێک بۆ تێکۆشەرێکی دیموکرات لە زانکۆی راپەڕین لە بارەی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان

کوردستانوکوردنیوز: پێشنیوەڕۆی دوو شەممە ٣ی دیسامبری ٢٠١٢(١٣ی سەرماوەزی ١٣٩١) بەشی کوردیی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی ڕاپەڕین، لە شاری ڕانیە، کۆڕێکی بۆ قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێک هێنا. ئەم کۆڕە لە چوارچێوەی «هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان» و لە ژێر دروشمی « لە ئاشتیی ماڵەوە بۆئاشتیی کۆمەڵگا» دا پێک هاتبوو و بەشێک بوو لە چالاکییەکانی کەمپەینی ١٦ ڕۆژە(لە ٢٥ی نوڤامبرەوە بۆ ١٠ی دیسامبر). بەشداران و ئامادەبووانی کۆڕەکە بریتی بوون لە کۆمەڵێک لە مامۆستایان و خوێندکارانی سکولی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی ڕاپەڕین.

مامۆستا ی زانکۆ، قادر وریا لە باسەکەی دا، وێڕای شیکردنەوەی جۆرەکانی توند وتیژی بەرانبەر ژنان ، بەستێنەکانی دروستبوونی ئەم جۆرە توند و تیژییە و هەر وەها هۆکارەکانی پەرەئەستاندنیان لە بنەماڵە و کۆمەڵی دا، دەستنیشان کرد. لە تەوەرێکی دیکەی باسەکە دا، کۆڕگێڕ،چووە سەر چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان و لە چوار ئاستی تاکەکەسی، بنەماڵە، کۆمەڵگە و دەسەڵات دا، ئاماژەی بەو ئەرک و هەنگاوانە کرد کە بە نۆرەی خۆیان، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توند وتیژی و ڕووداو و کارەساتی دڵتەزین لە دژی ژنان. برەوپێدانی کولتووری یەکسانیخوازی و ڕێز گرتن لە ژنان و کچان لە نێو بنەماڵەدا ، یەک لەو کار و ئەرکە پێویستانەیە کە کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگەی پڕ لە توند و تیژی دەبێت. لە ئاستی کۆمەڵگەش دا، حیزبەکان، ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکان، دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیاکان، توێژە ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخوازەکان، کەسایەتییە فەرهەنگی، ئایینی و کۆمەلایەتییەکان، دەبێ هیممەت و جورئەتی بەرەنگاربوونەوەی کولتوورو عەقڵییەتی ژنکوژ و توندوتیژخواز و چەوسێنەریان هەبێت و بەرەنگاری ببنەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و مامۆستای زانکۆی ڕاپەڕین، دواتر ئەرک و بەرپرسیارەتیی دەسەلات (هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕیوەبەری و قەزایی) و دامودەزگا حکوومەتییەکان بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە وفێرکردنی لەم پیوەندییە دا وەبیر





هێنایەوە و داواشی لە مامۆستایان و خوێندکاران کرد، پێشەنگ بوون لە ئەرکی پیرۆزی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی بەرانبەر ژنان، بە ئەرکی خۆیان بزانن و لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵدا، کاری بەر ەوامی بۆ بکەن.

لە درێژەی کۆڕەکە دا بەشداران بە سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکان، باسەکەیان دەولەمەند کرد. هەر لە چوارچێوەی ئەم چالاکییەدا، خوێندکار تروسکە قادر، شێعرێکی پێوەندیدار بە ژیانی پڕکارەساتی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ بەشداران خویندوە. دوا بڕگەی ئەم چالاکییە، پێشاندرانی کورتە فیلمی «ئاوس» بوو کە چیرۆکی گوشەیەک لە ستەم و دڵرەقیی کۆمەڵگەی پیاوسالار بەرامبەر ژنانی دەگێرایەوە.

**درێژەی:**

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لە گەڵ پێکهاتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا

هەر لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵوێستەی لە سەردوو ڕووداوی گرنگ کرد. یەکەمیان بەرزبوونەوەی ئاست و جێگە و پێگەی وڵاتی فەلەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم دوایانە دا بوو. کۆمیتەی ناوەندی وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لەم سەرکەوتنە سیاسی ودیپلۆماتیکیە نوێیەی دەوڵەت و وڵاتی فەلەستین، هیوای دەربڕی کە مەوقعیەتی تازەی فەلەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، هاندەر و یارمەتیدەری دەوڵەت و خەلکی فەلەستین و ئیسرائیل و کۆمەڵگەی جیهانی بێت بۆ ئەوەی دوو نەتەوە و دوو وڵاتی ناوبراو،لە تەنیشت یەکتر لە سێبەری ئاشتییەکی دادپەروەرانەدا،بژین. دووهەم، ئالوگۆڕ،کە کۆمیتەی ناوەندیی دایە بەر سەرنج، هاتنەوە مەیدانی خەلکی میسر بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ مەیل و ئیرادەی سەرەڕۆیانە و دیکتاتۆرانە و، داکۆکییان لە دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەیان بوو.ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم ڕووداوەی بە موسبەت و بە نیشانەی تەسلیمنەبوونی خەلکی ئازادیخواز لە بەرامبەر مەیل و ئارەزووی ئەولایەنانە دانا کە شۆڕش و ڕاپەڕینیان تەنیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەلات بە قازانجی خۆیان و گەرانەوە بۆ دواوە دەوێت. ئەمەش دەتوانێ پەیامێکی گرنگ بۆ سەرانسەری ناوچەکە بێت.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، کێشە و گرژییەکانی نیوان حکوومەتی هەرێم و دەولەتی ناوەندیی عێراقیشی خستە بەر باس. لەم پێوەندییەدا، وێڕای لێکدانەوەی بەستێنەکان و پاڵنەرە نیوخۆیی و ناوچەییەکانی دەولەتی ناوەندی بۆ جۆری تەعامول لە گەڵ هەرێمی کوردستان و چاوخشاندنەوەی بە پێوەندییەکانی نیوان بەغدا و هەریم، و پشتبەستنی بە فاکتەری هیز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کانی جێی ناکۆکی، پێوەندیی ئەم قەیرانە بە چارەنووسی چاوەڕوانکراوی ڕێژیمی سووریە و گرنگیی ڕۆڵی هەریمی کوردستان لە هاوسەنگییەکانی ناوچە دا، قسەیان لە سەر کرا. کۆمیتەی ناوەندی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن و گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ڕێکخستنەوەی عێراقی تەوافوقیی نوێ و پابەندبوون بە فیدرالیەت و بەرپرسیارەتیی هاوبەشی لایەنەکان، بە تایبەتی بەرپرسیارەتیی دەولەتی ناوەندی لە ئاست کۆمەڵێک کێشەی دواخراو و هەڵپەسێراوی پێوەندیدار بە نەتەوەی کوردی بە ڕێگای دروستی نەهێشتنی گرژی و قەیران و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان،

**کۆمیتەی ناوەندی، ئامادەبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، یا کۆبوونەوەکانی پیوەندیدار بە داهاتووی ئێران و ڕوانگە و گوتار و پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دروست و هەر لەو کاتە دا بە پێویست زانی**

زانی.

لە درێژەی باسەکانی بڕگەی یەکەمی دەستووری کاری کۆمیتەی ناوەندی دا، پیوەندییەکانی نیوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە ئێرانییەکان، قسەیان لە سەر کرا. کۆمیتەی ناوەندی، ئامادەبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، یا کۆبوونەوەکانی پیوەندیدار بە داهاتووی ئێران و ڕوانگە و گوتار و پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دروست و هەر لەو کاتە دا بە پیویست زانی. لە ڕوانگەی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، چالاکانی سیاسی و نوخبەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و دژکردەوە نیشاندانیان بەرامبەر چەند و چۆنی دانیشتنی کوردەکان و ئێرانییەکانی، ئەگەر چی جۆرێک داوەریی بە پەلە یا حوکمدانی نارەوا بەرامبەر حیزب و ڕیکخراوە کوردییەکانیشی لە گەڵ دا بێت، بە خاڵێکی موسبەت دانا. تەئکیدیشی کردەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە نۆرەی خۆی دەبێ هەول بدا، لە هەر شوێنێک کە باس و بڕیاردانی جیددی لە سەر داهاتووی ئێران هەبێت، حوزووری هەبێ تا ویست و پەیامی خەلکی کوردستان بە سەراحەت بێنێتە بەرباس و ڕابگەیەنێ کە خەڵکی کوردستان، چی دیکە پەراویزخران، قبوول ناکەن ومل بۆ داهاتوویەک نادەن کە بە ئەنقەست، ئەوان لە بنیاتنانی دا هەلاوێردرابن.

لە پێوەندی لە گەڵ دانیشتنەکانی نیوان هەر دوو لایەنی دیموکراتیشدا، دەفتەری سیاسی و ئەندامانی هەیئەتی حیزب بۆ وتوویژی نیوان دوو لایەن، ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوەی خۆیان لە بارەی ڕەوتی دانیشتنەکان پێشکەش کرد. بە هەلسەنگاندنی ڕێبەریی حیزب، دانیشتنەکان، لە گەڵ ئەوەی سەرەتای ئەم ڕەوتە پێک دینن، بەلام بە باشی چوونە پێش. لەم بارەیەوە ، کۆمیتەی ناوەندی هەم بۆ لێک تێگەیشتن لە ویست و داخوازی یەکتر، هەم بۆ دروستکردنی پردی پێوەندی و بنیاتنانی جۆریک هاوکاری و یەکگرتوویی لە پێناوی داهاتووی هاوبەشدا، دیالۆگ و دانیشتن لە نیوان نوێنەرانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران پێویستە. لە چوارچێوەی ئەو باسە دا، کۆمیتەی ناوەندی، وشیاری و لە سەرهەستبوونی وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر پێویستیی کار و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پیوەندی و لێکنزیکبوونەوە، گرنگیی یەکیەتی و یەکڕیزیی دیموکراتەکان و کاریگەرییەکەی لە سەر پیشخستنی بزووتنەوەی کورد لە ئاست و مەجالی جۆراوجۆردا، دووپات کردەوە. لەم ڕاستایەش دا کۆمەڵێک ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی بۆ دەفتەری سیاسی و هەیئەتی دیاریکراو خستە ڕوو.

لە بەشی دووهەمی دەستووری کاری کۆمیتەی ناوەندی دا، چەند مەسەلەیەکی نیوخۆیی کە پێوەندییان بە تێکۆشان و بەڕیوەبەرێتیی حیزب و ڕاسپاردەکانی پلینۆمی پێشووەوە هەبوو، قسەیان لە سەر کرا. لەم باریەوە ئۆرگانە پێوەندیدارەکان و بە گشتی بەشدارن، وێرای قامکدانان لە سەر کەموکوڕییەکان و خالە لاوازەکان، ئاماژەیان بەو هەنگاوانەش کرد کە لە درێژەی جێبەجیکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی پێشوو دا هەڵ گیراون. کۆمیتەی ناوەندی، لە تەئیید و پێداگریی بریارەکانی پلینۆمی پێشوودا، کار لە پێناوی ئەرکدارکردنی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب وپابەندبوونیان بە فەرهەنگی حیزبایەتی و ئەرک و بەرپرسیارەتیی حیزبیی، بە ئەرکی ڕێبەری و هەموو ئۆرگان و ڕێکخراوە حیزبییەکان زانی و لەم بارەیەوە، پابەندبوون وخۆ تەرخانکردنی تاکی حیزبی بۆ ئەرکە حیزبییەکان و بایەخدان بە ئەولەوییەتی سیاسی و خەباتگێرانەی خۆی و حیزبەکەی، کە خەبات و تیکۆشان بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە، تەئکیدی لە سەر کرا.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ، دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و وەرگرتنی بیروڕای ئەندامانی ڕێبەری لە بارەی هەر کام لە باس و بابەتە دیاریکراوەکان، دوانیوەڕۆی دوو شەممە،١٣ی سەرماوەز، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٤ی سەرماوەزی ١٣٩١**
**٤ی دێسامبری ٢٠١٢**

# واقعیاتە دڵخوازە سیاسییەکان لە وتووێژەکانی ئۆپۆزیسیۆندا و هێندێک لەمپەر



ئارەش لۆرستانی

و: ئاڵەشین

کۆنفرانسی پێراگ یەکێک لەم کۆمەڵە کۆنفرانسانەیە کە بە بەشداری پارت و چالاکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و بە دروشمی «یەکیەتی لە پێناو دیموکراسی»دا، بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە بە هۆی بەرچاوی و هەستیاری زیاتری پرسی نەتەوەکانی ئێرانی و هەروەها وتووێژی وردتر لە سەر گرنگی ڕۆڵی ئەم کەمە نەتەوانە لە سەر گەیشتن بە دیموکراسی، بایەخ و شەفافییەتی زیاتری هەیە کە دەتوانین ئەم گرینگییە بە چالاکی و بەشداری بەرچاوی پارت و چالاکانی پرسی نەتەوەکان، بەتایبەت پارتە کوردستانییەکان کە خاوەن ڕێکخستن و یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی زیاترن لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها ملدان بە واقعیەتی فرەنەتەوەیی و فۆرمی ژئۆپۆلتیکی تایبەتی ئێران لە لایەن ئەو پارت و چالاکانەی کە خەبات بۆ کەمەنەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران ناکەن، خۆی خاڵی ئەرێنی و پێشقەچوونێکە کە پێوەرە تئۆرییە سیاسییەکان لەگەڵ واقعیەتی هەنووکەیی ئێران بە گونجاو دەبینن یان دیتوویانە.

پرسی مافخوازی و بەرگری لە بایەخە تایبەتییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بۆ پارت و چالاکانی ئەم گۆڕەپانە بەرادەیەک جیدییە کە وەدیهاتنی ئەم داخوازییە بە گرنگترین هێڵ و ڕێبازی سیاسی خۆیان دەزانن و سروشتیشە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دەبێ کە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەشدار بن و هەر جۆرە دوور کەوتنەوە و یان بە کەم گرتنی گوتار و دیپلۆماسی لەگەڵ ڕێکخراو و ڕەوتە سیاسییەکان زیان بە پرسی نەتەوەکان و وەدیهاتنی سروشتی مافەکان لە ئێران دەگەیەنێ و دەیخاتە پەراوێزەوە.

خەبات بۆ مافی نەتەوەکان و هەوڵدان بۆ بەشداری و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە هەمیشە لەمپەر و کێشە و ئارێشەی زۆری لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا لێ کەوتووەتەوە کە بە بێ وتوویژ و ڕێککەوتنی تئۆریکی و پراکتیکی، بە هیچ جۆرێک ئەم تەگەرانە لاناچن و بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبەری کارکردی سیاسی هەستیارترین قۆناخەکانی ژیانی سیاسی ئەو پارتانەیە کە داوای مافی نەتەوەکان دەکەن.

به سەرنجدان بە مێژووی ١١٠ ساڵەی ژیانی مودێرنی سیاسی ئێران کە دەستەواژە و چەمکی نوێی وەک نەتەوە، ئەتنیسیتە، پارت، زیندانی سیاسی و .... بەدی هێناوە و نەبوونی دیموکراسی، باری قورسی پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی خستۆتە سەر شانی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەرپرسیار کە سەرەڕای هەوراز و نشێو و پەرتەوازەیی و لێک دووری هزریی لە نێو زۆربەی دژبەراندا، کۆڵنەدەرانە ڕێگە دەبڕێ و هەموو دەرفەتێکی گونجاو بۆ یەکگرتوویی و گەیشتن بە دیموکراسی دەقۆزێتەوە. بەداخەوە جگە لە کێشەکان و تاکڕەوی ئۆپۆزیسیۆن، کەس یا کەسانێکی ناشارەزای سیاسی بە لێدوانی ناکارناسانە و ئیحساسی هەوڵدەدەن گوتار و ئەم کۆبوونەوانە بخەنە ژێر پرسیارەوە و بە دڵی خۆیان واقعیەتە سیاسییەکان لێک دەدەنەوە، لە حاڵێکدا ئاگایان

**خەبات بۆ مافی نەتەوەکان و هەوڵدان بۆ بەشداری و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە هەمیشە لەمپەر و کێشە و ئارێشەی زۆری لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا لێ کەوتووەتەوە کە بە بێ وتووێژ و ڕێککەوتنی تئۆریکی و پراکتیکی، بە هیچ جۆرێک ئەم تەگەرانە لاناچن**

لە کێشە و ئارێشەکانی ڕێگەی گەیشتن بە دیموکراسی نییە. دیارە هەموو هۆگران و چالاکانی سیاسی مافی خۆیانە کە لێکدانەوەی خۆیان لە سەر پرسەکان هەبێ، بەڵام پێویستە بوترێ کە ڕەخنە و گازەندە ئەم کاتە دروستە کە تاکی ڕەخنە گر ڕێگە چارەیەکی باشتر بۆ پرسەکان بخاتە ڕوو و زۆر ڕوونە کە بە سەرنجدان بە فاکتۆرەکانی کات، شوێن و هێزی و ئەمری تێگەیشتنی دروست و لۆژیکی لە کێشە و ئەگەرەکان لە هەلومەرجی پەڕینەوە و دیموکراسی دا پاساو هەڵنەگرە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک پارت و چالاکانی دیکەی مافی نەتەوەکان بەردەوام بەشداری ئەو وتووێژە پۆزەتیڤ دەبێ کە تا ڕادەیەک یارمەتی بە پێکهاتنی کەشێکی لەبار و یان بایەخ دان بە گوتاری سیاسی ئەرێنی و لۆژیکیانە دەکەن دیارە ڕابردووی ٦٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات بەڵگەی ئەم ئیدیعایەیە بەشداری نۆینەران ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی پراگ و کۆنفرانسەکانی پێشوو، درێژەی سیاسەتی ئەم حیزبە کە لە ڕابردووی خۆی دا لە سەری سوور بووە و بە سەرنج دان بەو باسانەی کۆنفرانس و هاتنە بەر شرۆڤەی پرسی نەتەوەکان لە یەکێک لە پەنێلەکانی کۆنفرانس و دەنگدانەوەی لە میدیاکاندا بوو بە هۆی ئەوەی کە پرسی نەتەوەکان ڕوونتر و شەفافتر تاوتووێ بکرێ هەروەها ڕەواندنەوەی گومان و ڕەشبینی شیمانەی هێندێک لە دژبەرانی ئێران لە سەر پرسی نەتەوەکان، بە تایبەت گەلی کورد و هەروەها بەشداری چڕوپڕی پارتە کوردییەکان لە کۆنفرانسی پراگدا، دەتوانین بڵێین بە درێژەی ئەم گوتارانە خواست و بەرهەمەکانی خۆیان کە خەباتی بۆ دەکەن وەک پێویستییەکانی بەشداری بێنینە بەر باس و کوردیش بتوانێ لە پازلی سیاسی پەڕینەوە بەرەو دێموکراسی لە ئێران دا ڕۆڵێکی بەرچاوتر ببینێ.

سەرەڕای کەشی لە باری کۆنفرانس، بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس کە لە لایەن چەند کەسێکەوە نووسرابوو خوێندرایەوە، ناڕەزایەتی هێندێک چالاکانی نەتەوەکانی بە دژی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس لێکەوتە وەک زیاتر خۆشیان سەر بە کەمە نەتەوەکان و هەر وەها خودی کۆ نفرانس و پێویستی دوور کەوتنەوە وبەشدار نەبوون لەم جۆرە گوتارانە و کۆبوونەوانە لە داهاتوو دا گۆڕێ لێرەدا پێویستە بوترێ بۆ ئۆپۆزیسیۆنێک کە داوای ٣٣ ساڵ دیسان خوازیاری یەکگرتوویە و پێداگرانە لە سۆنگەی پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی ڕۆڵ و دەوری خۆی هەبێ، بوونی هێندێک ناڕێکوپێکی و یان تاکرەوی و زێدەخوازی کۆمەڵێک، شتێکی سروشتییە و هیچ ڕەوتێکی سیاسی ڕەسەن پەڕینەوە بەرەو دێموکراسی و کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی قەیراناوی و دژواری کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی خەڵک، فیدای ئەم جۆرە کێشە ناحیزبییانە ناکا و تا ئەو کاتەی کاریگەری و دەسکەوتەکانی بەشداری و وتووێژ زیاتر بەشداری نەکردن بێ و کێشەکان نەبنە هۆی خەوشدار بوونی ئێعتبار و بنما پێناسە کراوە سیاسی و مرۆییەکانی خەبات، یا ڕێگاچارەی باشتر و خوازراوتر نەگونجێ لە بەشداری و لێک نزیک بونەوە ناسەڵمێتەوە و لەم پرۆسە سیاسییە دا درێژە بە ڕێگە دەدا. دیارە پێویستە بوترێ کە زۆربەی بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە بە دەرکردنی بەیاننامە و وتووێژی میدیایی ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی و بە خۆشییەوە بە ڕوون بوونەوەی بابەتەکە و بە پەلە زانینی بەیاننامەکە لە لایان هێندێک لە نووسەران، بوار بۆ بەردەوامی بەشداری لە کۆنفرانسەکانی داهاتوو ڕەخسایەوە.

بە لە بەرچاو گرتنی شێواز و درووشمی ئەم چەشنە کۆنفرانسانە کە بە گشتی نازناوی «یەکگرتن بۆ دێموکراسی»یەوە دەناسرێنەوە و زیاتر لەسەر لایانە تیۆریکی کاری هاوبەش و باس و ئالوگۆڕیی بیرورا پێداگری دەکا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سازدانی کۆبوونەوەی بروکسێل لە ژێر ناوی «هەلومەرجی رەت بوون لە کۆماری ئیسلامی» دا بەستێنی نزیک بوونەوە و هاوبیرییەکی قوولتری پێک هێناوە، کە خۆشبەختانەش بە بەشداری و دەربڕینی ئامادەیی حیزب و چالاکانی بەرجەستەی سیاسی، دەتوانێ خۆی پاڵنەر و هۆکارێکی کاریگەر لە ڕاستای گوزار بە دێموکراسی دا بێ.

## مستەفا شەڵماشی:

# لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا ناکرێ لە ژێر دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد دا هەموو مەسەلەکانی دیکە بشاریەوە

### دیمانە لە پێوەندی لە گەڵ کۆبوونەوەی بەرینی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە بروکسێل بە دەسپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**لە رۆژانی ٧–٩ی دیسامبر لە بروکسێل کۆبوونەوەیەکی بەرین بە بەشداریی لایەن و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک دێت. ئەم کۆبوونەوە بەرینە بە دەستپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان رێک خراوە. بۆ تیشک خستنە سەر ئامانجەکانی کۆبوونەوە بەرینەکە، ماڵپەڕی «کوردستان و کورد» لە گەڵ رێزدار مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم وتووێژەی پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتووێژە رادەکێشین:**



**بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی!ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە بە شوێن کۆنفرانسی پراگ دا پێک دێت؟ لەوانەشە هێندێک کەس وا تێگەیشتبن ئەم کۆبوونەوە بەرینە، لە درێژەی هەمان کۆنفرانس دایە. ئایا هیچ پێوەندییەک لە نیوان ئەم دوو کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دا هەیە؟**

پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە بەرینەی برۆکسێل کە بە ئیبتیکاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ، لە مێژە لە لایەن حیزبەوە بڕیاری لەسەر دراوە و تە نانەت لە پلانی کاریی ٢٠١٢ ی بەشی پەیوەندییە ئێرانییەکانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب دا هاتوە، کە پلانی کاری ٢٠١٢ لە راستی دا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دا نووسراوە. کە وابوو هیچ پێوەندیی بە کۆبوونەوەی پراگەوە نییە. ئێمە بۆخۆمان بە پێویستی دەزانین کە هەر چی زۆرتر لە مەیدانی دیالۆگ و بیر و ڕا گۆڕینەوە دا لە گەڵ ئێرانییەکان چالاک بین و هەرچی باشتر مەسەلەی نەتەوەکەمان لە کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکان دا بناسێنین. جگە لەوە پێویستە بۆچوونی حیزب و لایەن و کەسایەتییە ئێرانییەکان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکەمان بزانین، تەنانەت ئەگەر دژیش بن. بوونی ئەو زانیارییە ئیمکانی ئەوەمان دەداتێ کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا دۆستان و دژبەرانی خۆمان بناسین، تا بتوانین بە باشی هاوپەیمانەکانمان دیاری بکەین.

> **ئێمە کۆبوونەوەی پڕاگمان تەنیا وەک تریبونێک دەبینی کە دەکرا ویستەکانی خۆتی تێدا بێنیە بەر باس و بۆ کۆمەڵێک لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی ئێرانی کە سەبارەت بە داهاتووی ئێران لە هەڵە دان، ڕاستییەکان باس بکەین**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە بەرینەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە شوێن چ ئامانجێکەوەیە؟ ئامانجەکانی ئەم کۆبوونەوە بەرینە چن؟**

ستراتیژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدرالّی، دێموکڕاتیک و لە سەر بناغەی موشارەکەتی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتی ناوەندی دا چارەسەر بکرێ. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئێران تا ئێستاشی لەگەڵ بێ مەیدانیان نەداوە بە گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تا بتوانن لە ڕێگای دیالۆگەوە ویستەکانی خۆیان لە گەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ئێران دا بێننە بەر باس. تا ئێستاش لێک تێنەگەیشتنێکی زۆر هەیە لە نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا و هەر ئەوەش کارێکی وای کردوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پرش و بڵاو بێ و نەتوانێ ئاڵتەرناتیوێکی جێگای باوەڕ بۆ نەتەوەکانی ئێران و تەنانەت لایەنە دەرەکیە کانیش پێشنیار بکا. ئەوە بووەتە هۆی درێژ بوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە لایەک و دروست بوونی لێک تێنە گەیشتنی زۆرتر لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا لە لایەکی دیکەوە. هەروەها بووەتە هۆی دروستبوونی نا ئومێدی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دا. تە نانەت بێ ئومێدی لە نێو هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش دا کە تا ئێستاش جار وبار بیر لە ئاڵوگۆڕ لە نێو خودی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا دەکەنەوە و کۆمەڵانی خەڵک تووشی سەر لێشێواوی دەکەن، بەدی دەکرێ. ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە باسێکی چڕ و پڕ لە سەر شێوەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی وسیستمی گونجاوی داهاتوو بۆ ئێران لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەکان بکرێ. ئێمە لەو کۆبوونەوەیە دا دەمانهەوێ بە شێوەیەکی شە ففاف داخوازە نەتەوەییەکانی خۆمان لە گەڵ پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێران باس بکەین. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕاستییە بخەینە بەر چاو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوا قۆناغەکانی تەمەنی خۆی دایە، دەڕوا و هەر لە ئێستاوە پیویستە کار بکرێ و بۆ دروستبونی ئاڵتەرناتیو لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بە شێوەی تەوافوقی بڕیار لە سەر داهاتووی ئێران بدرێ.

**هەر لە جێ دا کۆنفرانس و کۆبوونەوەی بەرینی هاوبەش لە گەڵ لایەن و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەر هێزێکی دیکەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران چ زەرووڕەتێکی هەیە؟**

هەم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەم بۆ ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکە کە خەبات دەکەن بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران و دەیانهەوێ لە چوارچێوەی ئێران دا چارەسەرێک بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزنەوە،گرنکە کە بەردەوام لەگەل حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی سیاسیی گۆڕەپانی سیاسەت لە ئێران دا گفتوگۆ بکەن و داخوازییەکانیان باس بکەن. لە کۆتایی دا یا دەبێ بتوانن قەناعەت بەو هێزانە بێنن کە لە ئێرانی داهاتوودا ناکرێ مەسەلەی نەتەوەکان پشتگوێ بخرێ و ئیمکانی نییە دێموکڕاسی پیادە بکرێ بەبێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێران دا، یا دەبێ بە ستراتێژی و سیاسەتی خۆیان دا بچنەوە و ڕێگایەکی دیکە بگرنە بەر. دووری کردن و خۆ ئیزۆلە کردن بە بەهانەی ئەوەی کە زەمینەی قەبووڵکردنی ویستەکانمان کەمە، هیچ دەسکەوتێکی نابێ. جگە لەوە حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییە کان دەبێ لە مەیدان دابن و جێگای خاڵی نەدەن. پێویستە ئیبتیکاری هێنانە بەر باسی ئەو مەسەلە گرنگە بە دەستەوە بگرن و سەرنجی لایەن و کەسایەتی دیکە ی گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران و لە دەرەوەی ئێرانیش ڕاکێشن. تا لە پشت سەری ئەوان لە سەر داهاتووی ئێران بڕیار نەدرێ.

هەروەها زۆر گرنگە کە ناوەندگەراکان تێبگەیەنن کە چیدی ناکرێ هەموو دەسەڵات لە ناوەند دا کۆ بکرێتەوە، تەواوی ئیمکاناتی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی لە ناوەند دا بە کار بهێنرێ و هە موو دەسەڵاتەکانیش هەر لە لایەن یەک پێکهاتەوە قۆرغ بکرێن. پێویستە لە ئێرانی داهاتوودا دەسەڵات لە نێوان هەموو پێکهاتە کانی ئێران دا دابەش بکرێ. لە وەڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران دا دەسەڵات دەبێ بە شێوەی تەوافوقی دابەش بکرێ و تەنانە ت بە بەهانەی دێموکراسییش نابێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات فەراموش بکرێن. لە لایەکی دیکە وە پێویستە ئیعتیماد سازی بکرێ تا ترسی ئەوانیش سەبارەت بە دابەشبوونی ئێران برەوێتەوە، کە دیارە تەنیا زامن بۆ ئەو مەسەلەیە، چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی پراگ دائەم پەیامەی دا بە لایەنە ئێرانییەکان کە «ئێران ولاتی هاوبەشی هەمووانە و دەبێ بە هاوبەشیی هەمووان، بەڕیوە بچێت». بەڵام لە بەیاننامەیەک دا کە وەک بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەکە بڵاو بۆوە، ڕەنگدانەوەی ئەو پەیامەمان نەبینی. ئاکامی ئەم کۆبوونەوە بەرینە بە تایبەتی لەم پێوەندییەدا چۆن دەبینی؟**

هەر لە سەرەتاشەوە ئێمە کۆبوونەوەی پڕاگمان تەنیا وەک تریبونێک دەبینی کە دەکرا ویستەکانی خۆتی تێدا بێنیە بەر باس و بۆ کۆمەڵێک لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی ئێرانی کە سەبارەت بە داهاتووی ئێران لە هەڵە دان، ڕاستییەکان باس بکەی. نوێنەرانی ئێمە لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی چڕ و پڕیان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکان و گرفتەکانی دیکە باس کردوە و هەروەها زۆر بە ڕوونی ڕایان گەیاندوە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا ناکرێ لە ژێر دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد دا هەموو مەسەلەکانی دیکە بشاریەوە . زۆر لایەنی دیکەش بە تایبەت کوردەکان لەو کۆبونەوەیەدا باسی سەرنجڕاکێشیان کردوە و دەستیان لە سەر خاڵی زۆر گرنگ داناوە. دیارە ئەو بەیاننامەیەی کە بڵاو کرایەوە ئەنجامی بیر و بۆچوونی بەشداران بە گشتی نەبوو. بیری چەند کەسێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە لە دوایین چرکە کانی کۆبوونەوە دا هێناویانەتە گۆڕێ. نوێنەرانی ئێمە هەر لەوێ ئەو بەیاننامەیەیان ڕەد کردووەتەوە و دوایەش ڕایانگەیاندوە کە ئەوان موافیقی بەیاننامەکە نەبوون. ئەوەی بەداخەوە لە کۆبوونەوەی پڕاگ دەرکەوت، ئەوە بوو کە کۆمەڵە کەس و لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدان کە سیستمی مەرکەزییەتخواز و دەوڵەت- نەتەوە لە ئێرانی داهاتوش دا بپارێزن و بە بە هانەی هەڵبژاردنی ئازاد ، مەسەلە گرنگە کانی دیکەی وەک مەسەلەی نەتەوە کان، دابەشکردنی دەسەڵات و دێموکڕاسیی ڕاستەقینە بە فەرامۆشی بسپێرن. هەوڵێکی دیکەیان ئەوەیە کە نەقشی ڕێکخراوەکان لە نێو بەرن وبەڕێوەبردنی ئێران بدەن بە دەست چەند کەسایەتییەک کە ئامادە بن لە پێناوی قازانجەکانی شەخسیی خۆیان دا، بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی کار بکەن. لە کۆبوونەوەی برۆکسێل و هەوڵەکانی دواتر دا، ئێمە دەمانهەوێ کار بکەین بۆ وەلانانی ئەو بیرۆکەیە و پێکهێنانی زەمینەی هاوکاری لەسەر بناغەی ویستی هەموو پێکهاتەکانی ئێران.

> **ستراتیژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵی، دێموکڕاتیک و لە سەر بناغەی موشارەکەتی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتی ناوەندی دا چارەسەر بکرێ**

**ئاماژەت بەوە کرد کە «تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی» یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکانی ئەم کۆبوونەوە بەرینەیە. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو لایەن و کەسایەتییانەی بەشداری ئەم کۆبوونەوە بەرینە دەبن، باوەڕیان بە لە سەرکارلاچوونی کۆماری ئیسلامی هەیە؟**

یەکێک لە تەوەرەکانی باسەکانی ئێمە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا چونکە ئامادەیی ئاڵوگۆڕی تێدا نابینین و لە هەموو بوارەکانیش دا شکستی هێناوە و نەیتوانیوە گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای ئێران چارەسەر بکا. لە بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانیشمان گێڕاوەتەوە کە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا بکەن. هەموو ئەو هێز و کەسایەتییانەش کە داوای بەشداریکردنیان لێ کراوە، داوای ئاڵوگۆڕ لە ئیران دا دەکە ن و نارازین لە چۆنیەتیی بەڕێوە بردنی دەسەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە. بەڵام دیارە لە شێوەی تێپەڕین بەسەر ڕێژیم دا جیاوازی لە بۆچوون دا هەیە. ئێمە بە باشی دەزانین کە هەریەک لە بۆچوونەکان و هەر وەها هۆیەکانی ئەو بۆچوونانە باس بکرێن. تا لە ئەنجام دا دەرکەوێ کێ، چی دەوێ و لە گەڵ کام هێزانە دەکرێ هاوکاری بە کردەوە بکرێ. هەر وەهابە چ شێوەیەک دەکرێ میکانیزم و ئیمکانی تێپەڕ بوون لە رژیمی کۆماری ئیسلامی دەستە بەر بکرێن.



# ١٦ی سەرماوەز و بزاڤی خوێندکاریی کوردی



رەحمان سەلیمی

هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵە ویست و ئامانجێکی وەدینەهاتوویە کە گرووپێک یان توێژێک بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆی دەزانێ و هەست دەکا لە لایەن دەسەڵات و یان بەشێکی تر لە کۆمەڵگا لێی زەوت کراوە. زۆر جار ئەو ویست و ئامانجانە تەنیا ئەو پێکهاتەیە ناگرێتەوە کە خاوەنی بزاڤەکەیە بەڵکو ئامانجی کۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە، واتە لێرەدایە بزاڤەکە سنووری بزاڤێکی سینفی تێدەپەڕێنێ. بۆ وێنە بزاڤێکی کرێکاری یان خوێندکاری بە تایبەت لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا تەنیا ناپڕژێتە سەر داواکارییە سینفییەکانی کرێکاران یان خوێندکاران، بەڵکوو داواکارییە گشتییەکانی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانجی چالاکییەکانی.

خوێندکاران بە پێی ئاخێز و پلەی کۆمەڵایەتی و زانستیان توێژێکی ئاگا و وشیار و هەستیارن بەرامبەر رووداوەکانی دەوروبەریان و لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا دەبنە سەرچاوەی گۆڕانکارییەکان. داهێنەری زانست و تەکنیک و سیاسەت و مێتۆدی نوێی بیرکردنەوەن، خاوەن روحێکی پرسیارخوڵقێن و گۆڕانخوازن، هەر بۆیە بزاڤی خوێندکای لە بزاڤە کۆمەڵایەتییە هەرە دیار و رەسەن و چالاکەکانە لە هەر کۆمەڵگایەکداو لە رەهەندی جۆراوجۆری کۆمەڵناسی، دەروونناسی و سیاسییەوە توێژینەوەی لە سەر دەکرێ.

### بزاڤی خوێندکاریی سەراسەری

هەر بە دوای دامەزرانی زانکۆ لە تاران لە سەردەمی رەزاشادا بوو کە گەرای بزاڤێکی سەربزێو داندراو بەرەبەرە و بە تایبەت پاش لابردنی رەزاشا لە لایەن هاوپەیمانانەوە و دامەزرانی حیزبی توودە و سەرهەڵدانی بیری چەپی سۆڤیەتی و هەروەها بیری نیشمانپەروەریی ئێرانی (کە ئاوێتە بە مەزنیخوازی بوو) خۆی گرت و بوو بە فاکتەرێکی کاریگەر لە رووداوەکانی داهاتووی ئێراندا. بەو شێوەیە زانکۆ و بزاڤی خوێندکاری هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە ئێران لە ژێر کاریگەریی رەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی زانکۆدا بوو و هەرگیز نەیتوانی خۆی وەک بزاڤێکی سەربەخۆ پێناسە بکا. خوێندکاران بەر لەوەی ئەزموون و مێتۆدەکانی خۆیان لە داواکارییە سینفییەکانیاندا تاقی بکەنەوە، وەک رێکخراوێکی سیاسی هەوڵیاندا نوێنەرایەتی بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری و دادپەروەری بکەن و لە هەندێک قۆناغیشدا وەک لقێک لە رەوتی ئیسلامی سیاسی لە زانکۆدا دەرکەون. بەدوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی شا و دەستوپێوەندییەکانی دژی موسەددیق، زانکۆ بوو بە مەتەرێزی خەبات دژی سەرەڕۆیی رژێمی پاشایەتی. لە رۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ خوێندکارانی زانکۆی تاران دوای چەند رۆژ نارەزایی و خۆپێشاندان دژی سەفەری جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ تاران و گەڕانەوەی باڵوێزی بریتانیا، کەوتنە بەر هێرشی گوللەی هێزە ئەمنیەتیەکانی رژێم و لە ئاکامدا ٣ خوێندکار گیانیان لە دەستدا. ئەو رووداوە بوو بە هێمایەک بۆ بزاڤی خوێندکاری لە ئێران و وەک رۆژی خوێندکار نێودێر کرا. رۆژی ١٦ی سەرماوەز لە لایەن هەموو تەیفەکانی بزاڤی خوێندکاری لە ئێران و تەنانەت بە دەسەڵاتیشەوە ساڵانە رێزی لێدەگیرێ و بۆنە و رێورەسمی تایبەت لەو رۆژەدا پێکدێ.

### بزاڤی خوێندکاری کوردی و ١٦ی سەرماوەز

١٦ی سەرماوەز بۆ بزاڤی خوێندکاری کوردی دوو واتای هەبووە: یەکەم، هێمای ئازادیخوازی و دژایەتیی ستەمکار بووە. دووهەم، دەرفەتێک بووە تا خوێندکاری کورد بە شوناسی خۆیەوە، وتاری خۆی و پەیامی خۆی بدا. بە تایبەت لە دەیەی حەفتادا خوێندکارانی کورد رۆڵێکی بەرچاویان لە یادکردنەوەکانی ١٦ی سەرماوەز لە زۆربەی زانکۆکانی ئێران بە رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە گێڕا. خوێندکارانی کورد کە زیاتر لە ژێر چاوەدێری و سەرکوتی ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیەکانی زانکۆدا بوون، بە کەڵک وەرگرتن لە بۆنەیەک کە لە لایەن رژێمەوە ددانی پێدانراوە و ئیزنی چالاکیی جۆراوجۆری تێدا دەدرێ، بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا




هەوڵیان داوە ویست و ئامانجەکانیان کە هەمان ویست و ئامانجی کۆمەڵگای کوردی و خەڵکی کوردستانە بێننە گۆڕێ.

### رۆژی خوێندکاری کورد

هەر بزاڤێک بۆ بەردەوام بوون و زیندووراگرتنی ئامانجەکانی پێویستی بە هێما و سەمبول هەیە، پێویستی بە بۆنەی جۆراوجۆر و رۆژی تایبەت هەیە تا پرۆژە و پلان و داواکارییەکانی خۆی تێدا دووپات بکاتەوە و بزاڤەکە بە گەرمی رابگرێ. هەرچەندە ١٦ی سەرماوەز رۆژێکە کە خوێندکارانی کوردیش ساڵانە رێزی لێدەگرن و یادی دەکەنەوە، بەڵام ئەوە هیچ لە دیاریکردنی رۆژی خوێندکاری کورد کەم ناکاتەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە رووداوی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ بەتاڵ نەبوو لە توخمێکی مەزنیخوازیی ئێرانی و تواندنەوەی باقی شوناسەکان لە شوناسێکی وەهمی و یەکگرتووی ئێرانی کە رەزاشا هەوڵێکی زۆری بۆ دابوو. دیارە ئەوە هیچ لە بایەخی «ئازادیخوازی» و «دادپەروەری» وەک دوو توخمی دیار لە یادکردنەوەکانی ئەو رۆژەدا کەم ناکاتەوە.

لەو چەند ساڵەی دواییدا و بە تایبەت دوای شکستی بەرەی ریفۆرمخواز لە ئێراندا، بزاڤی خوێندکاریی کورد زیاتر لە هەمیشە کەوتە بیری مەرزبەندیی لەگەڵ بزاڤی خوێندکاری سەراسەری، بە شێوەیەک کە ئاخێوی زاڵ بە سەر ئەو بزاڤە بەرەو نەتەوەیی بوونێکی تۆختر کێشرا و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک دروشمێکی دیاری ئەو بزاڤەی لێهات. شوناسخوازیی خوێندکارانی کورد لە دامەزراندنی یەکیەتیی دیمۆکراتیکی خوێندکارانی کورددا بە زەقی دەرکەوت. ئەوە گرینگترین هەوڵی ئەو بزاڤە بوو بۆ خۆدەرباز کردن لە بزاڤی خوێندکاریی سەراسەری و کێشانی سنوورێکی تەشکیلاتی و گوتاری لە گەڵ ئەو بزاڤە.

چ چالاکانی خوێندکاری لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چ یەکیەتیی دیمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد وەک تاکە رێکخراوی رەسمی و تا رادەیەک گشتگیر لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ رێکخراوە خوێندکارییەکانی تاراوگە لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵیان داوە رۆژێک وەک رۆژی خوێندکاری کورد دیاری بکەن. بەڵام بە چەند هۆیەک سەرنەکەوتوون کە ئاماژە بە گرینگترین هۆکار دەکەم:

بزاڤی خوێندکاریی کوردی لە ئێراندا بزاڤێکی تەواو سیاسییە و داواکاریی سەرەکیی خوێندکارانی کورد، دابینکردنی مافی نەتەوەییە کە ئەوەش وا دەکا بزاڤەکە بکەوێتە ژێر کاریگەریی پارتەکانەوە. لە لایەکی دیکەوە چەندین رێکخراو و پارتی سیاسی لە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیی دەزانن و هەرکام شەهید و هێما و سەمبولی خۆیان هەیە. سروشتییە کە هەرکام لە ئاست خۆیەوە هەوڵ بدا هێماکانی خۆی بە سەر بزاڤی خوێندکاریدا بسەپێنێ و زیاتر مۆرکی خۆی بە سەر ئەو بزاڤەوە بدا. ئەوە گەورەترین لەمپەری بەردەم هێماسازی بۆ بزاڤی خوێندکاریی کوردییە. کێشەکە ئەوکاتە ئاڵۆزتر دەبێ کە تێبگەین پارتی سیاسیی چەپمان هەیە کە هەوڵ دەدا پێش لەوە بگرێ کە بزاڤی خوێندکاریی کوردی، هێمایەکی نەتەوەیی بەرز کاتەوە و رووداوێکی نەتەوەیی وەک رۆژی خوێندکار دیاری بکا.

بۆ دەرباز بوون لەو کێشەیە واتە بۆ رزگاربوون لە هەژمۆنی پارتە سیاسییەکان لە سەر هێماسازی بۆ بزاڤی خوێندکاریی کوردی، پێویستە رۆڵێکی زیاتر بدرێ بە چالاکانی خوێندکاریی سەربەخۆ و قورسایی بدرێ بە راو بۆچوونی ئەوان. ئێستا کە هەموو بەشدارانی ئامادە لە بزاڤی خوێندکاریی کوردیدا زەروورەتی دیاریکردنی رۆژێک وەک رۆژی خوێندکاری کوردیان هەست پێکردوە، پێویستە بە دوور لە دەمارگرژیی حیزبی و ئیدئۆلۆژیک هەوڵ بدەن بە خوێندنەوەیەکی وردی بزاڤ و ئامانجەکانی، لە سەر رۆژێک وەک رۆژی خوێندکاری کورد رێککەون و بەو شێوەیە هەنگاوێکی گرینگ لە پێناو پێکهێنانی یەکگرتوویەکی گوتاری باوێژن. ئەو هەنگاوە هەروەها دەبێتە هۆی رەخساندنی دەرفەتێکی گونجاو بۆ پێکهێنانی هاوبەندی یان یەکیەتیی نێوان رێکخراوە خوێندکارییەکان و یارمەتی بە یەکگرتوویی ریزی باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەدا.

# کاروانی راهیانی نوور، زیندوو کردنەوەی ئایدیۆلۆژی شەڕ



تەها رەحیمی

دیکتاتۆریی حکوومەتی گرووپێکی کەمینەیە بە سەر کۆمەڵگەدا کە خاوەن ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتە و بە درێژایی مێژوو زیاتر خۆی لە چوارچێوەی ئایین و مەزهەبدا دەرخستوە تا ئەم دوو سەدەیەی دوایی کە ئیدیۆلۆژییەکانی دیکەی وەک فاشیزم و مارکسیسم و .... هتد بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونە هەوێنی ئیدۆلۆژی بۆ سیستم و دەسەڵاتی دیکتاتۆری. سیستمی دیکتاتۆری خاوەن کۆمەڵێک بەها و بایەخی بانئاسایی و پیرۆزە کە پێویستە لە پێناو پتەو کردن و مانەوەی سیستمدا بەردەوام دە مێشکی نەوەکان و بەرەکانی کۆمەڵگە خزێندرێن تاکوو هەر جۆرە ئیرادەیەک لە تاکی کۆمەڵگە بستێننەوە و تاکی کۆمەڵگە گوێڕایەڵ و پێ بە ملی ئامانج و ویستەکانی ئیدیۆلۆژی و تاکی کاریزماتیکی سیستمەکە بکەن. کەواتە بە واتایەکی دیکە سست بوون و لاواز بوونی ئیدیۆلۆژی بەرامبەرە بە داوەشان و بەرە بەرە رووخانی کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری و گەڕانەوەی ئیرادە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە. هەر بۆیە دەستوپێوەندەکانی سەر بە سیستم و دامودەزگەکانی حکوومەتی دیکتاتۆری بەردەوام خەریک بانگەشە و هەرچی زیاتر پیرۆز نیشاندانی ئەو کۆمەڵە بەها و بایەخەن و لەم راستایەشدا بۆ پەروەردەی نەوەی نوێ بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە داهاتوودا لە هەوڵێکی بێ پسانەوە دان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دیکتاتۆریی سەدە ناقینی سەردەم کە لە سەر بنەمای ئیدیۆلۆژیکی ئیسلامی و لە سەرووی ئەویشەوە فقە و شەریعەتی شیعە دامەزراوە یەکێک لە حکوومەتەکانی مێژووی هاوچەرخە کە بۆ مانەوەی خۆیان و بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانیان بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دان رێژیمی ئێران لە پێناو پەروەردە و پیرۆز نیشاندانی رابردووی خۆی و لە چوارچێوەی پەروەردەی نەوەیەک بۆ دوارۆژی خۆی ساڵانە کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیان بە بیانووی سەیران و لە چوارچێوەی کۆمەڵە سەفەرێک بە ناوی «کاروان راهیان نور» دا رەکێشی باشوور، باشووری رۆژاوا و تەنانەت باکووری رۆژاوای وڵات، واتە شوێنی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئێران و عێراق و ئەو شوێنانە دەکا کە هێزەکانی دژی هێزە دژبەرەکان و بە تایبەت هێزە کوردییەکان شەڕی کردوە. ئەم لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی ماڵوێرانی و کوشتوکوشتاردا و هێورکردنەوەی روح و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە هەوڵ دەدرێ دەگەڵ تۆمارکردنی کارەساتەکان و هەروەها تۆمارکردنی مێژووی وڵات، خەڵکەکە بەرەو هێمنی ببردرێ و کەشێکی دوور لە توندوتیژی و ئاشتەوایی بهێنرێتە ئاراوە. بەڵام لە ئێراندا ئەم جۆرە گەشتانە کە لە ژێر چاوەدێریی سوپای پاسداران و هێزی بەسیجدا بەڕێوە دەچی، زیاتر بە مەبەستی گێلاندن و سەپاندنی ئەو کۆمەڵە بایەخ و بەها پڕوپووچانەی رێژیمە کە لەم سەردەمە لە مێژووی مرۆڤایەتی، دەرخوارد مێشکی لەبار و ئامادەی فێربوونی منداڵ و مێرمنداڵانێک دەدرێ کە دەبێ بە زانست و تەکنۆلۆژیی سەردەم پۆشتە بکرێن. منداڵانی ئێرانی دەبێ سەردانی شوێنێک بکەن کە زیاتر لە یەک میلیۆنی کەس لە باب و باپیران و هاووڵاتییەکانیان بە هۆی سیاسەتی هەڵە و ئامانجێکی نەک هێندە دیار کوژراون. ئاشناکردن و دەرخواردی



ئەم جۆرە هزرانە و بریندار کردنی روح و هزر و بیری منداڵێکی خوار ١٨ ساڵ لە لایەن چەند ئاخوندی سەر بە دەسەڵات و چەند بەسیج و پاسداری قین لە دڵ کە ئامادەن هەر جیناتەتێک لە پێناو رازی کردنی دڵی ویلایەتی فەقیە و وێنای ناڕوون و دوور لە راستیدا بکەن، کاریگەرییەکی یەکجار خراپ لە سەر دەروونی ئەو کەسانە دادەنێ کە نەوەی دوارۆژ و داهاتووی ئەو وڵاتەن. ناچار کردنی ئەو قوتابی و مێرمنداڵانە بۆ چوون بۆ شوێنی قاقڕ و هەڵکۆڵ هەڵکۆڵ و پڕ لە ئاسنەواڵەی دوای شەڕ و خزاندنی بیری تۆڵە و قین و رک لە مێشکی ساوای ئەوان بە جێی ئاشنا کردن بە بایەخە بەرزە مرۆییەکان و هەوڵدان بۆ پەروەردەی مرۆڤێکی نۆرماڵ و، هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی کەسێکی سەربەرز و یاسامەند بە جێ کەسێکی توندڕەو و بنئاژۆخواز، دیاری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو قوتابی و مێرمنداڵانەیە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا تووشی هاتوون. دیارە ئامانجی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناردنی ئەو قوتابییانە بۆ شوێنی شەڕی هەشت ساڵە، زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێ و رێژیم لەم پیلانەشدا رەهەند و لایەنی جۆراو جۆری لەبەرچاوە. داخستنی دنیای راگەیاندنی نێوخۆ و قەدەخەکردنی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی نێوخۆی ئێران بە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی خەڵکی و بە تایبەت لاوان لە دەنگ و بیر و هزر و ئیدیۆلۆژیی ئەوان زیاتر گوێیان لە دەنگێکی جیاواز نەبێ و لە بەرچاوی خەڵکەکە تەنیا دەنگی بەرهەق و هێڵی هزری (صراط المستقیم) بن. هەر لە راستای دوورخستنەوەی هزری خەڵک و لاوان لە هزرە پێشکەوتووەکانە و کۆماری ئیسلامی بە پێشاندنی ئەم شوێن و جێگەیانە دەیەوێ نۆستالۆژییەکی درەوەشاوە لە رابردوو و شەڕی دژی عێراق بە نەیارەکانییەوە (مەبەست هێزەکانی دژی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لەم ناوچەیە بەرەنگاری ئێران بوونەوە) بۆ ئەم نەوەیە دروست بکا. لە لایەکی دیکەوە سوپا و ئۆرگانەکانی سەر بەم مافیایە بە بێ گوێدان بە بەکەڵک هاتنی ماشین و ئامرازی راگواستن و بە بێ لەبەر چاوگرتنی رێگەو بانێک کە بەرزترین ئاماری پێکدادان و کوشتنی تێدا تۆمار دەکرێ، بە زۆرەملی قوتابیان بە سەدان کیلۆمێتر لە ماڵ و دایک و باوکیان دوور دەخەنەوە و مەترسیی ئەم رێگەیان دەخەنە بەر، کە چەندی جار بە جۆرێک کارەساتی لێ کەوتووەتەوە کە لەم دواییانە دا پرسەکەی گەیشتە پارڵەمانیش. لەم چەند ساڵەی رابردوودا بۆ چەندمین جار دەچێ کە کاروانە زۆرەملییەکان تووشی رووداوی هاتووچۆ دەبن و سوپای پاسدار دوای جەرگبڕینی دایک و باوکی ئەو قوتابییانە خۆ لەو شتە دەدزێتەوە و لەم لایەشەوە ئاخوندە پلەبەرزەکانی رێژیم شتەکە بە قەزا و قەدەر دادەنێن و بەمجۆرە کارەساتەکە پووش بەسەر دەکەن. ٢٥ی رەشەممەی ساڵی ٨٦ بە هۆی رووداوی هاتووچۆ ٢٢ قوتابی دەکوژرێن، هەر رۆژێک دواتر ٤ کەس دەبن بە قوربانیی سیاسەتی گەوجانەی سوپا. ٢٨ رەزبەری ٩١، لەو رێگەیدا ٢١ پەپوولەی نەپشکوتوو سەر دەنێنەوە. ١٨ی خەزەڵوەری پاییزی ئەمسالیش ٢ کەس کوژران و هێندێک کەسیش بریندار بوون. لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئایا بڵێی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئینتێرنێت و ئەم تەکنۆلۆژیایە بەربەرینە بتوانێ بەر بە زانیاریی و رێوشوێنە بەرزە مرۆییەکان بگرێ و بە داتاشینی دوژمنی دەرەکی و بەڵێنی بەهەشت و سازدانی ئەم سناریۆ ناڕوونانە، ئەو منداڵانە بۆ پەرەپێدان و درێژەدانی ئامانجە دوور لە واقعبینییەکانی خۆی پەروەردە بکا. یان بەڕاست ئەگەر توانیوییە لەم رێگەیە و بەر بە پشکووتنی هزری ئەو مێرمنداڵ و قوتابییانە بگرێ، ئەدی ئەو هێزە گەنجەی ساڵی ٨٨ بە دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی سەرکۆماری دا شەقامەکانی شارەکانی ئێرانیان هەژاند، هەر ئەم قوتابی و خوێندکار و گەنجان نەبوون.

### کاوە ئاهەنگەری لەبارەی کۆبوونەوەی بروکسێل دەدوێ:

# کۆبوونەوەی بروکسێل هەنگاوێکی گرنگ لە پێناوی داڕشتنی بناخەی دیسکۆرسێکی دیموکراتیک لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا دەبێ

**دیمانە: ئارەش لورستانی**

**لە ماوەی ڕۆژانی ٧ ـ ٩ی دیسامبردا کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو بە بەشداریی لایەنو کەسایەتییە جۆرراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە بروکسێل بەڕێوە دەچێ. ئەم کۆبوونەوە بەرینە بە دەسپێشخەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک دێ. بەمەبەستی ئاگادرابوون لەو کۆبوونەوە بەرینە، سایتی «کوردستانو کورد» لەگەڵ بەڕێز کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپەرسی پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە ئێرانییەکان وتوویژی پێک هێناوە.**

**سەرنجتان بۆ ئەم وتوویژە ڕادەکێشین:**



**ئایا کۆبوونەوەی بروکسێل جیا لە کۆنفرانسگەلی چەند لایەنەی « یەکیەتی بۆ دیموکراسی « بەڕێوەدەچێ، یان لە پێناو هاودەنگیو تەواوکردنی ئەودا دەبێ؟**

**ـ کاوە ئاهەنگەری:** کۆبوونەوەی سێ ڕۆژەی بروکسێل حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەی دەباو ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕووی شێوەی کارەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆنفرانسو کۆبوونەوەکانی پێشوو جیاواز دەبێ. کۆنفرانسی «یەکیەتی بۆ دیموکراسی لە ئێراندا» کۆمەڵێکی دیکە لە چالاکانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەیان بردوە کە وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەر سێیاندا بەشدار بووە. ڕەنگە لەو بابەتانەدا کە دێنە گۆڕێ هێندێک وێکچوون لە نێوان کۆبوونەوەی بروکسێلو کۆنفرانسی پراگ دا ببینرێ، بەڵام لە ڕووی شێوەی بەڕێوە بەریو ئامانجەوە ئەو دوو پرۆژەیە بە تەواوی لێک جیان.

**ئەو کوبوونەوەیە بە شێوەی دەورەیی بەڕێوە دەچێو بە مەبەستی درێژەدانی هاوکاری و تەکمیل کردنی، داخوا بەرنامەی بۆ دانراوە یان بە سەرنجدان بە ڕادەی بەشداران، بڕیارەکان دەدرێن؟ یان هەر لەجێدا ئەم کۆبوونەوەیە تەنیا بۆ ئامانجی کورتخایەنی ئەم دەورەیە بەڕێوە دەچێ؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕاستی دا ئاکامی ئەو هەوڵانەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناو پێکهێنانی نزیکیو هاوپێوەندیی نێوان موخالیفانی کۆماری ئیسلامی پێکی دێنێ، هەر بۆیە ئەم هەوڵانە بە هیوای ئەوە کە موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بتوانن ڕۆژێک لە جێیەک بۆچوونو کردەوەکانیان یەک بخەن، درێژەی دەبێ. ئەمە یەکەم جار نیە حیزبی دیموکرات بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆ هەنگاو دەنێ، بەڵکوو لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا زۆرجار هەوڵی ئەم حیزبە ئەوە بووە یەکگرتنی موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بەکردەوە بەجێ بگەیەنێ، هەرچەند لەم ڕێگایەدا نرخێکی زۆری داوە.

**ئایا ئامانجو نیازی ئەم کۆبوونەوەیە ڕێککەوتن لەسەر لایەنی بەڕێوەبەریی مەسەلەکانە یان تەنیا باسە تیئۆریەکانە کە وەک پرەنسیپ یان کێشەکانی یەکیەتیو دەربازبوون لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ناسراون کە لە کاتی باسو وتوویژەکاندا دەردەکەون؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** بە پێی دەقی بانگهێشتنەکەو بە گوێرەی ئەو ئاگاداریانەی بۆ هەموو لایەک بڵاو کراونەتەوە، بە ڕوونی گوتراوە کە ئەم دانیشتنە تەنیا لەسەر دوو بابەتو بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوەکانو ژمارەیەک لە خاوەنرایانی ئێرانی بەڕێوە دەچێ. هەردوو بابەتیش هەر لەم کاتەدا کە پێویستیان بە باسی تیئۆریکو لێکدانەوەو تەفسیرە، بەڵام لە کۆتایی دا زیاتر لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوە بردنو لایەنی بە کردەوە پێ دادەگیرێ. پێمان وایە هەر حیزبو ڕێکخراوێک نوێنەری بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیەتیو ڕێگاچارەی تایبەت بە خۆی بۆ هەردوو بابەت هەیە. هەر بۆیە ئامانج گەیشتن بە بۆچوونو کردەوەی هاوبەشە.

**پێکهاتەی میوانو بانگهێشت کراوەکانی کۆبوونەوەکە لە ڕووی بەشداریو حزووری حیزبو کەسایەتییە سەربەخۆیەکان چۆنە؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** ئێمە هەموو حیزبو ڕێکخراوێکی ناسراو و هەڵگری هەرچەشنە بۆچوونێکی سیاسیمان بانگهێشتن کردوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی ئێمە لە بارەی دیموکراسییەوە کە دوور لە هەر چەشنە پەراوێزخستنێکە. تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ ڕێکخراو و حیزب ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا ڕاگەیاندوە، هەروەها نزیکەی ١٠ خاوەنڕاش وەک شارەزا و پسپۆڕ لەوێ دەبن، لە حیزبو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانەوە بگرە تا ڕێکخراوەکانی خوێندکارانو ژنان، ئەوانەش بەشدار دەبن.

**بە سەرنجدان بە دروشمی کۆبوونەوەکە ـ پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی ـ داخوا باسو ستراتیژیی ئەم کۆبوونەوەیە، ڕۆڵو پێگەی چالاکانو موخالیفانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی یان چالاکانی نێو بەندیخانەکانو هەروەها ڕاستییە بەرچاوەکانیش باسیان لەسەر دەکرێ؟ یان تەنیا کەڵک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات وەردەگیری وەک ئاڵتەرناتیڤی سیاسیی سەربەخۆ بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی باسو ئامانجەکانی کۆبوونەوەکە؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە چۆنیەتیی پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامیو جۆری سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران دەکرێ. بۆیە پێویستە باسەکان لانیکەم لە ڕووی تیئۆریەوە تا ئەو جێگایەی دەکرێ تەواو و گشتگیر بن، هەرچەند لە ڕووی مەیدانییەوە ئیمکانی ئەوە نییە کە هەموو موخالیفانی نیزام بە تایبەتی ئەوانەی لە نێوخۆی ئێران دان یان لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دان، بەشدار بن. ئێمە هەر حیزبو ڕێکخراوێکو چالاکێکی سیاسیو مەدەنی کە موخالیفی کۆماری ئیسلامی بێو باوەڕی بە پەڕینەوە لە کۆماری ئیسلامی بێ پێمان وایە بۆیە دەبێ لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ، هەرچەند بە کردەوەش نەتوانن بێن. لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵتەرناتیڤ پێم وانییە ڕەخنەیەکی مەنتیقیو ڕەخنەیەکی ئەوتۆ لەسەر حیزب و ڕێکخراوەکان هەبێ، چونکە هەر حیزب و ڕێکخراوێک بە مەبەستی شوێندانانو عەمەلی کردنی بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی پێ دەنێتە مەیدانی ململانێی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. بە بۆچوونی من ئەگەر حیزبو ڕێکخراوەکانی موخالیفی کۆماری ئیسلامی لەسەر یەک ئاڵتەرناتیڤ پێک بێن نەک هەر سەیر نییە، بەڵکوو پێویستە.

**ئایا ئەو هەواڵو باسانەی لە کۆبوونەوەکەدا دێنە گۆڕێ لە سایتێکی تایبەتدا بڵاو دەبنەوە یان لەلایەن ڕاگەیەنە جۆراوجۆرەکانی ئینتێرنێتییەوە دەکەونە دەستی کۆمەڵو چالاکانی سیاسییەوە؟**

**ـ کاوە ئاهەنگەری:** بە مەبەستی ڕوون کردنەوە و زانیاریدان و بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی کۆبوونەوەکە ڕاگەیەنە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیمان بانگهێشتن کردوە. هەموو کۆبوونەوەکە لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنو وێبسایتە جۆراوجۆرەکانەوە بڵاو دەبێتەوەو هەموو ئۆگران دەکەوێتە بەر دەستیان. هەروەها بەشێک لە کۆبوونەوەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بڵاو دەبێتەوەو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لینکی وێبسایتەکەش بڵاو دەکەینەوە.

**چۆن دەکرێ بۆ هاوکاریی ڕێکخراوەکانو لایەنە ڕووناکبیرو ئۆپۆزیسیۆنەکان بە مەبەستی هاوکاری لە داهاتوداو هەروەها بۆ بردنە سەری فەرهەنگی وتوویژ کەڵک لەو کۆبوونەوەیە وەربگیرێ؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** بێگومان ئەم جۆرە کۆبوونەوانە یارمەتی بە پێشکەوتنی فەرهەنگی وتوویژ دەدەن. لەبیرمانە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا دەتوانین کەلێن و کەلەبەری نێوان لایەنە سیاسییەکان کە لێکترازان و لەتبوونی زۆری بەدواوە بووە، وەک گرنگترین کۆسپو تەگەرەی سەر ڕێگەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نێوان موخالیفانی کۆماری ئیسلامی‌دا ناو بەرین. کارێکی زۆر و هەوڵێکی بێوچانی دەوێ تاکوو بکرێ بەمەبەستی کەمکردنەوە و تەنانەت نەهێشتنی ئەو کەلێنانە هەنگاو هەڵێنینەوە، ئەمە ستراتیژییەکی پڕ لە شانازی بووە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان. کۆبوونەوەی بروکسێل بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی دی دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ لە پێناو داڕشتنی بناخەی دیسکۆرس (گفتمان )ێکی دیموکراتیک لە نێوان موخالیفانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێراندا بێ. دیارە ئەگەر لەسەر درێژەدانی وتووێژەکان ڕێک کەوین، لە بوارەکانی دیکەشدا پێشکەوتن بەدی دێ.

**ئایا ئەوە کە حیزبی دیموکرات لەو کۆبوونەوانەدا تەوەری سەرەکییە کاریگەریی خراپی لەسەر سلامەتیو جۆراوجۆریی بۆچوونەکان نابێ؟ ئەگەر وا نیە تەوەرەی بەڕێوە چوونی باسەکانو دەستەی بەڕێوەبەری بە چ شێوەیەک دەبێ؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** بە پێچەوانە، ئەمن پێم وایە خانەخوێیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی موسبەتی لەو نێوەدا هەیە. بە سەرنجدان بەوەی کە پێناسەی ئێمە لە دیموکراسی پەراوێزخستنی تێدا نییەو هەوڵی حیزب ئەوە بووە کە هەموو لایەنەکانو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بانگهێشتن بکرێنو هەروەها بە هۆی ئەوەی ئامانجەکە بریتییە لە وتوویژ و کەمکردنەوەی کەلەبەرەکان، ئیدی پێویست بە تەوەرەو تەوەرەگەرایی ناکا. باسەکانیش ڕوونو لە پێشدا دیاریکراونو پاش کرانەوەی کۆبوونەوەکە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانیش وەک حیزبو ڕێکخراوەکانی دی بۆچوونەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەی دێنە بەر باس، دێنێتە گۆڕێ. مادام کە حیزبی دیموکرات بە دوای نزیکایەتیو ڕێککەوتنەوەیە، تەوەرە گەرایی جێگایەکی نیە.

**ئەم جۆرە کۆبوونەوانە یارمەتی بە پێشکەوتنی فەرهەنگی وتوویژ دەدەن. لەبیرمانە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا دەتوانین کەلێن و کەلەبەری نێوان لایەنە سیاسییەکان کە لێکترازان و لەتبوونی زۆری بەدواوە بووە، وەک گرنگترین کۆسپو تەگەرەی سەر ڕێگەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نێوان موخالیفانی کۆماری ئیسلامی‌دا ناو بەرین**

**بە سەرنجدان بەوەی کە پێناسەی ئێمە لە دیموکراسی پەراوێزخستنی تێدا نییەو هەوڵی حیزب ئەوە بووە کە هەموو لایەنەکانو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بانگهێشتن بکرێنو هەروەها بە هۆی ئەوەی ئامانجەکە بریتییە لە وتوویژ و کەمکردنەوەی کەلەبەرەکان، ئیدی پێویست بە تەوەرەو تەوەرەگەرایی ناکا**



# ژنان قوربانیانی «پیاو»ەتی، ئایین ، نەریت و...




مەسعود فەتحی


سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی ٢٥ نوڤامبری ٢٠١٢ەوە لە پەیامێکدا داوای لە وڵاتانی جیهان کرد بەو بڕیارنامانە پابەند بن کە سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ توندوتیژی بە دژی ژنان و کچان واژۆیان کردوە. ‹‹بانکی مۆن›› لە پەیامەکەیدا توندوتیژی بە دژی ژنان و کچانی بە بەربڵاوترین ئاستی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە جیهان ناوبرد.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە ‹‹هەڵمەتی گشتی بۆ نەهێشتنی توند وتیژی بە دژی ژنان و کچان››ی دەست پێکردوە کە مەبەست لەم هەڵمەتە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی گشتی، دروستکردنی سەرچاوە بۆ پێشگیری و وڵامدانەوە بە هەر چەشنە توندوتیژییەک بە دژی ژنان و کچان لە سەرانسەری جیهان دایە.

نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچەشنە توندوتیژییەک کە ببێتە هۆی خەساری جەستەیی، دەروونی و جنسی بۆ ژنان، بە توند وتیژی بە دژی ژنان پێناسە دەکا، کە چەوساندنەوە و ژێر پێخستنی ماف و ئازادییەکانی ژنان چ لە کۆمەڵگە و چ لە بنەماڵە لە خۆ دەگرێ ، جاڕنامەی ئیدانەکردنی توند وتیژی بە دژی ژنان (١٩٩٢) دەڵێ: ئەم توند وتیژیانە دەکرێ لە لایەن ڕەگەزی بەرانبەر(پیاوان) یان لە لایەن هاوڕەگەز (ژنان)وە لە لایەن بنەماڵە وحکومەتی یاساوە پێڕەو بکرێ.

ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە پرسی ژن پرسێکی مرۆییە لە ئاستی جیهانیدا. بەلام،ناکرێ باس لە توند وتیژی بە دژی ژنان بکەین بە بێ ئەوەی جیاوازیی جوغرافیای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، کەلتووری و.. لە بەرچاو بگرین. تەنانەت ناکرێ باس لە پرسەکانی پیوەندیدار بە ژنانی چوارپارچەی کوردستان وەکوو یەک بکەین، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە کوردان خاوەن کەلتووری هاوبەشن بەڵام گوتاری دەسەلاتە ناوەندییە داگیرکەرەکان، جیاوازیی زۆریان پێکەوە هەیە. بۆ وێنە ئەگەر لە تورکیە دەسەڵاتێکی سێکولار حاکمە، ئەوا لە ئێران ڕێژیمێکی ئیدۆلۆژیکی دینی لە سەر کارە کە بە شێوازی سیستماتیک و بە بێ لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ، ژنان لە هەموو ئازادییەکانیان بێ بەش دەکا.

هاوکات ئەم پێشێلکاری و توندوتیژیانە لە لایەن تاک و بنەماڵەوە وەک نەریتێکی کۆن و لەمێژینەی کۆمەڵگەی پیاوسالار لە ئاستێکی مەترسیداردا بەڕیوە دەچێ. هەر بۆیە ئەوەی لەم وتارەدا دێتە بەر باس سەبارەت بە ئێران و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ، لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لەو خاڵانە دەکەین کە دەکرێ وەک هۆکار و هاندەری سەرەکیی توندوتیژی بە دژی ژنان ناو ببرێن.

١- یاساکانی دادوەری لە ئێران بە تەواوی ناکۆکیان هەیە لە گەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ. بە پێی ئەم یاساگەلە ژنان بە سزاگەلێکی وەک زیندان و ئیعدام و بەردباران مەحکووم دەکرێن. هاوکات کۆنترۆڵی ژنان لە بنەماڵە وکۆمەڵگەدا، بە ئەرک و مافی پیاوان دەزانرێت. ئەم یاساگەلە سەرپۆش(حجاب)بۆ ژنان دەکەن بە زۆرەملێ، توند وتیژی یاسامەند کراوە و بووەتە هۆی بەرهەم هێنانەوەی ئەو توند وتیژییە و ژنان زیاتر لە هەموان دەکەونە بەر ئازار و ئەزیەت.

هاوکات لە بواری یاساییەوە بکوژانی ژنان بەرەوڕووی گرفتی جیددی نابنەوە. هێندێک لە بڕگەکانی یاسای سزادانی ئیسلامی(قانون مجازات اسلامی) قووڵایی هەڵاواردنی ڕەگەزی ‹‹ژن/پیاو›› لە ئێران بە ڕوونی دەردەخەن. بۆ وێنە بە پیی بڕگەی ٦٣٠ لە یاسای سزادانی ئیسلامی ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لە گەڵ پیاوێکی بێگانەدا لە کاتی پێوەندیی سێکسی دا ببینێ بۆی هەیە هەم ژنەکەی خۆی و هەم پیاوەکەش بکوژێ.

٢- زۆرینەی ئەو ژن و کچانەی بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەی خۆیانەوە ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن ، ئەمەش وەهای کردوە کە چەند گرفتێکی سەرەکی بەرەورووی ئەو ژنانە بێتەوە کە دەیانهەوێ بە دژی ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان سکاڵا بکەن. ئەم گرفتانە بریتین لە:

الف) ژنان بە هۆی مەنع و لۆمەی کەس و کارەکانیان خۆیان لە سکاڵا بە دژی ئەندامانی بنەماڵەکەیان دەبوێرن،

ب)ئەگەر ژنیک بیهەوێ سکالا بکا بە هۆی نەبوونی ‹‹شاهد›› ناتوانێ بیسەلمێنێ کە توند وتیژی لەگەڵ دەکری، بە واتایەکی دیکە ئەندامانی بنەماڵە بە دژی بنەماڵەی خۆیان ناوەستنەوە، بە تایبەت کە لە سەر داکۆکی لە ئەندامێکی ژنی بنەمالە بەرەوڕووی ئەندامێکی پیاو نابنەوە،

ج)زۆرینەی ئەو کەسانەی کە سکالا دروست دەکەن ، یاسا وڵامدەری پرس و سکاڵاکەیان نابێتەوە بەڵکوو سکاڵاکەیان بەرەوڕووی کەیخوایی بەرپرسانی دادوەری و خەڵکانی دۆست و خزم دەبێتەوە کە ئەمەس ئاکامەکە بەرەو رەزایەتی ناچاری دەبا،

چ) ئەو ژنانەی کە سکاڵاکەیان تا دەرئەنجامی کۆتایی پەیگیری دەکەن دواتر بەرەورووی هێندێک هەڵسوکەوتی خراپی ئەندامانی بنەماڵەکەیان دەبنەوە ، بۆ وێنە لە بەش و میراتی بنەماڵە بێبەشیان دەکەن، یان لە لایەن بنەمالەکەیانەوە وەک ئەندامی ئەو بنەماڵە وەرناگیرێنەوە (ئەم حاڵەتە زۆرتر بۆ کەسانێک دێتە ئاراوە کە بە دژی برا یان باوکی خۆیان سکاڵا دەکەن).

٣- دەوڵەتی ئێران هیچ سەربەخۆییەکی بۆ ژنان نەهێشتووەتەوە، ژنان لە بواری ئابوورییەوە بندەستی پیاوانن و زۆرێک لە ژنان تەنیاماڵداری و مندال بەخێو کردن نەبێ چ کارێکی دیکە ناکەن. لەم بارەوە دەبێ مێردی ژنان رازی بن بە کار کردن و درس خوێندنی ژنەکانیان دەنا ئیجازەی کاری سەربەخۆیان نییە، تەنانەت ژنان لە ئێران بە بێ ڕەزامەندیی میرد ،(ئەگەر کچ بێ ، باوک ) ناتوانن سەفەر بکەن و ئیجازەی وەرگرتنی پاسپۆرتی تەنیایان نییە، هاوکات وەک



نەریتی کۆمەڵگایش ئەم کارانە لە ژنان بە عەیب و سەرکێشی دێتە ئەژمار.

٤_ بە داخەوە کۆمەڵگای نەریتی، توندوتیژی بە دژی ژنان بە نرخ(ارزش) دادەنێ. ئەم جۆرە بیرۆکانە کە لە کەلتوور و ئایینەوە سەرچاوە دەگرن، هەتا ئیستا رۆڵێکی بەرچاویان لە دژایەتیی ژنان دا گێڕاوە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام باس لەوە دەکەن کە فەسادی ئەخلاقی هەڕەشەیە لە سەر دین و ژنان بە سەرچاوەی فەسادی ئەخلاقی دەزانن. ئەوان پێیان وایە کە تەنانەت ژن نابێ لەماڵ بێتە دەرەوە و لەچک لە سەری لانەبا و بە دەنگی بەرز قسەنەکا ونەچێتە شوێنی کاری پیاوانە و بەتەنیا نەیەتە دەرەوە و... بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تووشی فەساد نەبێ. ئەمەش لە گەڵ ئەوەی ژن لە پێش چاوی کۆمەڵگەی پیاوسالار هێندەی دیکە ڕەش دەکا، هاوکات سەرکوتی ژنان و کۆنترۆلکردنیان دەکا بە کارێکی پیرۆز و... ئەوکات کۆنترۆڵی ژنان دەبێتە میکانیزمی دفاعی بۆ پاراستنی نرخەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالار.

توندوتیژی تەنیا لیدان و بریندار کردنی جەستەیی نییە بەڵکوو هەر کردەوەیەکی ئەنقەست کە لەلایەن مرۆڤێکەوە بەرانبەر بە مرۆڤێکی دیکە بکرێ و ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی و دەروونیی مرۆڤ، بە توندوتیژی دێتە ئەژمار. لە بێڕێزی و ترساندن و دروستکردنی بەربەست و تەنانەت هەڕەشە و ناو و ناتۆرەش... هەتا لێدان و بریندار کردن و کوشتن. بەشێکی زۆر لە توندوتیژی بە دژی ژنان لە ولاتی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن تاک و کۆمەڵگەوە پێڕەو دەکرێ کە ئەمەش بۆ چەند هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە.

هۆکاری دەروونی بە شێوازگەلی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ مرۆڤ دەخاتە دۆخێکەوە کە لە گەڵ بەرانبەرەکەی توند وتیژی بەکار بهێنێ، یان جنێو بدا و بێڕێزی بکا. زۆر جار ئەو دۆخە دەبێتە هۆی کوشتنی ژنان بە بێ ئەوەی «ئامانجی کوشتن›› لە ئارادا بووبێ، زۆرتر کەسانی نەخۆش تووشی ئەم تاوانە دەبن. هاوکات لە وڵاتی ئێران، بێکاری، هەژاری و کەمداهاتی و ئێعتیاد بە هۆشبەرەکان لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەو گرفت و کێشانەن، بەکارهێننی مادە هۆشبەرەکان کە لە ئیران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە کاری دێنن یەکێک لەو هۆکارانەیە کە زۆرترین کێشەکانی بنەماله و توندوتیژی و کوشتنی لێ دەکەوێتەوە. خواردنەوە ئەلکۆلیەکانیش بە رادەیەکی بەرچاو کاریگەرییان هەیە لە سەر درووستبوونی ئەو توند وتیژیانە.

بە گشتی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمە لە ماڵی باوکدا لە ژێر دەسەڵاتی باوک، برا، مێرد و تەنانەت خزم و کەس و خێڵ و... دان. لە ماڵی مێرد لە ژێر کۆنترۆڵی مێرد و خزمەکانی مێردەکەیان دان. لە شوێنی کار و لە کۆمەڵگە لە ژێر سێبەر و دەسەلاتی کۆمەڵگەی پیاوسالار دان و چ دەرەتانێکیان بۆ نەماوەتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک لە تەسلیم بوون لە ژناندا بەدی دەکری و کەمترین بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ستەم و چەوساندنەوە لە ژناندا دەبینین. هەر وەک لەم وتارەدا بە کورتی ئاماژەی پێکرا بە هێندێک هۆکاری تایبەتی یاساکان نەک هەر پشتگری لە ژنان ناکەن، هاوکات ڕێگر نین لە بەردەم کوژران و کوشتنی ژنان، لە دۆخێکی وەها مەترسیداردایە کە ژنان پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبەن.

چاودێرانی ڕەوشی ژنان پێیان وایە کە گرینگترین خاڵێک کە بۆ کەم کردنەوە و سڕینەوەی توند وتیژی بە دژی ژنان (بە تایبەت لە بنەماڵە) دەبێ لەبەرچاو بگیرێ بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری و تێگەیشتوویی ژنانە لە سەر پرسەکانی خۆیان. تەنانەت مافناسانیش دەڵێن ژنان پێش هەر شتێک دەبی ماف و ئازادییەکانی خۆیان بناسن و لە راستای سڕینەوەی هەڵاواردنە یاساییەکانیشدا هەنگاوی جددی هەڵگرن، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا پیویستە لەمپەر و ڕێگرییەکان وەلا بنرێن کە لە بنەماڵەوە دەست پێدەکات و لە هەموو چین و توێژەکان و لە ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێن

# ڕەهەندە نادیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان




شەونم هەمزەیی


توندوتیژی دژی ژنان بابەتێکە کە هەر ساڵە لە بەرەبەری ٢٥ نوڤەمبر ( ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان) دەبێتە ڕۆژەڤی میدیاکان و هەر کەس بە جۆریک باس لەو توندوتیژییانە دەکا کە لەلایەن بنەماڵە، کۆمەڵگە و قانوون بەرانبەر بە ژنان دەکرێت . لە ماوەی چەند ساڵی رابردو ودا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا رادەیەک گشتگیر بوون، دەبینین کە لاپەڕەکانی فەیسبووک و تویتر و .... لە بەرەبەری ٢٥ نوڤەمبر پڕ دەبن لە وێنەی ئەو ژنانەی کە بەهۆی توندوتیژییەوە جەستەیان بریندار بووە و کۆمەڵێک دروشمی بریقەداریش دەخنە پاڵی بۆ ئەوەی ئەو توندوتیژییانە نەمێنێ، هەرچەند بابەتی توندوتیژی دژی ژنان بابەتێکی نوێ نییە و لەمێژە چالاکانی بواری مافی ژنان لە دونیا کار دەکەن، بۆ بنبڕ کردنی بەڵام لە راستیدا لە کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی، کەمتر لە دوو دەیەیە کە بووەتە رۆژەڤ، ئەویش زۆرتر بە هۆی ئەو کرانەوە سیاسی-کۆمەڵایەتییە بوو کە لە لایەن دەوڵەتی ریفۆرمخوازی خاتەمی هاتە ئاراوە. لەو کاتەوە تا ئیستا ژنان توانیویانە بەشیکی زۆر لە ڕەهەندە دیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان بهینە بەرباس و دەنگی یەکسانیخوازی خۆیان بەرز بکەنەوە.

ژنان لە ماوەی دوو دەیە بە هەوڵ و تێکوشانی خۆیان توانیان دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان بیناسێنن و بیکەن بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، لە یەکەم هەنگاوی ئەم سەلماندن و ناساندنە تەنیا ڕەهەندە دیارەکانی توندوتیژی دژی ژنانی گرتوتەوە و باسی لێ کراوە، ئەم هەوڵانە زۆرتر جەخت لەسەر رخنەگرتن لە یاساو ریسایەک دەکا کە بووەتە هۆی پەڕەگرتنی توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵە و کۆمەڵگە کە بریتین لە: نەبوونی مافی تەڵاق بۆ ژن، نەبوونی مافی سەرپەرشتی لە منداڵان، نەبوونی مافی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بە بێ ئیزنی مێرد، نەبوونی دەرفەتی کارکردن بۆ ژنان بە بێ ئیزنی هاوسەر، قبوڵ کردنی بێ ئەملاوئەولای خواستە جنسییەکانی مێرد، بەزۆر بە مێرد دان، خەتەنە کردنی کچان، خۆسوتاندن، قەتڵی ناموسی، سزای سەنگسار، بەربەستە وەرزشی، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتییەکان وهتد ...

ئەو بابەتانەی کە ئاماژەی پێ کرا ڕەهەندگەلی دیاری توندوتیژی دژی ژنانە کە چالاکانی بواری ژنان هەوڵیان داوە بە کۆمەڵگەی بناسێنن. لە سەردەمی ئێستادا هیچ گومانیک لەوەدا نیە کە پیکهێنانی ریفۆرم لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێک کاتێک دەستەبەر دەبێ کە لە ریفۆرم لە بنەماڵەوە دەست پێ بکا، تەنیا کاتێک دەتوانین هیوامان بە داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگە بێ کە پێوەندی ژن و مێرد لەبنەماڵەدا بە پێی پێوەری مافی بەرابەر و وەک یەک بێ. ڕەهەندە دیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە سەردەمی ئێستادا تا رادەیەکی بەرچاو بۆ کۆمەڵگە ناسراون و ڕەنگە لە هێندیک بواریشدا کاری بۆ کرابێ بۆ سڕینەوە یان کەم ڕەنگ کردنەوەیان، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئاگادارنەبوونی زۆربەی کۆمەڵگە بە تایبەت ژنان خۆیان، لە لایەنە نادیارەکانی توندوتیژی دژی ژنانە. توندوتیژییەک کە کەمتر بە چاو دێن بەڵام ئاسەوارەکانی تەواوی کومەڵگە دەخاتە ژێر باندۆری خۆیەوە، بۆ ناسینی ئەم چەشنە توندوتیژییانە دەبێ دەردی دڵی ژنانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ببیسی تا بەرەبەرە لایەنە شاراوەکانی بۆت دەر بکەوێ.

یەکێک لە چالاکانی مافەکانی ژنان لە ئێران، توندوتیژی نادیار دژی ژنان بە« زەوییەکی سەخت دەشوپهێن کە دەبێ لایەکانی سەرەوەی هەڵ قەنێ تا لایەکانی ژێرەوەی بۆت دەرکەوێ» بینینی لایەکانی خوارەوە تەنیا بە لابردنی لایەکانی سەرەوە مسۆگەر دەبێ ئەولایەنانە لە منداڵیەوە لە ناخی ژن دا دروست دەبێ وهەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵی‌دا دەبێت».

لەڕاستیدا توندوتیژی دژی ژنان بووەتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی کە ئەگەر دەست بدەینە پاتۆلوژی ئەو نەخوشییەوە دەبینین کە بەرۆکی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، ئەم نەخۆشییە بێ ئەوەی خۆمان بزانین بووەتە بەشیک لە ژیانمان، لەگەڵی راهاتووین و گۆشە گۆشەی بیروهۆشمانی گرتووتە بەر و فەرمانمان پێ دەکا.

ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە ژنانی وشیار و بە ئاگا بێنە دەنگ و، باس لە لایەنە نادیارەکانی بکەن کە بە هۆی توندوتیژی دژی ئەوان ژیانیانی خستۆتە مەترسییەوە، لە رابردوودا زۆرتر خەڵک پێیان وابوو کە توندوتیژی دژی ژنان زۆرتر لەلایەن پیاوانی نەخوێندەوار و کەم داهات بەرانبەر بە ژنان ڕوودەدا و توندوتیژی دژی ژنانی چینی ناوەنجی و سەرەوەی کۆمەڵگە ئەوەندە لە بەر چاو نەدەگیرا، ئەوەندەی کە بایەخ بە توندوتیژی فیزیکی بەرانبەر بە ژنان دراوە بە توندوتیژی نادیار و دەرونی بەرانبەر بە ژنان بایەخ نەدراوە. زۆربەی خەڵک توندوتیژی ئابووری بەرانبەر بە ژنان تایبەت بە بنەماڵە دەست کورت وفەقیر دەزانن بەڵام لە راستیدا لە بنەماڵە دەوڵەمەندیش ئابووری ژن بە پیاو بەسراوەتەوە و پیاو لە چەکی ئابووری بۆ سەرکووتی ژن کەڵک وەردەگرێ و ژن تا کاتێ کە فەرمانبەری



بێ ئەملاو ئەولای خواستەکانی پیاو بێت دەتوانێت چێژ لە خوشی (رواڵەتی) ژیان وەربگرێ.

زۆربەی ئێمە پێمان وایە کە توندوتیژی جنسی بەرانبەر بە ژنان تایبەت بە پیاوانی دەستکورت، نەخوێندەوار نائاگای کۆمەڵگەیە، بەڵام


ل ٩

# دەکرێ تورکیە ببێ بە پشتیوانی کوردەکانی عێراق؟





گونای ئەسلان \ ئۆزگوور پۆلیتیکا

لە تورکیەوە : چیانە

وێڕای ئەوەی هومێدێک بۆ کۆتایی هاتن بە گرژی و ئاڵۆزی نێوان هەولێر و بەغدا بەدی دەکرا و چاوەڕوان بووین ئێراق پشوویەکی ئاسودە هەڵکێشێ، سەر لە نوێ تێکهەڵچوونێکی خست و گەرمتر لە نیوانیان دا، هەڵگیرسایەوە. لایەنەکان لە سەر دەستی ئەمریکا، لە بەغدا کۆکرانەوە و بە پێی ئەمەش دەبایە، هێزی هێرشکەری دیجلە لە کوردستان بکشێتەوە. کەچی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران ئێراق، دانی بە ڕێککەوتنامەکە نەنا، بەڵکو بەوەش نەوەستا، دەستوری دا هێزێکی زیاتر رەوانەی کوردستان بکات. ئەمەش وایکرد، مەسعود بارزانی سەرۆکی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، تێکڕای پارت ولایەنەکان، بۆ کۆبوونەوەی بە پەلە بانگهێشتن بکات و وێڕای ئەمە، هێزی پێشمەرگەش دەست بە جووڵە بکات.

گرژی و ئاڵۆزی درێژەی هەیە. هەواڵەکانیش باس لە خۆ ئامادە کردنی لایەنەکان بۆ شەڕ دەکەن. دەشڵێن ئەمریکا لە هەوڵی ڕێگرتن لە هاتنە کایەی شەڕ دایە، بەڵام، ئایا دیسان رێ لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕە دەگرێ و بۆ ئەمەش هێز و توانای بڕ دەکات یان نا، جارێ ڕوون نییە. چونکە، کوندە پەپوو وە خوێندن کەوتووە، وا دێتە بەرچاو دەسەڵاتی هاوبەش، لەوە زیاتر نەتوانێ کورد و شیعەکان لێک کۆکاتەوە. لە ڕاستیدا، ئەمڕۆ شیعەکان ناخوازن وەک ڕابردوو، لە گەڵ کوردەکان لە ژێر دەسەڵاتێکی هاوبەش دا، بحاوێنەوە. چەقی مەسەلەکەش بۆ ویستێک دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتای ڕزگاریی ئێراقەوە، هەوێنی کێشەو ناکۆکییەکان، بووە.کێشەکە بۆ ڕێککەوتنامەی سایکس- بیکۆ دەگەڕێتەوە کە بریتانیا بە مەبەستی قۆرخ کردنی چاڵە نەوتەکانی کەرکوک و بەسرە وەک ڕێگای دەست بە سەر داگرتنی مەلبەندی میزۆپۆتامیا، دەوڵەتێکی تۆکمە و ناوەندگەرای لە بەغدا، دامەزراند. بەم جۆرە سەرچاوەی کێشەی نێوان کورد و شیعەکان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە دامەزراندنی دەوڵەتی دڵخوازی بریتانیا

واتە دەوڵەتی عەڕەبە سوننەکانی ئێراقەوە هەیە کە بە زۆرە ملی هەموویانی لە ژێر یەک دەسەڵاتدا ڕاگرتبوو. کاتێک بریتانیا دەوڵەتی ئێراقی دامەزراند، شیعەکان زۆرایەتی بوون، بە هێزتر و پێشکەوتووتریش بوون. کەچی بە پێچەوانەی ئەمە، شازادە مەلیکی سوننە( مەلیک فەیسەل- و) لە شام ڕا هێناو لە سەر تەختی دەسەڵاتی دانا. بۆ بە هێز کردنی مەلیکی بەستراوە بە خۆی، کەوتە دژایەتی کورد و شیعە. کوردەکان، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمە، بە ڕیبەرایەتیی شێخ مەحمودی بەرزنجی دەستیان بە شۆڕش کرد. کەچی دەسەڵاتی کەمالیست، بە تەنیا بە جێی هێشتن و تێکشکان. شێخ مەحمود لە گەڵ مستەفا کەماڵ، لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و دوایە خستنەوە سەر و بەسترانەوەی بە تورکیە، ڕێککەوتبوون، لە سەر فشاری بریتانیا لە بەڵێنەکەی پاشگەز بۆوە و کوردەکانی بە تەنیا بە جێ هێشت. بریتانیا لەو نێوەدا، شۆڕشی کوردەکانی سەرکوت کرد و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی ناچار کرد، مل بۆ مەلیک فەیسەل دانوێنن.

بریتانیا بۆ قۆرخکردنی نەوتی کەرکوک و بەو هاوسەنگییەی لە نێوان کورد و شیعە لە نێو خۆی ئێراق پێکی هینا، قەت نەبوو بە هۆی ئەوەی کە شیعەکان، بوونی هێز و توانای کوردەکان قەبوڵ بکەن. ئەمڕۆش کوردەکان، بەو قەناعەتە گەیشتوون، دەتوانن ئاسانتر دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن و بەرژەوەندەییەکانی خۆیان بپارێزن. جیا لەوە، شعیەکان لە گەڵ ئێران، پیوەندییەکی توند وتۆڵیان هەیە، ئێرانیش دەیهەوێ، لەوەی کە کوردەکان پێوەندی باشیان لە تورکیە هەیە، تۆڵەی خۆی بکاتەوە. شەڕی کورد- شیعە، ئێران پەرەی پێدەدات و مالیکی دەورووژێنێ. مالیکیش نایهەوێ، دەرفەت لە کیس بدات و بە هاوکاری و پشتیوانیی ئێران، دەیهەوێ کوردەکان لە هەریمەکانی دەوڵەمەند بە نەوت وەک کەرکوک دەرپەڕێنێ و ئەو ناوچانە بخاتە سەر خاکی دەوڵەتی داهاتووی شیعە.

لە ژێر تیشکی ئەو ڕاستییانەدا دەبینین، ڕێککەوتن و سازان ئیمکانی نییە. قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان دەری دەخات شەڕی شیعە –کورد، دێتە گۆڕێ، جگە لەوەش، لە ئەگەری شەڕدا، وای بۆ دەچین، ئێرانیش خۆی دە شەڕەکە هەڵقورتێنێ. چونکە، لە ڕوودانی ئەو شەرەدا، بە پێخۆش بوون و بە پێناخۆش بوونیش بێ، بارزانی دەوڵەتی کوردی ڕادەگەیەنێ و ئەوەش دەبیتە هۆی ئەوەی ئیڕان، پەلاماری کوردستان بدات و خۆ بۆ داگیر کردنی ئامادە بکات.

بۆ ئەمەش، ئەمریکا لە بەرانبەر ئێران دا، تورکیە زەق دەکاتەوە، تورکیە دەکا بە حامی کوردەکانی عێراق و بەمەش تورکیە و کوردستان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دیارە، تورکیە مەتمانەی لە کن کەس و بە کوردەکانی خۆشییەوە، نەماوەتەوە. تورکیە پێوەندییەکانی لە گەڵ کوردەکانی ئێراق، بەرەو قۆناخێکی ستراتیژیی دەچن، بەڵام، لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەو ولاتەدا، پێشبینی ناکرێ چی لە دەست دێ.

تورکیە لە پاش ڕووداوی تەلیس( تەلیس دە سەر ڕاکردنی ئەفسەرانی تورکیە لە باشوری کوردستان- و) وەک زۆر لە قەیرانەکانی دیکە، لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەمریکا، سیاسەتیکی ژیرانەتری بەرانبەر بە کوردەکانی ئێراق ڕەچاو کردوە، و نەک بە شیوەیەک کە دەیهەوێ، بەڵکو ڕاست بەو شێوە کە بە سەر دا دەسەپێنرێ، نازانێ چۆن لە گەڵ کوردەکان و کوردستان بجووڵێتەوە. کێشەی کوردستان کە بۆ تورکیە وەک مەسەلەی مان و نەمانە، نیگەرانی و پەژارەی قووڵی بۆ ئەو وڵاتە پێکهێناوە. نیشانەکانی ئەو نیگەرانییە بە سەرنجدان بە هاوکێشە نێوخۆییەکان، ڕەنگە هەر ئێستا نا ئێستا گۆڕانی بە سەر دابێ.

کوردستان، بە قۆناخێکی دیکە لە مێژوو گەیشتووە و کێشەکەشی بووە بە مەسەلەیەکی نیودەوڵەتی، ئەمەش نیگەرانی قووڵی تورکیەی لێ کەوتۆتەوە و سرەوتنی لێ بڕیوە. تورکیەیەک کە ئازاد بوونی کوردەکانی سوریە ئۆقرەی لێ بڕیوە و لە کوردەکانی ئێرانیش دەسڵەمێتەوە و مل بۆ مافە مرۆییەکانی کوردەکانی وڵاتەکەی نەوی ناکات و بەردەوام، شەڕ بە دژیان بەرهەم دەهێنێ، بە تۆبزیش بە سەری دا بسەپێندرێ، ناتوانین بە پشتیوان و حامی کوردەکانی ئێراق چاوی لێ بکەین.

تورکیە لە سەریەتی کێشەی کوردەکانی وڵاتەکەی چارەسەر بکات، کەواتە لە هەریمەکەدا، پشتیوان و لایەنی چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، بەڵکو پێویستە ببێ بە شەریک و هاوکاریکی باش، ئەمەش ناکات.

دراوسێتی کوردەکان، تاکە ڕیگای بەردەم، تورکیەیە..

# ئایا عێراق پارچە پارچە دەبێ؟

مەسعوود رۆستەمی

بەشی یەکەم

و: م.ئەحمەدی

سنوورەکان لە ماوەی مێژوودا بەردەوام تووشی گۆڕانکاری هاتوون و لە داهاتووشدا دەگۆڕێن. سنوورەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەرشوێنێکی دیکە لە بەردەم گۆڕانکاریدان. جیا لەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی هاتووە، جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە پێویستی بە ئاڵوگۆڕە. چونکە لە نێوان راستییە نەتەوەیی ـ کولتوورییەکان و سنوورە سیاسییەکانی ناوچەکەدا نایەکسانی هەیە. واتە تێپەڕاندنی قۆناغی شەڕ و خوێنڕێژی و ئاشتیی کاتی بەرەو ئاشتیی بەردەوام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بە گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە و هەروەها وەدیهێنان و بەردەوامی دێموکراسی لە ناوخۆی هەر وڵاتێکدا هەیە. چونکە کولتووری گەشە نەکردووی سیاسیی ناوچەکەدا توانای پێکەوە هەڵکردن و قبووڵکردنی پلۆرالیزم و فرەچەشنی نییە و هێشتا ناوچەکە لەگەڵ ئەلف و بێی دێموکراسیی سیاسی دا نامۆیە، تا چ بگا بە دێموکراسی کۆمەڵایەتی. دەیان ساڵ شەڕ و خوێنڕێژی لە نێوان نەتەوە و مەزهەبەکان لە ناو هەرکام لەم وڵاتانەدا، کەڵێنێکی قووڵی وەهای لە نێوان نەتەوەکان و مەزهەبەکاندا دروست کردوە کە ئەستەمە پێکەوە بتوانن بە ئاشتی بژین. بۆیە لە یەکەمین هەنگاودا گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە ئەگەری یەکەمە. پێموایە پلۆرالیزمی نەتەوەیی ـ کولتووری و کەڵێنە قووڵەکانی نێوان سنوورەکان لە لایەک و کولتووری گەشە نەکردووی سیاسیی ناوچەکە لە لایەکی دیکەوە، جگە لە دوو بەربژێر هیچ ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەهێشتۆتەوە: دیکتاتۆری و دووبارە دروستکردنەوەی دیکتاتۆری(بۆ وێنە دێموکراسی لە شێوەی تورکیاش جۆرێک لەم سیستمە دیکتاتۆریانەیە)، یان گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە. هەندێک ڕێگاچارەی وەک فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمیش باس دەکرێ. لە وڵامی ئەو کەسانەدا کە پێیانوایە کۆنفیدراڵیزم ڕێگا چارەیە دەبێ بوترێ: کۆنفیدرالیزم واتە تەبایی نێوان چەند دەوڵەت کە لە درێژەدا دەوڵەتان هەندێک لە ئیمتیازەکانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی هەندێ ئیمتیازی دیکە لە دەست دەدەن. بەڵام داکترینی فیدرالیزم کە کورد بە جیددی پشتگیری دەکا، بە لە بەرچاو گرتنی واقیعیەتەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان وەک ڕێگا چارەیەکی جێگای پەسەند و لۆژیکی لە لایەن زۆربەی کەمایەتییەکانەوە پشتگیری لێ دەکرێ. لە درێژەدا ئاماژە بە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەم داکترینە دەکەین. بەڵام بۆ تەواو کردنی وتەکانم لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە. خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی و دواتر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە سەرەتای دروست بوونیەوە، لە نێوان ئەو هێزانەی کە دەیانەوێ بارودۆخی ئارایی رابگرن و ئەو هێزانەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕن هەڵگری دیالکتیکێکە. بەڵام ئەم دیالکتیکە جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ دیالیکتیکی مارکسی و هێگلی هەیە، چونکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لەگەڵ دوو هێزی لایەنگرانی بارودۆخی ئارایی و خوازیارانی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی ئاراییدا بەرەوڕوو نین، بەڵکو جۆرێک لە ئاڵۆزیی دیالکتیک دەبینین. بە واتایەکی دیکە ئەو هێزەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕە لە بارودۆخی ئاراییدا، هێزێکی ڕێکخراو و یەکپارچە نییە، تەنانەت بەشێکیان لەو کاتانەدا کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەیە کە لایەنگری بارودۆخی ئاراین لەگەڵیان دەکەون. ئەم تایبەتمەندییە لە سەرجەم وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا هەست پێدەکرێ. بۆ وێنە لە میسر لە نێوان ئیسلامییەکان و سیکۆلارەکاندا، لە تورکیا، عێراق و سوریا لە نێوان کورد و ئۆپۆزسیۆندا، لە فەلەستین لە نێوان حەماس و فەتح دا و ... هتد.

بەم شێوەیە، ئەم ئاڵۆزییە دیالکتیکە دوای یەک سەدە بۆتە کۆسپ لە بەردەم دروستبوونی بارودۆخێکی نوێدا. ئەم دیالکتیکە ئێستاکە لە عێراقدا بەرەوە ئەو دەچێ کە سنووورە رەهاکانی خۆی پێناسە بکا و پشتیوانانیشی، کوردی باشووری کوردستانن. چ لە چوارچێوەی گوتاری دێموکراسیخوازیدا و چ گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە، کورد گرنگترین هێزە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئاراییدا. نەتەوەیەک کە ٣٠ تا ٤٠ ملیۆن حەشیمەتی هەیە لە هارتلەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام خاوەن نیشتمانی سیاسیی خۆی نییە. بەشێک لەم نەتەوە یەکپارچەیە لە وڵاتێک بە ناوی عێراق دەژین. ئەم بەشە لە کوردستان لە ئێستا گرنگترین هێزە بۆ گۆڕانکاری لە جوگرافیای سیاسی ناوچەکەدا. هەروەها لە لای ئەم بەشە لە کوردستاندا دەتوانین ئاماژە بە سەرهەڵدانی دەوڵەتی فەلەستین لە داهاتوویەکی نزیکدا بکەین. لەو روانگەوە کە پێموایە بابەتی پارچە پارچە بوونی عێراق گرنگییەکی زۆری هەیە و هەروەها باسی بنەڕەتیی فیدراڵیزممان وڵام دابێتەوە، لەم باسەدا زیاتر تیشک دەخەمە سەر بابەتی کوردستانی عێراق. رەنگە عێراق لە داهاتوودا ببێتە سێ وڵاتی عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد، بەڵام بێ گومان کوردستان لە عێراق جیا دەبێتەوە. وەها ڕووداوێک هەڵگری سێ بابەتە: یەکەم ـ قبووڵ نەکردنی دێموکراسیی یەکگرتووخواز لە لایەن کوردەوە، دووەم ـ شکست هێنانی داکترینی فیدراڵیزم، سێیەم ـ گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە. پێموایە ئەوەی دەبێتە هۆی گۆڕانگاری لە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکەدا شکست هێنانی «داکترینی فیدراڵیزم»ـە. لێرەدا نامەوێ خۆم بە مەبەست و ئەگەرەکانی لایەنگرانی ئەم داکترینەوە سەرقاڵ بکەم، چونکە پێموایە هیچ بناغەیەکی نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە لایەنگرانی هەر دوو داکترینەکە(دێموکراسیی یەکگرتووخواز و فیدرالیزم) لە هەوڵی ڕاگرتنی بارودۆخی ئارایی جوگرافیای سیاسی ناوچەکەدان. ئەم دوو داکترینە خاڵێکی هاوبەش و خاڵێکی جیاوازیان هەیە. خاڵە هاوبەشەکەیان جەخت کردنەوەیە لە سەر گۆڕانکاری لە چییەتی حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا. خاڵە جیاوازەکەیان ئەوەیە کە خوازیارانی «دێموکراسی یەکگرتووخواز» پێیانوایە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان تەنیا کێشەی ناوچەکەن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر حکوومەتێکی دێموکراتیک دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ سەرجەم کێشەکان و بە تایبەتی جیاوازییە شوناسییەکان چارەسەر دەبن. لە کاتێکدا لایەنگرانی فیدراڵیزم زیاتر لەمە چوونەتە پێش و جەخت لەسەر فرە شوناسی دەکەن. ئاکامی بەرەوڕوو بوونەوەی ئەم دوو داکترینە ئەوەیە کە هەر دووکیان دەدۆڕێن و بۆ چەند دەیەی دیکەش دیکتاتۆریخوازی درێژە دەکێشێ. سەرەڕای ئەوەش لایەنگرانی داکترینی فیدرالیزم دەبنە دۆڕاوی سەرەکی و ڕاستەقینە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش پێویستە هەڵە سەرەکییەکانی فیدراڵیزم شی بکەینەوە و دەستنیشان بکەین. تا پێش ساڵی ١٩٤٦ سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد، بزووتنەوەی سەربەخۆخوازانە بوون و تێیاندا هیچ ئاماژەیەک لە دێموکراسی و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزم نابینرێ. بەڵام لە هەمان ساڵدا سەرکردەکانی کۆماری مەهاباد سەردانی باکۆ دەکەن و بۆ یەکەم جار لەگەڵ «داکترینی فیدراڵیزم» یان هەمان ئۆتۆنۆمی ئاشنا دەبن. ئەم «داکترین»ـە کە لەو کاتدا لە ژێر ناوی ئۆتۆنۆمیدا هاتە ئاراوە، لە سەر ئەو بنەمایە دانرا کە لە بارودۆخی هەنووکەیی سیستمی نێودەوڵەتیدا، سەربەخۆیی کوردستان خەیاڵ بووە و ئەوەی لەو پێکهاتەیەدا جێگای پەسەند و لۆژیکییە و وەدی دێ، ئۆتۆنۆمی یان لە درێژەدا هەمان فیدراڵیزمە. ئەوەش بەڵگە نەویستە کە نابێ لەم وەرچەرخانە لە مێژووی خەباتی کورددا، یەکیەتیی سۆڤیەت تاوانبار بکەین. چونکە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەرجەم وڵاتان بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کە لانی زۆری بەرژەوەندی خۆیان دابین بکەن.

تێبینی: ئەم وتارە لە پەیجی نووسەری لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەرگیراوە

درێژەی:

# ڕەهەندە نادیارەکانی توندوتیژی دژی ژنان

لە راستیدا زورن ئەو پیاوانەی کە لە باری ئابوورییەوە دەست ڕۆیشتوون، خۆیان بە خوێندەوار و رەنگە رووناکبیریش دەزانن بەڵام بە خراپترین شێوە بەرەوڕوی ژنەکانیان دەبنەوە و دەست دەدەنە ئازاری رۆحی و جنسی ژنەکانیان و لەم بەینەشدا ژنەکانیان لە ژێر ناوی دیاردەی» پاراستنی ئابڕوو» دەنگ هەڵناهێنن و وەکو مۆم لە ناخی خویان دا دەتوێنەوە.

توندوتیژی لە یەکەم قوناغدا لە زەینی مرۆڤەکان دروست دەبێ و لە گوتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە جێ دەگرێ . بۆ ناسینی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دەبێ لێکۆلینەوە لە کلتور و مێژووی کۆمەڵگە بکرێ هەرچەند توندوتیژی رەگەز ناناسێت و دەتوانێ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە بەڵام لە راستیدا ژنان و منداڵان دو چینی کۆمەڵگەن کە زۆرتر دەکەونەوە بەر توندوتیژی، رەنگە بتوانین توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵان لە خانەی جیاوازی و توانایی جەستەی و فیکری لێک بدەینەوە، بەڵام نواندنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەچێتە خانەی مرۆیی و کۆمەڵایەتییەوە کە سەرچاوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە، مێژووی رەگەزی نێرا لەناخی خویدا پەرەی بە توندوتیژی دژی ژنانی داوە و ژنی کردوتە کۆیلەی دەستی پیاو و لەم نێوانەدا لێدان بووتەوە ئامرازیک بۆ گوێڕایەڵی و تەربیەتی ژن. بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی کلتوروشارستانییەت بەرە بەرە توندوتیژی رووت و دیار کەم رەنگ دەبێتەوە و جێی خوی دەدا بە توندوتیژی نادیارو شاراوە، پەسند کردنی یاساو ڕێسا بۆ کۆنترۆلی توندوتیژی فیزیکی بۆتە هۆی پەرەگرتنی توندوتیژی زمانی و رەوانی دژی ژنان، توندوتیژییەک کە کرامەتی ئینسانی ژن دەخاتە ژێر پێ و هەزاران جار کاریگەری خراپتری هەیە لە سەر دەروونی ژنان، هەروەک پێشینیان وتویانە برینی خەنجەر چاک دەبێتەوە بەڵام برینی زمان نا. ئەم چەشنە توندوتیژییە لە واقیعدا نەخۆشییەکە کە نیشانەکانی نادیارە ، کەوا بوو درنگتر دەناسرێ و چارەسەرپێکهێنانی ژیانی هاوبش کردنەکەی کاتیکی زۆرتری دەوێ و بەشیکی زۆرتر لە ژنان دەگرێتەوە.

ئاکامی لیکۆلینەوە لە نێو ژنانی ئێران نیشانێ داوە کە بەشیکی زۆر لە ژنان پاش بەرەوڕوی توندوتیژی لە چەشنی قسەی ناخۆش ، دەمەقاڵە، ڕێگری لە درێژەدان بە خوێندن و کار کردن، ئازاری جنسی ( بە شێوەی چاولێکردنی زۆری بە وێنە و فیلم سیکسی و سیکس کردن بە شێوازگەلی نەگونجاو{غیر متعارف})، ڕێگری کردن لە گەشەکردنی فیکری و کۆمەڵایەتی (بەشێوەی کۆنترۆلی پێوەندی لەگەڵ کەس‌وکار و نەهێشتنی بەشداری کردن لە کار و چالاکی مەدنی و کۆمەڵایەتی) و... بوونەوە و ئەو توندوتیژییە زەبرێکی سەختی لە ژیان و بەختەوەری ئەوان داوە و تەنانەت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیانیشدا رەنگدانەوەی هەبووە.

ئەوی کە جێ داخە ئەوەیە کە پیاوانی خوێندەوار و بە ناو رووناکبیر زۆرتر روو دەکەنە توندوتیژی نادیار دژی ژنان، چونکە پرستیژی کۆمەڵایەتی ئەوان ڕێگە نادا ئەو توندوتیژییەی لە ناخیاندا هەیە بە شێوەی فیزیکی دەری ببرن، لەم نێوانەشدا ژنانی ئاگاو خوێندەوار زیاتر لە ژنانی دیکە لەم چەشنە توندوتیژییە زەرەرمەند دەبن و خەمی پێوە دەخون، چونکە ئەوان وردتر لە ژنانی دیکە چاو لە هەڵسوکەوت و زمانی پیاوان دەکەن. رەنگە هۆی ئەوە بێ کە دایکانی ئێمە لەگەڵ کلتوری پیاو سالار و توندوتیژییەک کە لەلایەن پیاوانەوە بەرانبەریان دەکرێ راهاتبن.

بە هیوای ئەوەی کە رۆژێک بێ کە کلتوری توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێمەش نەمێنێ و ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە بە تەواوی بنبڕ بکرێ.

# مەرگی بێدەنگ

## (خەسارناسیی زمانی زگماکی لەنێو کوردەکانی باکووری خوراسان)

شیرین دەوڵەتپوور ـ دەرگەز
(بەشی یەکەم)
و: سیروان موساپوور

لە زستانی ساڵی رابردوو «ماری ئیسمیت جۆنز» دوایین پاشماوەی خۆجێییەکانی «ئەیاک»ی ئالاسکا و تەنیا کەسێک کە توانای قسەکردن بە زمانی ئەم گرووپە لە سورپێستەکانی نیشتەجێی باکووری رۆژئاوای ئەمریکای هەبوو، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بە مردنی ئەو کەسە، زمانێکی دیکەش لە زمانەکانی سەر ئەم جیهانە کەم بۆوە و لەنێو چوو. خاتوو جۆنز حەوت مناڵی لەپاش بەجێماوە بەڵام توانای پەیڤین و قسەکردن بە زمانی دایکیی خۆیان نییە، چونکە لە ئالاسکا زمانەکەیان قەدەغە کراوە و خەڵکی خۆجێیی ناچار کراون تەنیا بە ئینگلیزی قسە بکەن. لە زۆر ناوچەی جیهان، بێجگە لە سنووردارێتی و بەربەست دانانی حکوومەتەکان لە پەروەردە و قسەکردن بە زمانی دایکیی، ئەم زمانانە لە ماڵەکاندا و لەلایەن دایک و باوکانەوە تووشی سڕانەوە و لەنێوچوون دەبن. بە شێوەیەک کە هەر لەم پێوەندییەدا رێکخراوی یۆنیسکۆ رایگەیاندوە کە لە شەش هەزار و حەوت سەد زمانی دنیا زیاتر لە نیوەیان خەریکی لەنێوچوونن و بە شێوەی مامناوەنجی لە هەر پازدە رۆژدا، زمانێک لە جیهاندا لەنێو دەچێ. ئەم رێکخراوە پێشبینی ئەوە دەکا کە زیاتر لە چل لە سەدی (٤٠٪) زمانەکانی دنیا چارەنووسێکی هاوشێوەی چارەنووسی زمانی خەڵکە خۆجێییەکەی «ئەیاک»یان دەبێ.

بە هەستکردن بەم نیگەرانییە، رێکخراوە فەرهەنگییەکانی جیهان بە خستنەڕووی کۆنڤانسیۆن و راگەیاندراوی جیاواز خوازیاری پشتیوانی و زیندووراگرتنی زمانی دایکیی نەتەوە و قەومە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهانن. رێکخراوی یۆنیسکۆ وەگ گرینگترین رێکخراوی فەرهەنگیی دنیا بە دیاریکردنی ٢١ی فەورییە وەک رۆژی جیهانیی زمانی دایکیی، رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی لەم بوارەدا گێڕاوە بۆ ئەوەی زمانی دایکیی بۆ هەمیشە لە رۆژژمێری فەرهەنگیی وڵاتاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە و بە ملیۆنان مرۆڤی دوورکەوتوو لە زمانی دایکیی خۆیان بتوانن فێری ببن.

بە بڕوای کۆمەڵناسان، زمان یەکێک لە نیشانە کلتوورییەکان و بەشێک لە شوناسی قەوم و نەتەوەیەک دێتە ئەژمار. بە واتایەکی دیکە و لە روانگەیەکی فراوانتردا، دەبێ زمان لە گشت توخمە کلتوورییەکانی دیکە بە تەواوەتی بە جیا دابنرێ چونکە لە لایەک ئامرازی دەربڕین، فێربوون و گەشەی کلتوورە و لە لایەکی دیکەش کەژاوەی گواستنەوەی کلتوور لە وەچەیەک بۆ وەچەیەکی دیکەیە. ئەوەی کە کلتوور و کەلەپووری رابردووەکان بە وەچەی ئێستا دەبەستێتەوە و جیلی داهاتووش لە بەها و باوەڕەکانی وەچەی ئێستا ئاگادار دەکاتەوە، زمانە. لەم رووەوە مەرگی زمانێک تەنیا لەنێوچوون و نەمانی ئامرازێکی پێوەندی گرتن نییە بەڵکوو مەرگی کلتوورێک بە هەموو رابردوو و پێشینەکەی و مەرگی نەتەوەیەک بە هەموو شوناسی ئێتنیکی، مێژوویی، کلتووری و ئایینییەتی.

بەڵام زمانی دایکیی چییە؟ زمانی دایکیی بە زمانێک دەگوترێ کە زمانی ئێتنیکی، رەگەزی و سەرەکی دایکی مناڵە و منال قسەکردن بەم زمانە لە دایکی فێر دەبێ. زمانی دایکیی زمانی یەکەم، خۆماڵی و بنەمایەکە منال لە کاتی لەدایکبوونەوە لە دایک و لە بنەماڵەی خۆی فێری دەبێ و دەتوانێ قسەی پێبکا. لە بەرامبەردا، زمانی دووەم زمانێکی جیاوازە کە تاک لەوانەیە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا یان لە رەوتی راهێناندا فێری ببێ. پرسیار ئەمەیە کە هۆکارەکانی مانەوە یان لەنێوچوونی زمانێک چن؟ بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان شێوە و شێوازی روانینی تاکەکان بۆ زمانێک پێک دێنن و ئەم روانگە و روانینانە دەتوانن لە هەڵبژاردنی زمان و بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەران و فێرکردنی بە مناڵەکان لە چوارچێوەی خێزاندا رۆڵی دیاریکەریان هەبێ. لەنێو زمان و شێوەزارەکاندا جۆرێکیان لە کۆمەڵگەدا شانسی زیاتریان بۆ مانەوە دەبێ کە خاوەن پێگە و ئیعتباری کۆمەڵایەتی و کلتووری بەرزتر بێ. بەهرەمەندبوون لە ئیعتبار و شوێنگەی کۆمەڵایەتیش پێویستیی بە بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی و داکۆکیی سیاسی، ئابووری، زانستی، ئەدەبی و کلتووری هەیە. روانینە نەرێنییەکان تەنانەت دەتوانن ببنە لەمپەڕی پێشوازی کردنی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە بە وێژە و ئەدەبیات و بە تایبەت بە شێعر و ئەمە خۆی دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە خێرایی بە رەوتی لەنێوچوونی زمانەکە بدەن.

لە درێژەی ئەم بابەتەدا، ئامانجی سەرەکی ئەمەیە کە بزانین هۆکارەکانی راکردن لە زمانی دایکیی لەنێو کرمانجەکانی باکووری خوراسان چین؟ لەحاڵێکدا کە بەڵگە و ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم شێوەزارە لەبەردەم مەترسی دایە و وردەوردە بەرەو فەرامۆشی دەڕوا، دەبێ چ بکرێ؟ لەم دەرفەتەدا مەبەستمانە لە رەهەندێکی کۆمەڵناسانەوە تاوتوێی ئەم دیاردەیە بکەین و هۆکارەکانی لە لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و بەهایی و کلتوورییەوە شی بکەینەوە.

کرمانجەکانی باکووری خوراسان گرووپێک لە کوردەکانن کە دوای کۆچکردن لە کوردستانی تورکیە بۆ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران، لە سەردەمی شائیسماعیلی سەفەویدا، بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی خوراسان و پێشگرتن لە هێرشەکانی تورکەمەن و ئۆزبەکەکان، بۆ هێڵە سنوورییەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران کۆچیان پێکرا و نیشتەجێ کران. دواتر جێگرەوەکانی شائیسماعیل، سیاسەتی ڕاگواستنی ئەوانیان بۆ خوراسان درێژە پێدا و هۆزی زیاتریان بۆ ئەو ناوچەیە کۆچ پێکردن. بە شێوەیەک کە لە ئێستادا، حەشیمەتیان زیاتر لە ملیۆنێک کەس مەزەندە دەکرێ.(دیارە ئامارێکی ورد لەم بارەوە لەبەردەستدە نییە) کە لە دوو پارێزگای خوراسانی باکوور و ڕەزەوی نیشتەجێن. گرینگترین ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونیان بریتین لە شارەکانی قوچان، بجنورد، ئیسفراین، شیروان، چناران، دەرگەز، کەلات، ئاشخانە، مانە، سملقان، فاروج، باجگیران و بە رێژەیەکی کەمتر لە شارەکانی وەک مەشهەد، قوچان، گورگان، تاران و کەرەج. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە شێوەزاری کرمانجی کە لقێک لە زمانی کوردییە، قسە دەکەن کە ئەمڕۆکە ئەم شێوەزارە و ئەدەبیاتی زارەکییەکەی بە هۆی گرینگی پێنەدان و نەبوونی رێنووس بەکارنەهێنانی، لەبەردەم خەسار و مەترسییەکی جیددی دایە. بە شێوەیەک کە لە ساڵانی دوایی و بە پەرەسەندنی کۆچکردن و دیاردەی شارنشینی، قسەکردن بەم شێوەزارە وردەوردە لاواز بووە و خەڵک حەز و هۆگرییەکی کەمتر بە بەکارهێنانی لە ژیانی رۆژانە و هەروەها فێرکردن بە مناڵەکانیان نیشان دەدەن. لە خوارەوەدا هەوڵ دەدرێ باس لە گرینگترین هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لەم ناوچەیەدا و لەنێو کوردانی باکووری خوراسان بکرێت.

**١ـ رەوتی خێرای پرۆسەی مۆدێرنیزم و شارنشینی**

زمانناسان هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕان و لەنێوچوونی زمانێک لە فاکتەرگەلێکی وەک کۆچکردن، ئاڵوگۆڕە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەزانن و پێیان وایە کاتێک کەمینەیەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکا، بەرەبەرە زمانێک کە خاوەن هێز و بەربڵاویی زیاترە، جێگەی زمانی ئەوان دەگرێتەوە. زۆربەی کاتەکانیش ئەو زمانانە جێگەی زمانی سەرەکیی خەڵکەکە دەگرنەوە کە لە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر بەهرەمەندن. گەشەنەسەندنی ژێربنەماکانی وەرزێری و ئاژەڵداری لە ئێراندا کە دەبێتە هۆکاری دیاردەی نگریسی کۆچکردن لە گوندەکان بۆ شارەکان و ژیانی کۆچەری و راوەستاو لەسەر ئاژەڵداری و وەرزێری بەرەو لەنێوچوون برد، لە هۆکارەکانی لەنێوچوون و لاوازیی شوناس و میراتی کلتووری کوردانی خوراسان دێتە ئەژمار. پێکهاتی هۆزایەتی و گوندنشینی لەگە نزمیی ئاستی خوێندەواری و شارەزایی و ئاگایی کلتووری و شوناسی لە کۆمەڵگەی ناوبراودا، بە خێرایی ئەم هۆکارانەی زیاد کرد. هەرچەند جێڵ و ژیانی خێڵایەتی و گوندنشینی لە نێوەڕۆکی راستەقینەی خۆیاندا پێگەی رەسەنایەتی، ئایین، کلتوور، زمان و دابونەریتەکانی نەتەوەیەکە و هەر یەک لە ئێمە لە داوێنی ئەو کلتوورەدا بووە کە ئەمڕۆکە ئەم کەلەپووەمان لە باوک و دایکی خۆمان وەرگرتووە و وەک میرات بۆمان بەجێماوە، بەڵام نەبوونی بەڕێوەبەرێتی و رێنوێنیی دروستی ئەم کۆمەڵگە نائاگا و دەست لێنەدراوە لە ناسینی شوناس توانی بە هەمان رادە زیانبار بێ و خەساری گەورە بە میراتی کلتووریی کوردانی خوراسان بگەیەنێ. بە لەنێوچوونی ژیانی خێڵایەتی و گوندنشینی و کۆچکردن بەرەو شارەکان، ئەم گرووپە ناشارەزا و نائاگایە لە کۆمەڵگەی نوێی شارنشینیدا کە بەداخەوە هیچ فرەچەشنی و فرەدەنگییەک قبوول ناکا و سەرکەوتن تەنیا لە یەکدەستی و یەک شێوەبووندا دەبینێ، بۆ راکردن لەدەست روانین و هەڵسوکەوتی تێکەل بە سووکایەتی کە گاڵتە بە هێما و رواڵەت و کلتووری ئێلی و گوندیی دەکات و بە چاوی سووک سەیری دەکات، دەستیان بە دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی نوێی خۆیان کرد. ئەم گرووپە لەجیهەڵکەندراوولێک بڵاوانە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەل مۆدێرنیزم و شارنشینیدا تووشی سەرلێشێواوی و دژوازیگەلێک بوونەوە و لە بۆشایی و نەبوونی راگەیاندن، ئەنجومەن و گرووپە کلتووری ـ مەدەنییەکان و بژاردەکانی وریا و ورياکەرەوە، سەرەنجام قبوولکران و وەرگرتنی خۆیان لە شوێنی نوێ، بە «گۆڕینی شوناس» و راکردن و دوورکەوتنەوە لە شوناسی راستەقینەی خۆیان و قبووڵکردنی هاوشێوەیی لەگەل کۆمەڵگەی نوێدا بینی. یەکێک لە گرینگترین نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە شوناسییە، گۆڕانی زمانە، کە بە خێرایی لەنێو ئەم کۆچبەرانەدا بڵاو بۆوە و بە رووکردنە زمانی فارسی، زمانی دایکیی وەلا نرا. بەم شێوەیە بوو کە پرۆسەی راکردن لە زمانی دایکیی لە چەند دەیەی رابردووەوە لەنێو کوردانی باکووری خوراساندا دەستی پێکرد و لە ئێستادا بە قۆناغی جێکەوتەیی و جێگیربوونی خۆی گەیشتووە.



**٢ـ بایەخ پێنەدانی خوێندەواران و بژاردەکانی کوردی باکووری خوراسان**

زمانناسان پێیان وایە کاتێک زمان یان شێوەزارێک بە قۆناغی سڕانەوە و لەناوچوون دەگا کە ئەو مناڵانەی ئەمڕۆکە لەدایک دەبن، ئیتر بەو زمانە یان شێوەزارە نەپەیڤن. هەرچەند لەدایکبووانی ساڵانی پێشوو هەنووکەش دەتوانن بەو زمانە قسە بکەن، بەڵام بە جێگۆرکێی وەچەکان، ئیتر کەمتر کەسێک دەست دەکەوێ کە بە زمانی رەسەنی دایک و باوکی قسە بکا. ئەمڕۆکە کرمانجی باکووری خوراسان پێی لەوەها کەشێک ناوە و بەرەبەرە لە رەسەنایەتی و لەمێژینەیی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

لەم نێوەدا، یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکان لە لەنێوچوون یان زیندوویی زمانێک، بەکارهێنانی لە لایەن تاکەکان و کەسایەتییە بەنفووز و خاوەن پێگە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. ئەمە بژاردەکان و خوێندەوارانی کۆمەڵگەیەکن کە دەتوانن بەها و ئیعتبار بە زمانێک ببەخشن یان بێبەها و بێئیعتباری بکەن و لە برەوی بخەن. لە باکووری خوراسان، خوێندەواران و کۆمەڵگەی زانستی و فەرهەنگیی کورد لەو گرووپانە بوون کە تا رادەیەک زمانی دایکیی خۆیان لە بەها و ئیعتبار خستووە. ئەم کۆمەڵگەیە، ژمارەیەک لە نووسەران و چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەنێو کوردانی خوراسان لەخۆ دەگرێت کە ئەمڕۆکە بە شێوەیەک وەک تریبوون و زمانحاڵی ئەم خەڵکەش دێنە ئەژمار. بەڵام دەبێ بگوترێ کە ژینۆسایدی زمانیی لە خوراسان تا رادەیەکی زۆر بەدەستی ئەوان دەستی پێکرد. کۆمەڵگەی گوندنشینیی کوردانی خوراسان لە چەند دەیەی رابردوودا، بەرەبەرە خوێندەوار و بژاردەگەلێکی دایە دەرەوە کە بە هاوسەرگیری و نیشتەجێبوون لە شاردا وردەوردە لە شوناشی کوردیی خۆیان دوور کەوتنەوە و بە قسەکردن لەگەل مناڵەکانیان بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکیی خۆیان، بەم بۆچوونە هەڵەیە کە تاکێکی شارنشین تاکێکی فارس زمانە و هەروەها بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان دێهاتی بوونی کەسانی دیکە و شارستانی بوونی خۆیان، بەرەبەرە فەرهەنگی « فارسی بێژی»یان و فارس بوونیان هەڵبژارد و لەگەل خۆیان بۆ نێو گوندەکانیشیان برد. هەتا ئەو جێگەیەی کە بۆ خەڵکی ئاساییش فارس بوون، بوو بە جۆرێک پلەی کۆمەڵایەتی و هەنووکە ئەم دیاردەیە بچوکترین گوندەکانی ئەم ناوچەیەشی گرتۆتەوە.

ئەم گرووپە بە بیانووگەلی جۆراوجۆر و نالۆژیکی وەک فارسی بوونی زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان و ئەگەری لاوازبوونی مناڵان لە فێربوون و پێوەندیگرتندا، پاساو بۆ رەفتاری هەڵەی خۆیان دێننەوە و ئەم پاساوهێنانەوە نادروست و نالۆژیکییەشیان بۆ نێو خەڵکی ئاسایی گواستۆتەوە هەتا ئەو جێیەی کە ئەم خەڵکە وردە وردە بوونە شوێنکەوتوویان و وەک ئۆلگوو و نموونەیەکی فەرهەنگی سەرکەوتوو بۆ خۆیان سەیریان دەکەن. بێخەبەر لەوەکە ئەم گرووپە، خۆیان ساڵانێک پێشتر بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و راگەیاندن، لە ئاوایی و ناوچە دوورکەوتووەکانی باکووری خوراسان چوونە نێو سیستەمی پەروەردەی فارسی و توانییان لە زانستگە و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا بگەنە پلە و پایەی بەرزی خوێندن و ئەمڕۆکە نووسەر و ئەدیبگەلێیان لەم کەسانە بە شێوەیەک بەسەر شێعر و وێژەی فارسیدا زاڵ بوون کە لەم مەیدانە گرەوییان لەوانی دیکە بردۆتەوە و کەسانێکی دیار و بەناوبانگیان لێ دەرکەوتوون.

**٣ـ فرەیی زمانی و تێکەڵاویی ئێتنیکی لە باکووری خوراسان**

باکووری خوراسان لانکەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی قەومەکانی تورک، کورد، تورکمەن و فارسە بێئەوەی کە هەڵسوکەوتی مەزنخوازانەی قەومی بێتە ئاراوە کە ئەم فەرهەنگە خۆی دەبێتە هۆی تێکەڵاویی نژادی و زمانی و پێکهێنانی ژن و ژنخوازیی لەنێو ئەم قەومانەدا. کوردەکانیش وەک یەکێک لە قەومەکانی ئەو ناوچەیە، بەدەر لەم دیاردەیە نەبوون. مەبەست لە باسکردنی ئەم خاڵە بەهادان بەم بابەتە نییە بەڵکوو ئاماژە بەم راستییەیە کە بەداخەوە هیچ یەک لەو دایک و باوکانەی سەر بەم قەومانە نەیانتوانیوە وێنا و سیمایەکی دروست لە کلتووری و شوناسی ئێتنیکی خۆیان بۆ مناڵەکانیان بخەنەڕوو و دایک و باوک بە پاککردنەوەی رووی بابەتەکە، هەردووکیان شوناسی ئێتنیکی و زمانیی خۆیام وەلا ناوە و شوناسێکی دیکەیان لەجێگە داناوە یان لە هەندێک بابەتدا زمانی باوک بە قازانجی زمانی دایک، پەڕاوێز خراوە و وەلا نراوە.



ئەمڕۆکە ئەم دایک و باوکانە لەو ناوچەیەدا، هاوسەرگیری و تێکەڵاویی قەومی بە هۆکارێک بۆ نەبوونی فێرکردنی زمانی دایکیی بە مناڵەکانیان دەزانن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ناتوانرێ سەبارەت بەم مناڵە دووڕەگانە نوسخەی شوناسی بپێچرێتەوە یان شوناسێک بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بکرێ و لەسەرتر دابنرێ. هەروەک کە هەر مرۆڤێکی ئاگادار لە مافەکانی مرۆڤ دەزانێ سەپاندنی ئیجباری و بەزۆرملێی زمان یان شوناسێک لە ناوەڕۆکی خۆیدا زەوتکردنی مافە مرۆییەکانی ئەو تاکەیە. ئەمە کە دایک و باوکان لە زمان و کلتووری جیاوازن، ئەمڕۆکە نە تەنیا خاڵێکی لاواز نییە بەڵکوو دەرفەتێکە. دەرفەتێک کە بتوانرێ لە ماڵدا دوو زمان فێری منا بکرێن و بێجگە لە چوونەسەری هۆش، ژمارە و زانیاریی زمانیی ئەو کەسەش دەوڵەمەندتر دەکا کە ئەمڕۆکە لە سەردەمی پێوەندییەکاندا، زانینی زمانە جۆراوجۆرەکان، خۆی یەکێک لە گرینگترین پێوەرەکانی سەرکەوتن و دامەزراندنی پێوەندی و لێک تێگەیشتنە.

( بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم وتارە لە ژمارەی داهاتووی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە)

لە گۆڤاری «مەهاباد» وەرگیراوە



# بەیتی کوردی لە خوێدنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیک‌دا

رەهبەر مەحموودزادە

بەشی یەکەم

لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی بەیتناسی‌دا، هەمووکات شێوازە جوداوازەکانی بەیت و باو و بەگشتی لقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، هەر کامەیان بە جودا و بە شێوەیەکی لێکدابڕاو تاوتۆی کراون. لاوک بە ژێرکۆمایەک (زیرمجموعە) لە خەرمانی ئەدەبی زارەکی کوردی و حەیران بە ژێرکۆمایەکی تر حسیاب کراوە. ئەوپەڕی پێوەندی نێوان ئەم دوولقە فۆلکلۆرییە کە بە رەسمی ناسرابێ و باسی لێوەکرابێ، لەوانەیە هاوسنووری و جیرانەتی بەستێنەکانیان بووبێ، تەنانەت ئەوکاتەی بۆنموونە کار لەسەر بەیتەکان کراوە هەرکام لە بەیتەکان، سەربەخۆ لەوانی تر شرۆڤەکراون. سەیدەوان باسێکی تایبەتی لەسەر کراوە و خەج و سیامەند باس و خواسی جوداوازی تری بۆ ئامادەکراوە. دەکرێ بڵێین بەگشتی دوو هۆکار بۆ پێک هاتنی ئەم بارودۆخە، کاریگەرێتی تایبەتیان بووە:

ئەلف. جەخت کردن لە سەر ناوەرۆکی هەرکامە لە بەیتەکان بە جودا و گرینگی نەدان بە فۆرم و پێکهاتەی گشتییان.

ب. جۆرە تێڕوانینێک بۆ بەیت کە گرینگی بەیت هەر بەتەنیا لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی ئەم بابەتەدا دەبینێ و بەیت وەکوو بابەتێکی هونەری کە خاوەنی جوانیناسی تایبەت بە خۆیەتی و وەکوو ژانرێکیی ئەدەبی خۆبژیو کە خاوەنی یاسا و ڕێسای خۆیەتی، بەڕەسمی ناناسێ.

دیارە هەرکام لەم گریمانانە، گرفتی تایبەت بە خۆیان بۆ هەرێمی باس و بابەتەکانی بەیتناسانە ڕەکێش دەکەن. ئەگەر ئێمە هەر بەتەنیا قسە لە سەر ناوەرۆکی بەیتەکان بکەین، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ نموونە مەنزوومەی شێعریی «قەڵای دمدم»ی مەلاکەریم فیدایی، چ جوداوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەیتی «دمدم»ی رەحمان بەکر دەبێ؟ یان مەم و زینە وەرگێردراوەکەی هەژار چ جوداوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ مەم و زینی نوسخەی ئۆسکارمان دەبێ؟ ئەگەر لە وڵامدا بڵێین «قەڵای دمدم»ی مەلا کەریم فیدایی لەباری ناوەڕۆکەوە، جوداوازە لە بەیتەکەی رەحمان بەکر. دەکرێ ئەم وڵامە بەم پاساوە ڕەت بکرێتەوە کە ئەم چەشنە جوداوازییە ناوەرۆکییانە، تەنانەت جوداوازی لەمەش زیادتر، زۆر جاران لە نێوان دوو نوسخەی بەیتێکیش‌دا بەدی دەکرێ. ئەگەریش بڵێین جوداوازی ئەم مەنزوومە شێعرییە، لەگەڵ بەیتە فۆلکلۆرییەکە، جوداوازییەکە واوەی جوداوازی ناوەڕۆکی و پێوەندی بەفۆرم و پێکهاتەی هەرکام لەو بابەتانەوە هەیە. ئەو دەم ڕاست دەگەین بەو قەناعەتە کە بۆ ناسینی بەیتەکان جەخت کردنی ڕووت لەسەر ناوەرۆکی بەیتەکان، کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشێ بەو کەسانەی بە ڕاستی بەدوای ناسینی بەیتەوەن. ئەو شێوازە بەیتناسییە وا نەتوانێ بە شێوەیەکی شیکارانە جوداوازییەکانی بەیتێکی فۆلکلۆری لەگەڵ مەنزوومەیەکی شێعریی لێک بداتەوە، شێوازێکی شیاوی پشت پێ بەستن نییە.

دیسان گرفتێکی تر کەهەر گریمانەی ئەلف بۆمانی سازدەکا، ئەوەیە کە بۆ نموونە لەبابەتی وەکوو ئازیزە یان پاییزە یان گەلۆ دا، کەم و زۆر چوارچێوە ناوەرۆکییەکان دیاریکراون. زۆربەی نوسخەکانی پایزە، بە چاوپۆشی کردن لە هەندێک جوداوازی ناگرینگ، ناوەرۆکێکی هاوبەشیان هەیە. ئازیزە و گەلۆش هەروەتر دەی ئەگەر گرینگی باسەکە هەر لە ناوەرۆکی ئەو بەندانە دایە، ئێمە بەچی دەزانین نوسخەیەکی ئازیزە لە نوسخەیەکی دیکە جوانتر و هونەریترە؟ بەیتناسێک کە تەواو ئاشنای بەندی گەلۆیە، ئەگەر نوسخەیەکی تازە دۆزراوە لەم بەندەی – کەپێشتر نەیدیتووە– لە بەردەست دابندرێ، تەنانەت بەر لە خوێندنەوەشی، زۆر و کەم دەزانێ بەندەکە باسی چی دەکا، ئەوەی ئەو بەیتناسە لە یەکەم خوێندنەوەی دا سەرنجی دەداتێ، چۆنیەتی دارێژرانی ڕستەکان و ڕادەی ناسک بوونی تەعبیرەکان و بە گشتی شێوەی دەربڕین لەم نوسخەیە دایە و ئەوانە هەموویان لە دەرەوەی بەستێنێکی ناوەرۆکی ڕووتن.

بۆچوونی دووهەمیش بە شێوەیەکی تر لە گرینگی بەیت کەم دەکاتەوە. گومان لەوە دا نییە بەیتی کوردی سامانێکی چڕ و پڕ و دەوڵەمەندی لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لەخۆ گرتووە. بەڵام بەم حاڵەشەوە بەیت نە بەتەنیا بابەتێکی مێژوویی یە و نە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ڕووتیشە. ئەگەر وابا دەبوو بەهۆی وتارێکی شیکارانەی مێژوویی لەسەر کارەساتی دمدم، هەرچی نوسخەی بەیتی دمدمە وەلا نرابان، بەڕاستی ئەگەر لەبایەخە تایبەتەکانی جوانیناسی بەیت بترازێین، ئەو بەندانەی خوارەوە لە بەیتی دمدم، لەباری مێژووییەوە هەڵگری چ زانیاریگەلێگی بەقەدر و قیمەتن؟

سوارێک هات بە نادری
کەس نییە چەکانی وەرگری
خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»
«خان ئەوە عەزرەتی خدری»
سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ



بەویە سووڕەتی بەهەشتێ
خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»
«ئەوهە وەیسی ماهی دەشتێ»
سوارێک هاتووە لە کارخانێ
بەویە سووڕەتی ئیمانێ
خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»
«خان شێخ عەبدولقادری گێلانێ»
سوارێک هاتووە هونەرمەندە
ئەسپابی دەعوایەی ڕەندە
خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»
«خان ئەوهە شاهی نەخشبەندە»

بەڕاستی بڵێی بکرێ ئەم بەندانە وەکوو بەشێک لەو ڕاپۆرتە مێژووییە چاویان لێ بکرێ کەباسی ڕووداوی دمدم دەکێڕنەوە؟ لەوانەیە لە نووسراوە مێژوویەکانیش‌دا، گەیشتن بەو عەینییەتەی هەموو جوداوازییەکان لە هەموو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان بسترێتەوە، کارێکی گونجاو نەبێ. بەڵام بەلانی کەمەوە دەکرێ بڵێین لە نووسراوە مێژووییەکان‌دا، گەیشتن بەو عەینییەتە دەتوانێ وەکوو ئامانجێک ـ تەنانەت ئەگەر زۆر دوورە دەستیش بێ ـ لەبەرچاوی هەموو مێژوونووسێک بێ. کەچی ئێمە لەو بەشەی بەیتی دمدم‌دا، لەجیاتی عەینییەتی مێژوویی، لەگەڵ زەینییەتی تایبەتی کوردێک بەرەوڕوو دەبینەوە کە ئەگەرچی باپیرانی لە مەیدانی شەڕێکی نابەرانبەردا دۆڕاون، بەڵام لە چوارچێوەی تایبەتی بەیتەکەدا، دیاری‌کردنی ئارایشتی سوپای هەردووک لا بە مافی خۆی دەزانێ. بۆیە زۆر بەشێنەیی و لە سەرەخۆ، بەوپەڕی تێڕادیوییەوە، سوڵتان مەعرووفی کەرخی و شەمسی تەورێزی و ڕابیعەی عەدەوی و سەعدی وەقاز ڕەوانەی ناو سوپای کوردان دەکا و لەبەرانبەر دا هەرچی کافر و مەلعوونە، بە پاڵەوەپەستۆ دەباڵ قۆشەنی هەنگامەی عەجەم دەپەستێ. کەواتە دەڵێین دەقی بەیتی دمدم، وەکوو هەموو بەیتەکانی دیکە دەقێکی هونەری یە.

نیشانەناسی، وەکوو زانستی تاوتۆی کردنی دەلالەتە جۆراوجۆرەکان پێمان دەڵێ هەرچی نیشانەی زانستی یە تەعبیر لە عەینییەتێک دەکا، بەدەر لە شوێن وەرگرتن لە زەینییەتە تاکەکان. بەڵام نیشانەی هونەری تەعبیر لەو زەینییەتانە دەکەن کە دەیانهەوێ لەسەرڕاوە، بەشێوەیەکی تازە جیهان بخوڵقێنیتەوە. بۆیە هیچ لەمپەرێک ڕێگا لە بەیتبێژی کورد ناگرێ هەتا شەڕی قەڵای دمدم بە خەزایەک ببینێ کە ئاڵای نەبی تێ‌دا هەڵکراوە.

ڕوانینی ڕووتی مێژوویی بۆ بەیت تەنانەت ئەم ختووکەیەشمان لە دڵ دەهاوێ کە بۆ نموونە نوسخەکانی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ کۆ کەینەوە و بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، هەڵە مێژووییەکانیان لێ هەڵپەڕتێوین و نوسخەیەکی پاڵاوتە لە بەردەستی خوێنەر بنێین!

مێژوونووس حەقی خۆیەتی بۆ ناسینی زیادتری کەسایەتی کاکەمیر و کاکە شێخ، ئاوڕ لەو نوسخانە نەداتەوە کە لەگەڵ دەقی شەرەفنامە ناکۆکن و زیادتر ئەو نوسخانەی بەلاوە پەسند بێ کە نێوەرۆکیان لەگەڵ نێوەرۆکی سەرچاوە مێژووییە باوەڕ پێکراوەکان یەک دەگرێتەوە، بەڵام نە ئەو مێژوو نووسە دەتوانێ بەم پاساوە کە ئەو نوسخانە هەڵەی مێژووییان تێ‌دایە شورت و گومیان بکا و نە بەیتناسیش دەتوانێ لە کاری بایەخ دانان بۆ ئەم نوسخانە، جوانکاری و ناسککارییە هونەرییەکانیان پشت گوێ بخا و هەر بە تەنیا گرینگی بە سەنەدییەتی مێژووییان بدا.

وەکوو دوایین گوتە لەم بارەیە دا دەمهەوێ پرسیارێک ئاراستەی بەیتناسان و خوێنەرانیش بکەم، پرسیارێک کە لەناو چوارچێوەی بارودۆخێکی گریمانەیی دا دەتوانێ بێتە ئاراوە: با وای دابنێین دوو



نوسخەمان لە بەیتی «کاکە میر و کاکە شێخ» لە بەر دەست دایە. ناوەرۆکی یەکێکیان لەگەڵ دەقی سەرچاوە مێژووییەکان یەک دەگرێتەوە و ئەوی تریان ئەو هاوجووتییە ناوەڕۆکییەی تێ‌دا بەدی ناکرێ بەڵام ئەو نوسخەیەی نارێکە لەگەڵ دەقە مێژووییەکان، خاوەنی فۆرمێکی زۆر پتەو و پێکهاتەمەندە و ڕستەکانی زۆر وەستایانە دارێژراون و تەعبیرەکانی لەوپەڕی ناسکی دان و نوسخەکەی تر لەم ڕووەوە ناگاتە ئاستی ئەمەیان. بەڕاستی لەم حاڵەتەدا بەیتناسێکی شارەزا، کامە نوسخە بە هونەری تر و گرینگ تر دەزانێ و بێ ئەوەی هەوڵی شورت و گوم کردنی هیچ کامیان بدا، کامەیان بەرزتر دەنرخێنێ؟

بە وەلانانی ئەو شێوە لێکۆڵینەوانەی هەر بە تەنیا جەخت لە سەر لایەنی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بەیت دەکەن، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چ مێتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بەیت لەبار و بەکەڵکە؟ چ جۆرە شیکارییەک دەتوانێ چوارچێوەی بەیتمان پێ بناسێنێ و لە تاوتوێ کردنی دەقە جۆراوجۆرەکان‌دا شارەزامان بکا؟

ئەو بابەتەی لێرەدا دەمانهەوێ بیخەینە ڕوو، هاوچەشنی ئەو بابەتەیە کە لە وەڵامی پرسیارێک‌دا گەڵاڵە دەکرێ کە لە بارەی چۆنیەتی فێربوونی زمانێکی تازەوە پرسیار دەکا. دوای ئەوەی کەسێک ڕێزمانی زمانێکی تازە فێربوو و تا ڕادەیەکی شیاو ئاشنای وشە و زاراوەکانی ئەم زمانە تازەیە بوو، ئینجا بۆخۆی دەتوانێ ڕستەی ڕێزمانی تازە کە دەلالەت بۆ مانای دڵخوازی دەکەن، دابهێنێ.

ئایا دەتوانین بەیتیش بە خاوەنی ڕێزمانێکی ئەوتۆ بزانین کە بکرێ یاسا و ڕێساکانی بدۆزرێتەوە و چوارچێوە گشتییەکەی وێنا بکرێ؟ بەڕاستی دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ڕێزمانەی دانە دانە ڕستەکانی ناو بەیتی پێ دادەڕێژرێ، ڕێزمانی کوردی بێ، ڕێزمانێکی بووتیقاییش هەیە کە بەگوێرەی ئەم ڕێزمانە تایبەتە چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان و بەندەکان و بە گشتی چۆنیەتی تەرکیبی بەیت، دیاری دەکرێ. دۆزینەوەی چوارچێوەکانی ئەم ڕێزمانە بووتیقاییە، گەورەترین هەنگاوە کە لە بواری بەیتناسی دا دەتوانین هەڵیهێنینەوە.

ئێمە ئەگەر بزانین بۆ نموونە هەر بەندەی حەیران لە سێ بەش پێک دێ و کۆتایی هەر بە شەش لە خۆگری ڕێکەوەندێکی سەرواداراوە کە سەرواکەی لەگەڵ سەروای دوو بەشەکەی تر یەکن، ئەو دەم دەتوانین ئەوەندە شارەزاییە وە دەست بهێنین کە بزانین لەو دوو بەندەی خوارەوە، کامەیان بە شێوەیەکی ڕێزمانی دارێژراون و کامەیان لەم دەربرینە ڕێزمانییە بێ بەرین.

بەندی یەکەم:
ئەمن دەڵێم لەوێ نۆرێ هەتا ئەوێ نۆرێ
ئەوە مەڕ و مێگەلی خۆیان ڕاکێشان بۆ سەر گۆلی دە بەرخ شۆرێ
ئەتۆ دای و خۆشکی دە خۆت نەبوون
لە بۆتیان ناردبانەوە بە دیاری هەر دۆڵاغ و گۆرێ

بەندی دووهەم:
ئەی خودا هاوار ئەی موسولمانان!
کوڕم کوژراوە
بە پیرە سەری جەرگم بڕاوە
نەک هەر فۆرمە فۆلکلۆرییەکان خاوەنی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیانن، بەڵکوو چۆنیەتی ئاڵ و گۆڕ کردنی فۆرمەکان و چۆنیەتی گۆڕانیان لە قاڵب و شێوە گوتنێکەوە بۆ قاڵب و شێوە گوتنێکی تریش، خاوەنی ڕێزمانێکی ڕێک و پێکە.

**درێژەی هەیە**

**لە وێبلاگی نووسەر وەرگیراوە**

هەڵە چێنی

# لە دونیای مەجازییدا تەنیا پشت بە هاهاهاهایەک ببەستە



مستەفا شێخە

دنیای مەجازیی ئەم سەردەمە لەگەڵ دنیای مەجازیی جاران جیاوازییەکی زۆری هەیە. جاران تەنیا سۆفی و دەروێش و عارف و لەخواترس دەیانتوانی بە فڕاندنی خەیاڵیان و ڕۆچوون بەناو دونیای فانتازیا دا خۆشترین ساتەکانیان بخوڵقێنن. بەڵام دونیای مەجازیی ئەم سەردەمە شتێکی دیکەیە. لەم دنیایەدا ئەوە تەنیا خۆت نی باڵی خەیاڵ لەخۆت دەنێی و بەناو لاپەڕەکانی وێبدا لە شەققەی شاباڵان دەدەی.

لەم دنیایەدا کە سەرهەڵگرتن و ڕێگەبڕین بە ناو گنج و تۆێژاڵە سەیر و سەمەرەکانیدا، هۆشت لێدەستێنێت، ئەوە بەشدارانی فێڵبازی دونیای راستەقینەن کە لەسەر ئەم جیهانە بەسەر نوشستی و ناکامیدا کەوتوون، لەوێ لێت قوت دەبنەوە، بەربینگت پێ دەگرن و بەردی سارد و گەرم دەخەنە سەر ڕێگەتەوە.

لەم دونیایەدا جاری وایە پرسیاری زۆر سەیرو سەمەرەت لێدەکەن کە بە بیستنیان سەربەقوڕ و مل بەهەش و باوک مردووش لە بەرپێکەنین تووشی ژانە سک دەبێت. دوو لەڕووی ئێوە، لەشەرمان ئەمجوورە پرسیارانە هەر لە دڵی خۆمدا دێنم و دەبەم، بەڵام زۆر شت لەم دونیا مەجازیەدا زۆرزۆر خۆشە. بۆ وێنە سیاسەت. سیاسەت لە دونیای مەجازیدا شتێکی جیاوازە.

تۆ، لەگەڵ تۆمە کە ئێستا ئەم بابەتە لە سەرلاپەڕەی کاغەز یان لە سەر دیسکتاپی کامپیۆتێرەکەت دەخوێنیەوە. هەر ئێستا دەتوانی ئەم بابەتەی بەردەستت بەلاوە بنێی و خۆت بە شەپۆلی دنیای مەجازیی ناو وێب بسپێرێ. دوای خوێندنەوەی چەند ستاتوس و کامێنت و تێبنی و چەند کورتە وتارێک و دیتنی سێ‌چوار گرتەی ڤیدیۆیی و شووتی وەبن هەنگڵ نانی ئەم و ئەو، هێندەی بڵێی یەک و دوو، بە قەننەکێشێک بۆ خۆت دەبی بە رووناکبیر.

جاری لە سەرەتاوە دەتوانی بە ناوی خۆت نەڕۆیە ناو ئەم جیهانەوە. ناوێکی خوازراو بۆخۆت هەڵبژێرە. چ زۆرە ناو. لە ناوی بەرد و دار و چیا و ناوە ئەفسانەییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ناوی گەورەپیاوان و بیرمەندان.

هەر لە خۆڕا ناوی خۆت بنێ نیچە، ڕۆڵان بارت، هیتلێر، ماندێللا، چووزانم بە کەیفی خۆت بکە. بۆ ئەوەی هەستی کەسانی لای خۆمان ببزوێنی، ناوی وەک شاخەوان و بیرمەند و شۆڕشگێڕ و شتی وا باشترە، بەڵام ناوێکی ژنانە پێشکەوتنەکەت چەند ئەوەندە خێرا دەکات. بە ناوێکی خانمانە بچیە ناو ئەم دونیا مەجازییە، لێت تێک دەچێت بوویە بە رووناکبیر یان شاجوانی یەکەمی جیهانی. ئەگەر بایی تووزێکی قانگی ناوپووک لە دونیا تێنەگەی پیاوانی لای خۆمان دەتکەن بە چالاکی ریزی پێشەوەی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و لەبەر وەڵامدانەوەی پەیام و یادداشتە تایبەتیەکان و ئەو هەموو ڕێزەی لێت دەگیرێت، ناچاری بەدزیەوە خۆت بەناو دونیای مەجازیدا بکەی. بۆ ئەوەی رووناکبیران و زانایانی مافخواز و یەکسانی‌خوازی جیهانی سیاسەت و ڕۆشنبیری و سەقافەت، شان وەبەر ئەرکی خۆیان بدەن و وەک رووناکبیر و زانا و چالاک بە دونیات بناسێنن، لە بەشی چەت کردن و پەیوەندیی دووبەدوو دا، لە دوای هەر یەکدوو ڕستەوە هاهاهاهایەکیان بۆ بنووسە. خاترجەم بەم ئەم هاهاهاهایە دەرئەنجامی باشی لێدەکەویتەوە و دەبێتە تێشووی دوارۆژ و وەک چراڵەنتەریی ناو تاریکستان ڕێگەی روناکبیر بوونت بۆ دەکاتەوە. ئەم هاهاهایە، کاتێک لە بەشی چەت و پەیوەندیی دووبەدوو تێدەپەڕێت و بکەوێتە ناو بەشی کامنێتەکانەوە، بە جوملە واتە بەکۆ سەرنجی گشتی بۆ لای تۆ رادەکێشێت.

دوای ڕەچاو کردنی ئەم ڕێنماییە کورتە، بە مەرجێک بتوانی وێنەیەکی جوانی کچێکی سەر بەنەتەوەیەکی دوورەدەست کۆپی بکەی و بیکەی بە وێنەی پڕۆفایلت، ڕەوتی بە رووناکبیر بوونت زۆر خیراتر دەبێت.

دوای ئەزموونێکی کەم لەم دونیا مەجازییەدا دەتوانی هەم وەک شاجوان و هەم وەک رووناکبیر بۆ هەر بابەت و وێنەیەکت سەدان لایک و کامنێت کۆ بکەیەوە. بەڵام ئاگادار بە، نەکەی بە ناوی راستەقینەی خۆت بابەتی ڕێک و پێک و بەڵگەدار بخەیە بەرچاوی بەشدارانی هەراوی ماوس بەدەستی وێبکەم نەکراوەی ئەم جیهانە پێشکەوتوو و پۆست مۆدێڕنەوە!

..........................................

..............................

.......................

.....................

...................

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 597 5 des 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

## به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کەم ئەندامان

**پێشکەشە بە هەموو هاوڕێ گوڵە پەڕپەڕ بووەکانی خەباتی کوردایەتی و**

**بە گشتی هەموو کەم ئەندامان**

نووسینی: هەڤال

**تۆش پێشمەرگە بووی؟**

لە ئێوارێکی پاییز دا کە شەو دەهات بە سەر شاردا زاڵ بێ،وەبیر هاوڕێکەم کەوتمەوە کە لە نێزیک ماڵەکەی من دەژیا. تەلەفونم بۆ کرد وەتم، ئەگەر کاتت هەبێ دەمەوی سەردانێکت بکەم، لە وەڵام دا وەتی یارەبی بە خێر بێیت زۆرم پێ خۆشە.

پاش ماوەیەک لە دەرگام دا. گەڵا نارنجی‌یەکانی سەر ڕێگا کە بە بای پاییزی لە کۆڵانەکان دا وەریبوونە سەر زەوی لە گەڵ پێڵاوەکانما خشەخش خۆیان کرد با ژوورەکەی دا. ویستم فڕێیان دەمەوە دەرێ، کە هاوڕێکم وتی لێیان گەڕێ، زۆرم حەز لەو گەڵایانەیە. وتم بۆ؟ وتی زۆر شتی خۆشم دەخەنەوە بیر، زۆر جار لە گەڵ پێڵاوەکانما خۆیان بە ماڵە قورماوی‌یەکان دا دەکرد.

پاش خواردەنەوەی قاوەیەک هەر وەک چۆن بەڕێوەبەری پرۆگرامی تەلەڤزیۆنەکان داوا دەکەن دەنگی تەلەفزیۆنەکەمان کز بکەین لە کاتی قسە کردن دا، ئێمەش بۆ ئەوی لێک حاڵی بین دەنگی تەلەفزیۆنەکەمان کز کرد و دەستمان کرد بە قسە کردن. ئاوڕێک لە ڕابوردوو بیرێک بۆ داهاتوو بابەتی باسەکانمان بوون:

من: تەمەنت چەندە؟

ئەو: لە نێردیوانی تەمەن سەر کەوتووم ئێستا خەریکی داگەڕانەوەم بۆ خوارێ.

من: یانی چی؟

ئەو: یانی لە ٣٥ تێپەڕیوم دەڕوم بۆ ٧٠

من: تۆش پێشمەرگە بووی؟

ئەو: ئێستاش هەر پێشمەرگەم.

من: کەی بووی بە پێشمەرگە؟

ئەو: پێش ئەوەی هەست بکەم پێویستم بە ڕدێن تاشین هەیە، پێش ئەوەی تێرتێر چاو بە کولانەکانی شارەکەم دا بگێڕم، پێش ئەوەی بۆ ژووانی کچێکی جیرانمان بچمە کولانەکەی ئەو دیو ماڵەکەمان، پێش ئەوەی کچان یەکەم گوڵی خوشەویستیم بۆ لێ بکەنەوە و لە بەرووکمی دەن، پێش ئەوەی خوێندنی ناوەندی تەواو کەم، پێش زۆر شتی تریش بیرم لای پێشمەرگە بوو و بووم بە پێشمەرگە.

من: چۆن بووی بە پێشمەرگە؟

ئەو: لە ئێوارەیێکی ساردا کۆمەڵێک چەکدار خۆیان کرد بە کۆلانەکەماندا کە زانیمان پێشمەرگەن هەموو خەڵکی بەرەو پیریان چوون، منیش چووم و ئیدی لەو کاتەوە بووم بە هاورێیان و شاخەکانم کردە ماڵ و زێد و هێلانی خۆم ئەو کاتانەش زێڕینترێن کاتەکانی ژیانمن.

من: چی فێر بووی لەوێ؟

ئەو: لە ژێر چادرێکی کۆن دا فێری ئەو بەها ئینسانیانە بووم کە خەڵک لێرە (هەندەران) لە باشترێن زانکۆکان دا بە شوێنیدا عەودالن، دێموکرات بوون، سەداقەت، کۆڵنەدان، فیداکاری، لەسەرەخۆ بوون، ڕێزی بەرامبەرەکەت گرتن، خاون ڕای خوم، سەر ئەنجام لە پێناو میللەتەکەم دا ئەگەر پێوست بێ مردن.

من: هەموو کات هەر لە ژێر ئەو چادرە دا بوون؟

ئەو: نا. کاتێک باڵندە کوێستانی‌یەکان دەچوونە خەو مانگ بە ئاسمانەوە هیلاک دەبوو، بەفر وردە وردە دەبوو بە سەهوڵ و بەستەڵەک تا خۆی پتەو کا و لە بەرابەر خۆری بەیانیدا نەتوێتەوە، ئێمەش فتیلەکەمان دەکوژاندەوە و لە چوار لاوە بەرەو تەختایی بەرەو مێرگ و چیمەن بەرەو خۆشەویستی بەرەو قووڵایی ناوچە داگیرکراوەکان دادەگەڕاین بۆ ئەوەی زیاتر تووی شۆڕش و بەرخودان بچێنین. تا دەگەڕاینەوە ناو چادرەکە زۆری پێدەچوو. لەو سەفەرەدا زۆر هاوڕێی خۆشەویستمان نەدەگەرانەوە و شەهید دەبوون، هەر لەوێ لە تەختایی لە ناو مێرگ و چیمەن، لەو شوێنی کە پێی دەڵێن گۆڕی سەربازی ون تەسلیم بە خاکمان دەکردن روحیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ، زۆرێشمان وەک من ئەندامێکی لەشیان بۆ ڕزگاریی میللەتەکەیان دەبەخشی.

من: ئەو هەموو زەحمەتەی کێشاوتانە، هیچ ئاکامێکی بووە؟

ئەو: لە بیرت نەچێ کوردستانی باشوور کە گەیشتوتە تەختایی ئازادی و حکومەتی کوردستان و پارلەمان، بەرهەمی فیداکاریی پێشمەرگەیە. هەر ئەوەی کە تا ئێستاش نەمان هێشتوە داگێرکەرانی کوردستان ئاوا بە سووک و ئاسانی لە کوردستاندا ڕەمبازین بکەن، تا لاوانی خوێن گەرم نەوەی نوێ هاتوونەتە نێو ریزی خەبات، دەسکەوتی گەورەن بۆ میللەتەکەمان.

من: تۆ کەسێکی کە لەو خەباتە دا ئەندامیکی خۆت بەخشیوە، ئەگەر سروشتی مرۆڤ بە شێوەیێک بووایە کە ئەندامەکانی لەش جارێکی دیکە ڕووابانەوە، ئامادەی جارێکی دیکە بۆ ڕزگاری میللەتەکەت بی بەخشی‌یەوە؟

ئەو: ئەو ڕووبارە خوێنەی کە بەڕێوەیە سەرچاوەکەی هی باشترین ڕووڵەکانی ئەم گەلەیە، بۆیە ئەگەر ئەو رووبارە دیسان خوێنی ئێمەی بووێ تا دەگاتە مەنزڵگای خۆی، ئەوە دوو چاوی‌تر، ئەوە دوو دەستی‌تر.....هتد وە ئەگەر پێوست بێ ئەوا وەک پێشمەرگەکەی نێو چادرەکە، ئامادەین بۆ فیداکردنی گیانمان.

من و ئەو: بژی پێشمەرگە ئەی پڕشنگی ئاوات.

بژی پێشمەرگەکەی حیزبی دێموکڕات

ژیانت بێ شکان و بێ بەدی بـــــێ

بەئاواتین* کە ئاواتت بەدی بـــــێ

*هەڵبەستەکە خۆی دەڵی «بە ئاواتم کە ئاواتت بەدی بی»، لە بەر ئەوی ئێمە ٢ بووین کردمان بە «ئاواتین».

## میسر ویزای به هەیئەتی سینەمایی ئێران نەدا



سەرۆکی فستیڤاڵی فیلمی قاهیرە وێڕای ئامادەبوونی بلێت و هۆتێلی هەیئەتی سینەمایی ئێران، وتی، وەزیری دەرەوەی وڵاتی میسر ویزا بە هەیئەتی سینەمایی ئێران نادا و ئەوان پێویست ناکا لەم فستیڤاڵەدا بەشدار بن.

عیزەت ئەبوو عووف، سەرۆکی فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە قاهیرە ڕایگەیاند کە هەیئەتی سینەمایی ئێران بۆیان نییە لەم فستیڤاڵەدا بەشدار بن.

هەروەها ناوبراو لەم بارەیەوە وتی، گیروگرفتی هەیئەتی ئێرانی لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی میسرە کە ویزایان پێ نادا.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئێران زیاتر لە ١٠ ساڵە فیلمەکانی خۆی بۆ ئەم فستیڤاڵە دەنێرێ و پێشوازی باشیشی لێکراوە. بەڵام دەزگای ئەمنیەتیی نێوخۆی میسر ئێزن نادا کە ئێرانییەکان پێیان لە خاکی ئەم وڵاتە بنێن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە سی و پێنجەمین خولی فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی قاهیرە پاش ڕۆژێک وەدوا خستن سەرئەنجام ڕۆژی چوارشەممە دەستی بە کارەکانی کرد.

## سێهەمین فستیڤاڵی کورتەفیلمی «نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان» لە هەولێر بەڕێوەچوو



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی نوامبر، سێهەمین فستیڤاڵی نێونەتەوەیی نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان بە وتاری وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر کرایەوە.

ئەم فستیڤاڵە بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ بە بەشداری ٥١ فیلمی کوردی، وڵاتانی ئێران، فەرانسە، تورکیە، فەنلاند، بریتانیا و عێراق درێژەی هەبوو و ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ نوامبر پاش خەڵاتی فیلمی سەرکەوتووەکان کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

شایانی باسە کە دەرهێنەران و سینەماکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدار بوون.

سینەماکارانی بەشداربووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم فستیواڵەدا بریتی بوون لە:

شەهرام عەلیدی وەک ئەندامی لێژنەی داوەران، مریەم دۆستی بە فیلمی نانی بەیانی، جەلال نەسیری هەند بە فیلمی سەفەری سارد، تەیموور قادری بە فیلمی هەزار میوەی بەهەشت، هیوا سۆفی بە فیلمی دەنگی پیاوێک، مێهران عەباسیان بە فیلمی ژیلەمۆ، مەهسا دێهکوردی بە فیلمی لێدان، نادیە سەلیمی بە فیلمی دوو ماڵ لە باغێکدا، مەتین قوبادی بە فیلمی لە باغ بپرسەو شیلان سەعدی بە فیلمی کۆڵانێک لە پشت ماڵی ئێمەوە.

## لە ئاکامی ڕاپرسییەک دا کەرکووک دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان




لە ڕاپرسییەکی ماڵپەری بی بی سی کە تایبەتە بە کەرکووک، ٩٤٪ی بەشداربووان دەنگیان بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆسەر هەرێمی کوردستان داوە.

ڕاپرسیی «کەرکووک دەخرێتە سەر کوێ؟» دوو بژاردەی بەغدا و کوردستانی عێراق (هەرێمی کوردستان) لەبەردەمی بەشداربووان داناوە.

تا کاتی ئامادەکردنی ئەو هەواڵە، ١٧ هەزار و ٨٠ کەس لەو ڕاپرسییەدا بەشدارییان کردوە و ٩٤٪ی بەشداربووان دەنگیان بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان داوە و تەنها ٦٪ی بەشداربووانی ئەو ماڵپەرە عەرەبییە دەنگیان بۆ بژاردەی بەغدا داوە.

ئەو ڕاپرسییەی bbc arabic دوای ئەوە دێت کە بەهۆی هاتنی هێزی دیجلە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان، گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پەرەی سەندوە و ژمارەیەکی زۆری هێزی پێشمەرگە و سپای عێراق لە کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان جێگیر کراون.

## درەوشانەوەی وەرزشوانی کورد لە سێهەمین ڤستیڤاڵی جیهانیی هونەرە ڕەزمییەکان



بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی «کوردستان و کورد»، دوو وەرزشوانی کورد بە ناوەکانی «شۆڕش مەلایی» و «ساسان عەبدوڵڵا» لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان توانیان لە سێهەمین ڤستیڤاڵی جیهانیی هونەرە ڕەزمییەکان کە لە جەزیرەی «کیش» لە وڵاتی ئێران بە بەشداریی ٧٠ وڵات بەڕێوەچوو، پلەکانی یەکەم و دووهەمی ئەم ڤستیڤاڵە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

«شۆڕش مەلایی»، خەڵکی ئاوایی نشکۆڵانی شاری سەردەشت لە سێهەمین ڤستیڤاڵی جیهانیی هونەرە ڕەزمییەکان، توانی لە بەکارهێنانی چەکی سارد ئۆڤینام پلەی یەکەم و میداڵی زێڕی جیهان وەدەس بێنێ و هەروەها وەک یەکێک لە باشترین ڕاهێنەرانی ئۆڤینام و وەک ئەندامی ئۆڤینامی ئاسیا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی دەستەی بەڕێوەبەریی ڤستیڤاڵی داهاتوودا بکات.

هەر لەم پێوەندییەدا وەرزشکارێکی دیکەی کورد بە ناوی ساسان عەبدوڵڵا، خەڵکی شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان هەر لە سێهەمین ڤستیڤاڵی جیهانیی هونەرە ڕەزمییەکان دا، توانی پلەی دووهەمی میداڵی زێو لە وەرزشی ئۆڤینام لە ئاستی جیهان دا وەدەس بێنێ.

## لە بەرەبەری ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا

### ناوەندی ٢ی کوردستان هەڵمەتێکی نەمام چاندنی دەست پێکرد




بە مەبەستی پێشوازیی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەر بە ناوەندی ٢ی کوردستان لە هەلمەتێکی ژینگە پارێزی دا، ٣٠٠ نەمامیان چاند.

ڕێکەوتی ٨ی سەرماوز، کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی ٢ی کوردستان بە مەبەستی ڕێز لێنان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بەرەبەری ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزە، ٣٠٠ نەمامیان لە دەوروبەری مقەڕەکانی حیزب و گۆڕستانی شەهیدانی حیزب چاند.

## لە قوتابخانەیەکی شاری پیرانشار ئاوری تێبەربوو



کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ١٥سەرماوەز، پۆلێکی قوتابخانەی کچانی سەرەتایی «شیناوێ»ی سەر بە شاری پیرانشار، بە هۆی ئاگرگرتنی کوورەی نەوتیی کلاسەکەیان، کە ٣٦ قوتابیی کچی تێدا بوون، ئاوری تێ بەربوو.

بەپێی زانیارییەکان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، دەگوترێ بەداخەوە چەند قوتابییەک گیانیان لەدەست داوە و ژمارەیەکیش بە ڕێژەیەکی زۆر جەستەیان سووتاوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەکان کراون.

